بارزان... له ئاستی باڵادا، یادی ئەنفالکردنی 8 هەزار بارزانی دەکرێتەوە



ژمارە (5799) دووشەممە 29ی تەممووز 2019 «16» لاپەڕە «500» دینار



رێبوار ڕەمەزان، بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتیی شەهید و ئەنفالکراوانی بارزان رایگەیاند: ڕۆژی 7/31 کە دەکاتە ڕۆژی چوارشەممە لەسەر گۆڕستانی ئەنفالی بارزانییەکان لە ژێر دروشمی لە جینۆسایدەوە بۆ ئارامی و ژیان، دەست بە کار و چالاکییەکانی خۆمان دەکەین و لەسەر ئاستێکی بەرز یادی ئەو شەهیدانە بەرز ڕادەگیرێت. **(زیاتر لە ل6 بخوێنەوە)**

سەرۆکی فڕاکسیۆنی پارتی:

سەردانەکەی مەسرور بارزانی بۆ بەغدا گرێکوێرەکانی کردەوە

سەرۆکی فڕاکسیۆنی پارتی لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق رایگەیاند، هەردوو حکوومەتی عێراق و کوردستان بەردەوام دەبن لە چارەسەرکردنی کێشەکان. دەشڵێت، هەر ئەندامێکی شاندی عێراق، لەگەڵ شاندی پەیوەندار بە بابەتی دیاریکراو لەگەڵ وەزیری هەرێم کۆدەبێتەوە. **(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)**

حکوومەتی هەرێم داوای گێڕانەوەی مووڵک و ماڵی حکوومەت لە وەزیرەکانی کابینەی پێشوو دەکات

حکوومەتی هەرێمی کوردستان داوا لە سەرجەم وەزیرەکانی کابینەی پێشوو دەکات، مووڵک و ماڵی حکوومەت لە ئوتۆمبێل و خانوبەرە و هەر کەلوپەلێکی دیکەیان لایە و تا ئێستا لە ئەستۆیان ماوە، بیگەڕێننەوە، هاوکات بەشێک لە قسەکانی وەزیری پێشووی کشتوکاڵیش ڕەتدەکاتەوە. **(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)**

ئەندامێکی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق:

حکوومەتی عێراق بودجەی 4 ساڵی هەرێمی کوردستان قەرزارە

خاتوو ئیخلاس سەباح دلێمی ئەندامی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق لە لێدوانێکی تایبەت بە ڕۆژنامەی خەبات لەسەر کێشە دارایی و نەوتییەکانی نێوان حکوومەتی عێراق و حکوومەتی هەرێم قسە دەکات و تەئکید دەکاتەوە کە حکوومەتی عێراق بودجەی 4 ساڵی هەرێمی کوردستان قەرزارە و هەندێک لە ئەندامانی ئەنجوومەنی نوێنەران دەیانەوێ تەنها تێشک بخەنە سەر 250 هەزار بەرمیل نەوت کە هەرێمی کوردستان تەسلیمی بەغدای ناکات و چاو لە داهاتی 4ملیۆن بەرمیل نەوتی هەنارەدەکراوی عێراق بپۆشرێت کە داهاتەکەی نزیکەی 126 ترلیۆن دینارە و کەس نازانێ ئەم پارەیە چی بەسەردێت و هێشتا پرۆژەیەکی ستراتیژی لە سەرتاسەری عێراقدا پێ دروست نەکراوە. **(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)**

ئەندامێکی سەرکردایەتیی پارتی بۆ «خەبات»:

لەگەڵ پێکهاتەکانی کەرکووک دەست بە گفتوگۆ دەکەین

دیاری حوسێن، ئەندامی سەرکردایەتیی پارتی ئاشکرای دەکات لیژنەی هاوبەشی پارتی و یەکێتی لەسەر ئاساییکردنەوەی دۆخی شاری کەرکووک، لەگەڵ پێکهاتەکانی ئەو شارە دەست بە گفتوگۆ دەکەن. **(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)**

خەسرەو گۆران: دەبێ لەبارەی نەوت و ئاساییکردنەوەی دۆخی ناوچەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم لەگەڵ بەغدا ڕێککەوین

خەسرۆ گۆران ڕایدەگەیەنێت: بەم دۆخەوە هەڵبژاردن لە کەرکووک مەترسیدارە و دەبێت لەگەڵ بەغدا لەو بارەیەوە ڕێککەوین. **(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)**

تۆمەتبارانی هێرشەکەی ڕێستۆرانتی هوققەباز لە هەولێر دادگایی دەکرێن



سەرۆکی لقی هەولێری سەندیکای پارێزەرانی کوردستان، پارێزەر ئەیاد کاکەیی ڕێوشوێنە یاساییەکانی پەیوەیست بە پرۆسەی دادگاییکردنی شەش تۆمەتبارەکەی هێرشەکەی 16ی ئەم مانگەی هەولێر ڕوون دەکاتەوە. 16ی ئەم مانگە لە هێرشێکدا لە ڕێستۆرانتی "هوققەباز" لە هەولێر سێ کەس کوژران، کارمەندێکی کۆنسوڵخانەی تورکیا و دوو هاوڵاتی هەرێمی کوردستان. سەرۆکی لقی هەولێری سەندیکای پارێزەرانی کوردستان، پارێزەر ئەیاد کاکەیی لە دیمانەیەکدا چەندین وردەکاریی دادگاییکردنەکە و ڕێوشوێنە یاساییەکان دەخاتەڕوو. **(زیاتر لە ل4 بخوێنەوە)**

عێراق... شکستپێهێنانی گەورەترین پیلانی تیرۆریستی بۆ ساڵی 2019 ئاشکرا کرا

شانەی "الصقور"ی هەواڵگریی عێراقی، شکستپێهێنانی گەورەترین پیلانی تیرۆریستی لە ساڵی 2019 ڕاگەیاند کە هەوڵی بە ئامانجگرتنی عێراق و چەند پارێزگایەکیان داوە. **(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)**



لە هەرێمی کوردستان.. ڕێگەکانی نێوان شارەکان دووساید دەکرێن و هێڵی ئاسنین دادەمەزرێت

دانا عەبدولکەریم وەزیری ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانییدا کە دوێنێ یەکشەممە لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردنی هەولێر بەستی، ئاشکرای کرد کە ئەمڕۆ لەسەر ئاستی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان کۆبوونەوە بۆ دیاریکردنی پلان و پڕۆژە و پێویستییەکانی وەزارەت بەڕێوەدەچێت.
(زیاتر لە ل6 بخوێنەوە)

سیاسییەکانی عێراق پارەکانیان بۆ ئێران دەگوازنەوە

دوای ئەوەی کە ئەمەریکا سزای بەسەر چوار کەسایەتی عێراق سەپاند، سیاسییەکانی عێراق خەریکی گواستنەوەی پارەن بۆ ئێران.
(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)



32 هەزار کەس لە سووریاوە دەگوازرێنەوە پارێزگای نەینەوا

مەحما خەلیل، قایقامی شنگال ڕایگەیاند: لە چەند کاتژمێری داهاتوودا 32 هەزار کەس لە خێوەتگەکانی سووریاوە دەگوازرێنەوە خێوەتگەکانی پارێزگای نەینەوا. **(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)**

کامێراکانی هاتووچۆ هیچ کاریگەرییان لەسەر کەمبوونەوەی سەرپێچییەکان نەبووە

لەگەڵ زیاد بوونی ژمارەی ئوتومبێل لەکوردستان ژمارەی ڕووداوەکانی هاتوچۆش زیادی کردووەو بەپێی قسەی بەرپرسانی پۆلیسی هاتوچۆش هۆکاری سەرەکی شوفێران خۆیانن لەبەر ئەوەی پابەندی ڕێنماییەکانی هاتوچۆ نابن. ئەوەی زۆرتر وەک هۆکاری ڕووداوەکانی هاتوچۆ باسی لێوە دەکرێ خراپی ڕێگاوبانەکانە و چەندین هۆکاری دیکەش هەن بۆ زیادبوونی ڕووداوەکانی هاتوچۆ لەگەڵ ئەوەش ژمارەی سەرپێچییەکانی هاتوچۆش زیادی کردووە. **(زیاتر لە ل7 بخوێنەوە)**



سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی:

سەردانەکەی مەسرور بارزانی بۆ بەغدا گرێکوێرەکانی کردەوە

هەردوو حکوومەتی عێراق و کوردستان بەردەوام دەبن لە چارەسەرکردنی کێشەکان



سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق رایگەیاند، هەردوو حکوومەتی عێراق و کوردستان بەردەوام دەبن لە چارەسەرکردنی کێشەکان. دەشڵێت، هەر ئەندامێکی شاندی عێراق، لەگەڵ شاندی پەیوەندار بە بابەتی دیاریکراو لەگەڵ وەزیری هەرێم کۆدەبێتەوە.

ڕۆژی پێنجشەممەی رابردوو 2019/7/25 لیژنەی بالای هاوبەشی حکوومەتی عێراق و حکوومەتی هەرێمی کوردستان، تایبەت بە چارەسەری کێشەکانی نێوانیان لە سەرپەرشتیی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و جێگری سەرۆکی حکوومەتی عێراق بۆ کاروباری وزە، کۆبوونەوە بە مەبەستی دۆزینەوەی چارەسەرێکی دادپەروەرانە بۆ کێشە هەڵپەسێردراوەکان بەپێی دەستور.

لەمبارەیەوە د. قیان سەبری، سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق، بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتیی ڕاگەیاندووە: سەردانەکەی مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەت بۆ بەغدا لەگەڵ شاندی یاوەری، توانی گرێکوێرەکان بکاتەوە، چونکە بەڕێزیان باسی ئەو کێشانەی کردووە لەگەڵ حکوومەتی عێراق و لە یەکەمین کۆبوونەوەشی ئەوەی ڕاگەیاندووە لە هەوڵی بەهێزکردنی حکوومەت دایە، بە تایبەت چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان هەولێر و بەغدا بە پێی دەستور.

سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق ڕاشیگەیاند، کۆبوونەوەکان لەسەر کێشەکانی دارایی و ئەمنییە، بابەتی دارایی هەموو ئەو کێشانە دەگرێتەوە کە پەیوەستن بە دارایییەوە، ئەوەی پەیوەستە بە بواری ئەمنییەوە، هەموو ئەو بابەتانە دەگرێتەوە کە پەیوەستن بە ئەمنیەتی عێراقەوە، هەتا بە دۆخی کەرکووکیشەوە، لەو شاندەشدا بە ڕوونی دیارە کە حکوومەتی عێراق لە هەوڵی چارەسەری کێشەکان دایە.

ناوبراو ڕوونیشی کردەوە، هەر ئەندامێکی شاندەکە لەگەڵ شاندی پەیوەست بە بابەتی دیاریکراو لەگەڵ وەزیری هەرێم کۆدەبێتەوە، واتا وەزیری دارایی هەرێم لەگەڵ وەزیری دارایی عێراق کۆدەبێتەوە، هەروەها شاندی نێوان هەردوو حکوومەت، بە بەردەوامی سەردانی هەولێر و بەغدا دەکەن تاوەکو چارەسەری کۆتایی کێشەکان بکەن.

سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق پێیشی وایە، ئەو کێشانە بە شەو و ڕۆژێک نایەنە چارەسەرکردن، هەردووڵاش حەز بە چارەکردنی کێشەکانیان دەکەن، ئەو کێشانەش بە کۆبوونەوە و دانیشتن دێنە چارەسەرکردن، چونکە عادل عەبدولمەهدی حەز بە چارەسەرکردنی کێشەکان دەکات.

حکوومەتی هەرێم داوای گێڕانەوەی مووڵک و ماڵی حکوومەت لە وەزیرەکانی کابینەی پێشوو دەکات

حکوومەت پێداچوونەوە بە سەرجەم بەخشینەکان دەکات



حکوومەتی هەرێمی کوردستان داوا لە سەرجەم وەزیرەکانی کابینەی پێشوو دەکات، مووڵک و ماڵی حکوومەت لە ئوتۆمبێل و خانوبەرە و هەر کەلوپەلێکی دیکەیان تا ئێستا لە ئەستۆ ماوە بیگەڕێننەوە بۆ حکوومەت. ئەمەش دەقی ڕوونکردنەوەکەیە:

ڕوونکردنەوەیەک لە گوتەبێژی حکوومەتی هەرێمی کوردستانەوە

سەبارەت بە لێدوانەکانی بەڕێز عەبدولسەتار مەجید وەزیری پێشووی کشتوکاڵ، کە لە دەست داعش ڕزگاریان بووە، پاش ئەوەی لە ڕووداوەکانی ڕۆژی 2014/8/3 داعەش دەستگیریی کردبوون. قایمقامی شنگال هۆشداریی دەداتە حکوومەتی عێراق و دەڵێت: هێنانە ناوەوەی ئەو هەموو خەڵکە بۆ عێراق وەک بۆمبی چێنراو وایە و پڕن لە هزری داعشی و تەکفیریی، لەو ڕێگەیەشەوە دەتوانن هزری گەنجان ژەهراوی بکەن و شوێنەواری خراپ لەسەر کۆمەڵگا جێبهێڵن لە داهاتوودا.

مەحما خەلیل داوا لە عەلی سیستانی، مەرجەعی باڵای ئایینی شیعەکان و هێز و لایەنە سیاسییەکان و حکوومەتی هەرێمی کوردستان و حکوومەتی عێراق دەکات، هێنانی ئەو خەڵکە زۆرە بۆ پارێزگای نەینەوا ڕەتبکەنەوە و ڕێگە نەدەن لەسەر حیسابی بەرژەوەندییەکانی وڵات ئەوانە بهێنرێنە ناو عێراقەوە.

کە لە هەندێک دەزگای ڕاگەیاندندا سەبارەت بە بەخشین و دیاری بۆ وەزیرەکان لێدوانی داوە، ئێمە لە حکوومەتی هەرێم ڕایدەگەینین کە هیچ شتێک بە ناوی دیاری نەبووە و نییە، تەنیا بەخشین هەبووە.

حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە کاتێکدا پێداچوونەوە بە سەرجەم بەخشینەکان دەکات، داواش لە سەرجەم وەزیرە بەڕێزەکانی کابینەی پێشوو دەکات مووڵک و ماڵی حکوومەت لە ئۆتۆمبێل وخانووبەرە و هەر کەلوپەلێکی دیکە بگەڕێننەوە، کە تاکو ئێستا لە ئەستۆیاندا ماوە.

جوێبار عادل
گوتەبێژی حکوومەتی هەرێمی کوردستان

ئاگادارییەک لە دژە تیرۆری کوردستانەوە



دژە تیرۆری کوردستان لە ئاگادارییەکدا داوا لە هاوواڵتیان دەکات هەر کەسێک زانیاری هەیە لەسەر تۆمەتبار (سیاکۆ باقی عەبدولکەریم) کە لەلایەن دەزگا ئەمنییەکانی هەرێمی کوردستانەوە داواکراوە و تۆمەتبارە بە بەشداریکردنی لەکردەوە تیرۆریستییەکەی ڕۆژی 17ی تەموزی شاری هەولێر، بەزووترین کات پەیوەندی بە دەزگا ئەمنییەکانەوە بکات.

ئەمەش دەقی ئاگادارییەکەی دژە تیرۆری کوردستانە:

تۆمەتبار (سیاکۆ باقی عەبدولکەریم) لەلایەن دەزگا ئەمنییەکانی هەرێمی کوردستانەوە داواکراوە، ناوبراو تۆمەتبارە بە بەشداری کردنی لەکردەوە تیرۆریستییەکەی ڕۆژی 17ی تەموزی شاری هەولێر، کە تێیدا کارمەندێکی کونسوڵخانەی تورکیا لە هەولێر و دوو هاونیشتمانی گیانیان لەدەستدا. داوا لە هاونیشتمانیانی خۆشەویست دەکەین، هەرکەسێک زانیاری لەسەر ناوبراو هەیە بەزووترین کات پەیوەندی بە دەزگا ئەمنییەکانەوە بکات. هاوکاریکردنتان، هاوکاریکردنی پاراستنی ئارامیی و ئاسایشی هەرێمی کوردستانە.

ئیخلاس دلێمی بۆ «خەبات»:

حکوومەتی عێراق بودجەی 4 ساڵی هەرێمی کوردستان قەرزارە

کەرکووک پارێزگایەکی عێراقە بە ناسنامەیەکی کوردستانی

حکوومەتی هەرێم جدیە لەچارەسەرکردنی کێشەی یاسای نەوت و گاز لە عێراق



خەبات/ مەریوان نەقشبەندی

خاتوو ئیخلاس سەباح دلێمی ئەندامی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق لە لێدوانێکی تایبەت بە ڕۆژنامەی خەبات لەسەر کێشە دارایی و نەوتییەکانی نێوان حکوومەتی عێراق و حکوومەتی هەرێم قسە دەکات و تەئکید دەکاتەوە کە حکوومەتی عێراق بودجەی 4 ساڵی هەرێمی کوردستان قەرزارە و هەندێک لە ئەندامانی ئەنجوومەنی نوێنەران دەیانەوێ تەنها تیشک بخەنە سەر 250 هەزار بەرمیل نەوت کە هەرێمی کوردستان تەسلیمی بەغدای ناکات و چاو لە داهاتی 4 ملیۆن بەرمیل نەوتی هەنارەدەکراوی عێراق بپۆشرێت کە داهاتەکەی نزیکەی 126 ترلیۆن دینارە و کەس نازانێ ئەم پارەیە چی بەسەردێت و هێشتا پرۆژەیەکی ستراتیژی لە سەرتاسەری عێراقدا پێ دروست نەکراوە.

لەدرێژەی لێدوانەکەیدا بۆ ڕۆژنامەی خەبات خاتوو ئیخلاس دلێمی دەڵێت: ئەو تیشک خستنەسەر 250 هەزار بەرمیل نەوتەی کە لەیاسای موازەنەی عێراق جێگیر کراوە لەلایەن هەندێک لایەن و کەسایەتی سیاسی و پەرلەمانی عێراقی بۆ پەردەپۆشکردنی گەندەڵی گەورەی دامەزراوەکانی حکوومەتی عێراقە و دەیانەوێ بەڕێز عادل عەبدولمەهدی بەم کێشەیەی هەرێمی کوردستانەوە سەرقاڵ بکەن، بۆیە پێموایە کێشەی نێوان هەولێر و بەغدا بەدانانی یاسای نەوت و گاز لەعێراق چارەسەر دەبێت و حکوومەتی هەرێمیش جدیە لەچارەسەرکردنی ئەم کێشەیە.

لەبارەی کەرکووکیشەوە خاتوو ئیخلاس دلێمی ئەندامی ئەنجوومەنی نوێنەران لەلیژنەی دارایی تەئکیدی کردەوە کە کەرکووک پارێزگایەکی عێراقە بە ناسنامەیەکی کوردستانی و سەرۆک بارزانی چەندین جار ئەمەی دووبارە کردۆتەوە و دەبێ هەمووان ئەم حەقیقەتە بزانن. گوتیشی: هەموو دنیا دەزانێت کە زۆرینەی دانیشتوانی کەرکووک کوردن و دەبێ ڕۆژێک هەموان دان بەم ڕاستیە بنێن و مادەی 140ی دەستووری عێراقیش دەبێ جێبەجێ بکرێت.

32 هەزار کەس لە سووریاوە دەگوازرێنەوە پارێزگای نەینەوا

قایمقامی شنگال لەبارەی جێگیرکردنی ئەو کەسانە هۆشداریی دەداتە حکوومەتی عێراق

مەحما خەلیل، قایمقامی شنگال ڕایگەیاند: لە چەند کاتژمێری داهاتوودا 32 هەزار کەس لە خێوەتگەکانی سووریاوە دەگوازرێنەوە خێوەتگەکانی پارێزگای نەینەوا.

بەگوێرەی کوردستان 24 ئەو کەسانە لە ڕێگەی دەروازەی سنووریی ڕەبیعەوە دەگوازرێنەوە خێوەتگەکانی حەمام عەلیل و جدعە لە باشووری نەینەوا، بەشێکیان ئەو ژن و منداڵە ئێزدییانەن کە لە ساڵی 2014ەوە لە لایەن داعشەوە ڕفێنراون و ماوەیەکی زۆر بەدیل گیراون.

عێراق... تەقینەوەیەک لە پارێزگای کەربەلا کۆژراوێک و سێ بریندار لێکەوتەوە



لە ئاکامی تەقینەوەیەک کە پاسێکی نەفەرهەڵگری لەکاتی گەیشتنی بە پارێزگای کەربەلا باشووری عێراق کردە ئامانج، کەسێک کوژرا و سێ کەسی دیکە بریندارببوون کە یەکیان ئەفسەرە.

سەرچاوەیەک لە ڕێگەی تەلەفزنەوە بە ئاژانسی ئانادۆڵوی ڕاگەیاندووە: تەقینەوەیەک لەناو پاسێکدا لەکاتی گەیشتنی بە پارێزگای کەربەلا باشووری عێراق ڕوویدا و بەهۆیەوە یەکێک لە سەرنشینانی پاسەکە کوژرا و سێی دیکە بریندارببوون کە یەکیان ئەفسەرە بە پلەی نەقیب. سەرچاوەکە ڕاشیگەیاند، زانیاری دژ بەیەک لەبارەی تەقینەوەکە و هۆکارەکانی هەن.

فەرماندەیی ئۆپەراسیۆنەکانی فوراتی ناوەڕاستی سەر بە سوپای عێراقیش ڕووداوەکەی پشتڕاست کردەوە و لە بەیاننامەیەکدا ڕایگەیاند کە تەقینەوەکە لەوکاتەدا ڕوویداوە کە پاسەکە لە خاڵێکی پشکنیندا وەستاوە.

فەرماندەیی ئۆپەراسیۆنەکانی فوراتی ناوەڕاست لە بەیاننامەکەدا ڕوونی کردووەتەوە کە پاسەکە تەنها چوار کەسی تیادابووە و ئاماژەی بەوەشکردووە کە تاوەکو ئێستا هۆکاری تەقینەوەکە نەزانراوە.

ئەندامێکی سەرکردایەتیی پارتی بۆ «خەبات»:

لەگەڵ پێکهاتەکانی کەرکووک دەست بە گفتوگۆ دەکەین



خەسرەو گۆران: دەبێ لەبارەی نەوت و ئاساییکردنەوەی دۆخی ناوچەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم لەگەڵ بەغدا ڕێککەوین



خەسرۆ گۆران رایدەگەیەنێت: بەم دۆخەوە هەڵنابژاردن لە کەرکووک مەترسیدارە و دەبێت لەگەڵ بەغدا لەو بارەیەوە ڕێککەوین.

خەسرەو گۆران ئەندامی سەرکردایەتیی پارتی دیموکراتی کوردستان بە مالپەڕی پارتی راگەیاندووە کە دەبێت بپرسین کورد سەبارەت بە هەڵنابژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکانی عێراق چ هەنگاوێک دەنێت؟ دەبێت سەبارەت بە کەرکووک و ئەو تێبینیانەی هەن بە پراکتیکی لەگەڵ بەغدا گفتوگۆ بکەن و لە درا لە کەرکووک نەکرێت ئەوکاتە کورد دەبێت خۆی ڕێکبخاتەوە، ئەگەرنا بەم دۆخەوە هەڵنابژاردن لە کەرکووک مەترسییە، چونکە کورد حزووری بەهێزی نییە لەو ناوچانە و دەسەلاتی پێش 16ی ئۆکتۆبەری نییە و زۆر ئاوارەی لە شارەکانی دیکە هەیە. خەسرەو گۆران ڕایشیگەیاندووە: سەردانی سەرۆک بارزانی بۆ بەغدا دەرگای نوێی لە نێوان هەولێر و بەغدا کردەوە، ئەوەی گرنگە لەگەڵ بەغدا یەکلایی بکەنەوە و گفتوگۆی لەسەر بکەین دوو خاڵە یەکەم، پرسی نەوت و پشکی هەرێم لە عێراقدا یەکێکە لە ئەرکەکانی سەرشانی حکوومەت و وەزارەتی دارایی و نەوت کە لەگەڵ بەغدا یەکلایی بکەنەوە. خاڵی دووەمیش ئاساییکردنەوەی دۆخی ناوچە دابڕێنراوەکانە.

ئا/کارزان هەورامی

دیاری حوسێن، ئەندامی سەرکردایەتیی پارتی ئاشکرای دەکات لیژنەی هاوبەشی پارتی و یەکێتی لەسەر ئاساییکردنەوەی دۆخی شاری کەرکووک، لەگەڵ پێکهاتەکانی ئەو شارە دەست بە گفتوگۆ دەکەن. دیاری حوسێن ئەندامی سەرکردایەتیی پارتی و جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی کەرکووک گەرمیانی پارتی دیموکراتی کوردستان بە خەباتی ڕاگەیاند: لە نێوان هەولێر و بەغدا لەسەر ئاساییکردنەوەی دۆخی شاری کەرکووک و دانانی پارێزگار، گفتوگۆ دەستی پێ کردووە و پێوستی بە ڕێککەوتن لە نێوان هەولێر و بەغدا هەیە. لەبارەی گفتوگۆی لیژنەی هاوبەشی پارتی و یەکێتی گوتی: بڕیارە لیژنەکە بۆ گەیشتنە ڕێککەوتن لەسەر هەڵبژاردنی پارێزگار و ئاساییکردنەوەی دۆخی ئەو شارە، لەگەڵ پێکهاتەکانی کەرکووک گفتوگۆ بکات. پێشتر مەکتەبی سیاسیی پارتی و یەکێتی ڕێککەوتن لیژنەیەکی هاوبەش پێک بهێنن بۆ گفتوگۆکردن لەگەڵ پێکهاتەکان و دواتر لەگەڵ بەغدا بۆ ئاساییکردنەوەی دۆخی شاری کەرکووک و هەڵبژاردنی پارێزگاری کەرکووک. ئەمە لە کاتێکدایە کە بەشێک لە پێکهاتەکان دژی ڕێککەوتنی پارتی و یەکێتی ڕێککەوتن.

بەڕێوەبەری پارتی بۆ «خەبات»:

گەڕانەوەی پێشمەرگە زامنی پاراستنی ناوچە کوردستانییەکانە

بەڕێوەبەری پارتی ڕایدەگەیەنێت کە تەنیا پێشمەرگە زامنی پاراستنی ناوچە کوردستانییەکانی دیالەیە و ئەوە لە کاتێکدایە ئەندامێکی لیژنەی ئاسایش و بەرگری پەرلەمانی عێراق دانی بەوەدا ناوە کە 100 چەکداری داعش لە سەلاحەدینەوە دزەیان کردووەتە ناوچە کوردستانییەکانی سنووری دیالە. عامر ڕەفعەت، بەرپرسی لیژنەی ناوچەی جەلەولای پارتی دیموکراتی کوردستان، بە خەباتی ڕاگەیاند: لە پاش ڕووداوەکانی 16ی ئۆکتۆبەری ساڵی 2017 وە تا ئێستا دۆخی ئەمنی ناوچە کوردستانییەکانی دیالە ناجێگیرە و چەکدارانی داعش سوودیان لەو بۆشاییە ئەمنییە وەرگرتووە.

گوتیشی: پێشمەرگە وەک تاقە هێزی داکۆکیکاری ناوچەکە توانای پاراستنی ناوچە کوردستانییەکانی هەیە و بۆ ئەوەش خەڵکی ئەو ناوچانە چاوەڕێی گەڕانەوەی پێشمەرگەن، ئەوەش ڕێککەوتنی نێوان حکوومەتی هەرێمی کوردستان و بەغدای دەوێت.

لێدوانی ئەو بەرپرسەی پارتی لە کاتێکدایە کە ڕۆژی 27ی تەمموزی2019 ئەندامێکی لیژنەی ئاسایش و بەرگری لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق، لە لێدوانێکدا ئاماژەی بۆ ئەوە کردبوو 100 چەکداری داعش لە پارێزگای سەلاحەدینەوە هاتوونەتە ناوچە جیاوازەکانی پارێزگای دیالە، بەتایبەت ناوچەکانی دەشتی "نەدا لە سنووری مەندەلی و حەمرین و ناوچەی شێخ باوە"ی نێوان کەلار و جەلەولا و خەفایر لیە ناوچەی ئیماموەیسی سنووری خانەقین و ئەو ناوچانە پاش خیانەتی 16ی ئۆکتۆبەری 2017داگیر کراون.

شەرقولئەوسەت: سیاسییەکانی عێراق پارەکانیان بۆ ئێران دەگوازنەوە

لە داهاتوویەکی نزیکدا دەیان بەرپرسی دیکە دەخرێنە لیستی ڕەشی وەزارەتی گەنجینەی ئەمەریکاوە

دوای ئەوەی کە ئەمەریکا سزای بەسەر چوار کەسایەتی عێراق سەپاند، سیاسییەکانی عێراق خەریکی گواستنەوەی پارەن بۆ ئێران.

سیاسییەکانی عێراق خەریکی گواستنەوەی پارە و سامانەکانیان لە ناوچە جیا جیاکانی عێراقەوە بۆ ئێران، ئەمەش دوای ئەوەی کە ئەمەریکا سزای بەسەر چوار کەسایەتی عێراق سەپاند و زانیارییەکانیش دووپات لەوە دەکەنەوە، کە دەیان بەرپرس و سیاسی تری عێراقیش لە داهاتوویەکی نزیک دەخرێنە لیستی ڕەشی وەزارەتی گەنجینەی ئەمەریکاوە.

سەرچاوەیەک بە ڕۆژنامەی شەرق ئەوسەتی ڕاگەیاندووە، کە دوای سەپاندنی سزا لەلایەن ئەمەریکا و دواتریش بانکی ناوەندی عێراقەوە بەسەر ئەو چوارکەسەی لە عێراق ناویان دەهێنرێت، بەشی زۆری سیاسی و بەرپرسانی عێراق کە نزیکن لە ئێرانەوە ترسی زۆریان لێ نیشتووە و دەستیان بە دەرهێنانی پارەکانیان لە بانکەکانی عێراق کردووە و دەیانەوێ پارە و سامانەکانیان لە بلۆککردن بپارێزن و بۆ ئێران بیگوازنەوە.

بە گوێرەی ئەو زانیارییانەی دەست ڕۆژنامەی شەرق ئەوسەت کەوتووە، هەنگاوەکەی ئەمەریکا تەنیا بە بلۆککردنی پارە و سزادانی ئەو چوار کەسە کۆتایی نایەت، بەڵکو دەرێژە و بەردەوامی دەبێ و زیاتر لە حەفتا شەش بەرپرس و کەسایەتی تری عێراق دەخرێنە لیستی ڕەشی وەزارەتی گەنجینەی ئەمەریکاوە.

زیاتر لە 200 تیرۆریست لە مووسڵ و بەغدا دەستگیر کران

شکستپێهێنانی گەورەترین پیلانی تیرۆریستی بۆ ساڵی 2019 ئاشکرا کرا


هەماهەنگی لەگەڵ دەزگا ئەمنییەکانی هەرێمی کوردستانیش کراوە

شانەی "الصقور"ی هەواڵگریی عێراقی، شکستپێهێنانی گەورەترین پیلانی تیرۆریستی لە ساڵی 2019 ڕاگەیاند کە هەوڵی بە ئامانجگرتنی عێراق و چەند پارێزگایەکیان داوە.

ئەبوعەلی بەسڕی، سەرۆکی شانەکە بە ڕۆژنامەی ئەلسەباحی فەرمیی عێراقی ڕاگەیاندووە، شانەی ئەلسقور بە هەماهەنگی لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتیی هەواڵگریی ناوخۆیی لە پارێزگاکان، توانیویەتی پیلانەکە ئاشکرا بکات و لە ڕێگەی هێرشی ئاسمانی و زەمینییەوە ڕووبەڕووی پیلانگێڕەکان ببێتەوە.

بە گوتەی ناوبراو، لەو ئۆپەراسیۆنانەدا دەوروبەری 160 تیرۆریست لە نەینەوا و زیاتر لە 40 تیرۆریست لە بەغدا دەستگیر بکرێن، 4 تیرۆریستیش لە بەسڕە گیراون کە ئامادەکرابوون بۆ کردەوەی خۆکوژی بە پشتێنە و ئۆتۆمبێلی بۆمبڕێژکراوەوە لە بەغدا و هەولێر و بەسڕە و پارێزگا ئازادکراوەکانی دەست داعش.

بە گوتەی بەسڕی، لە ئاشکراکردنی ئەم تیرۆریستانەدا هەماهەنگییان لەگەڵ دەزگا ئەمنییەکانی هەرێمی کوردستان کردووە، لە ڕێگەی ئۆپەراسیۆنێکەوە کە بەهۆیەوە دوو کەس گیراون کە تۆمەتبارن بە پیلانێکی تیرۆریستی لە مانگی ڕەمەزانی ڕابردوو.



ڕووسیا... 300 خۆپیشاندەر دەستگیرکران

لە مۆسکۆی پایتەخت دوای ئەوەی تۆمارکردنی ناوی کاندیدی سەربەخۆ بۆ هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی شارەکە ڕەتکرایەوە، خۆپیشاندانێکی بێ مۆڵەت بەڕێوەچوو، 300 کەسیش دەستگیرکران. وەزارەتی ناوخۆی ڕووسیا ڕاگەیەندراوێکی بڵاوکردۆتەوە و تیایدا ئاماژەی بەوەداوە کە نزیکەی سێ هەزار و 500 کەس خۆپیشاندانێکی بێ مۆڵەتیان ئەنجامداوە. لەو ڕاگەیەندراوەدا ئاماژە بەوە کراوە کە 300 خۆپیشاندەر دەستگیرکراون. بەپێی هەواڵی میدیاکانی ڕووسیا پارێزەری "سندوقی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی" لیبۆڤ سۆبۆل کە لە لایەن چالاکوانی سیاسی ئۆپۆزسیۆنی ڕووسی ئەلێکسی ناڤالنیەوە دامەزراوە، یولیڤا گالیامینا، ئیڤان جدانۆڤ و دمیتری گودکۆڤ لەنێو بەندکراوەکاندان. ئەلێکسی ناڤالنی ئۆپۆزسیۆنی ئیدارەی کرملێن پێشتر بەپاساوی دووبارە پێشێلکردنی یاساکانی خۆپیشاندان بە زیندانیکردنی بۆ ماوەی 30 ڕۆژ سزا درابوو.

بە هۆی تۆمارنەکردنی کاندیدی سەربەخۆ لە هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی شاری مۆسکۆدا، هەفتەی ڕابردوو خۆپیشاندانی مۆڵەتدار ئەنجامدرا و ئەلێکسی ناڤالنی بەڵێنی دا کە لە بەردەم شارەوانی مۆسکۆدا خەڵک بۆ خۆپیشاندان کۆدەکاتەوە.

www.xebat.net
دووشەممە 2019/7/29 ژمارە (5799)
خەبات

سەرۆکی لقی هەولێری سەندیکای پارێزەرانی کوردستان، پارێزەر ئەیاد کاکەیی:

دادگاییکردنی تۆمەتبارانی هێرشەکەی ڕێستۆرانتی هوققەباز لە هەولێر دەبێت

تۆمەتبارانی هێرشەکە بەپێی یاسای ژمارە 3ی بەرنگاربوونەوەی تیرۆر دادگایی دەکرێن

یاسای سزادانان و یاسای تیرۆر جیاوازیی لە نێوان ئەنجامدەری سەرەکیی تاوانەکە و هاوکارانی ناکات



سەرۆکی لقی هەولێری سەندیکای پارێزەرانی کوردستان، پارێزەر ئەیاد کاکەیی ڕێوشوێنە یاساییەکانی پەیوەیست بە پرۆسەی دادگاییکردنی شەش تۆمەتبارەکەی هێرشەکەی 16ی ئەم مانگەی هەولێر ڕوون دەکاتەوە. 16ی ئەم مانگە لە هێرشێکدا لە ڕێستۆرانتی "هوققەباز" لە هەولێر سێ کەس کوژران، کارمەندێکی کۆنسولخانەی تورکیا و دوو هاوواڵتی هەرێمی کوردستان، 20ی مانگ ئایش ڕایگەیاند کە چەند کەسێکیان دەستگیرکردووە لەنێویاندا کەسێک بەناوی"مەزلوم داغ" تەمەن 27 ساڵ. ئێستا لە دوای بڵاوکردنەوەی دانپێدانانەکانی شەش تۆمەتباری ئەو کردەیە کە بریتی بوو لە کوشتن لە ڕێگەی دەمانچەی بێدەنگ و بەکارهێنانی ئۆتۆمبیلی ژمارە ساختە، باس لە ڕێوشوێنە یاساییەکانی دادگاییکردنی ئەو تۆمەتبارانە دەکرێت. سەرۆکی لقی هەولێری سەندیکای پارێزەرانی کوردستان، پارێزەر ئەیاد کاکەیی لە دیمانەیەکدا لەگەڵ ئاژانسی ئانادۆلو چەندین وردەکاریی دادگاییکردنەکە و ڕێوشوێنە یاساییەکان دەخاتەڕوو.

ئەیاد کاکەیی لەبارەی ئەوەی کە ئەو کەسانە بەپێی چ یاسایەک دادگایی دەکرێن دەڵێت: ئەوەی لە دانپێدانانی تۆمەتباران دەردەکەوێت و ئاشکرابوو کە چەند ڕۆژێک لەمەوبەر لە لایەن ئایشەوە بڵاوکرایەوە ئەوەیە ئەو کردەیەی لە هەولێر لە ڕێستۆرانتی هوققەباز ڕوویدا دەچێتە خانەی تیرۆرەوە، هەرچەندە ئەمە تایبەتمەندی دیاریکردنی ئەو ماددە و بڕگانەی پێی دادگایی دەکرێن لە تایبەتمەندیی دادگەی لێکۆڵینەوە و داوەری لێکۆڵینەوەیە، بەڵام بەپێی یاسای تیرۆری هەرێمی کوردستان کە ئەم کردەیە دەیگرێتەوە زۆر بەڕوونی ئاماژەی بۆ دەکات ئەویش ئەوەیە کوشتنی ئەندامانی کۆنسولخانە و باڵیۆزخانەکانی وڵاتانی بیانی بەپێی بڕگەی پێنجی ماددەی دووی یاساکە دەچێتە قاڵبی تیرۆرەوە. بەداخەوە ئێمە ڕوودانی ئەم کردەیەمان پێناخۆش بوو بەتایبەت لە پایتەختی هەرێمی کوردستان بەتایبەت هەولێر کە بە پایتەختی گەشتیاری دانراوە، ئەو کردە تیرۆریستییانەی لێرە ئەنجامدەرێن کاریگەریی لەسەر بواری گەشتیاری بەگشتی و لەسەر ئەو پەیوەندییەی لە نێوان هەرێمی کوردستان و تورکیا بەتایبەت لە ترانزیت و هاتوچۆی خەڵکی کە بەپلەی یەکەم خەڵک زەرەرمەند دەبێت. بۆیە برگەی پێنج لە ماددەی دووی یاسای تیرۆری هەرێمی کوردستان زۆر ڕوونە لەوەی ئەم کردەیەی ئەنجامدراوە تیرۆرە و ئەم یاسایە بەسەر ئەو کەسانەدا کە تۆمەتبارن جێبەجێ دەکرێت نەوەک یاسای سزادانی عێراقی.

ئەیاد کاکەیی ڕاشیگەیاندووە: ئەوەی ئایش کردووەیەتی جێی دەستخۆشییە، گرتنی تۆمەتبارەکان گرنگە بۆ ئەوەی خەڵک ڕاستی ئەو ڕووداوە بزانێت و بۆی ڕوونبێتەوە ئەو تاوانە چۆن و بەچی شێوازێک ئەنجامدراوە، دیارە ئەوەی ڕووپداوە پلانێک بووە و بەرنامەدارێژ بووە بەپێی قسەی تۆمەتباران و دانپێدانانەکانیان، ئەوەیشی ئایش دەیڵێت دیارە بڕیاری دادوەری لێکۆڵینەوەیە کە بڕیاری داوە ئەو تۆمەتبارانە بەپێی یاسای تیرۆر لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ بەردەوام دەبێت تا ڕەوانەکردنی دۆسیەکە بۆ دادگەی تایبەتمەند کە دادگەی تاوانەکانی هەولێرە بەحوکمی ئەوەی تاوانەکە لە هەولێر ڕوویداوە.

کاکەیی دەشڵێت: خۆی یاسای تیرۆری هەرێمی کوردستان ئاشکرایە کە کوشتنی ئەو کەسانەی لە ڕێستۆرانتەکەی هەولێر کوژران بەرنامە بۆ دارێژراوە، دانپێدانانەکانیش ئەوەی پشتڕاستکردەوە، ئەوی دیکەشیان ئێمە لە یاسای سزادانی عێراق ماددەکانی 47 و 48 و 49مان هەیە کە زۆر بەڕوونی باس لەوە دەکات، چونکە لە یاسای تیرۆر و چی یاسای سزادانی عێراق جیاوازی ناکات لەوەی بکەری سەرەکییە لەگەڵ ئەوەی هاوکارییەتی، چونکە لە ئەنجامی ئەم پلانە کوشتنی کەسانێک هەن یان ئەنجامدانی تاوانێکە بۆیە ئەوەی هاوبەشە لە تاوانەکە هەمان سزای بکەر و تۆمەتباری سەرەکیی هەیە، بۆیە هەموان هەمان سزایان هەیە، هەرچەندە ئەمە دواتر یەکلایی دەبێتەوە، بەڵوونە ئەو کەسەی بکەری سەرەکییە و تاوانەکە ئەنجام دەدات شوێندا وەکو تیرۆر نەوەستاوە، واتە بۆ هەندێک تاوان سزای لەسێدارەدان وەستێنراوە، بەڵام بۆ هەندێک تاوان هێشتا جێبەجێ دەکرێت.



ئەیاد کاکەیی ڕوونیشی دەکاتەوە: لەبەر ئەوەی تاوانەکە لە هەولێر ئەنجامدراوە بێ گومان دادگاییەکە لە هەولێر دەبێت، بەڵام سەبارەت بە ڕادەستکردنەوەی تۆمەتباران بۆ وڵاتی خۆیان ئەمە شتێکە پەیوەندیی نێوان هەرێم و تورکیاوە، ئیدی ئایا لە ڕێگەی وەزارەتی دەرەوە یان نوێنەرایەتییان لە هەرێمی کوردستان ئەو داوایە دەکرێت یان نا؟ ئەوکات ئەوە وەزارەتی داد لە ڕێگەی ئەنجوومەنی داوەرییەوە ڕێککارە یاساییەکان بەپێی یاسای "اصول المحاکمات الجزائیە"یەوە دەبێت کە ئەویان باس لە ڕەوانەکردنەوەی تۆمەتبار دەکات کە بەڕای من ئەوە قۆناغی دووەمە، چونکە لێرە ئەوەی گرنگە دادگاییکردنەکەیە، چونکە بەتەنها کارمەندێکی کۆنسولخانەی تورکیا نەکوژراوە، بەڵکو دوو هاووڵاتیی هەرێمی کوردستانیش گیانیان لەدەستداوە، کەواتە لە قۆناغی لێکۆڵینەوە هیچ تۆمەتبارێک ڕەوانەی هیچ وڵاتێک ناکرێتەوە، بەڵکو ئەوانە دادگایی دەکرێن و بەپێی یاساکانی عێراقی و یاسای تیرۆر، بەڵام ئەگەر تورکیا داوا بکات ئەوا بەپێی ماددەی 357 تاوەکو ماددەی 361 لە یاسای"اصول المحاکمات الجزائیە" باسی لە ڕێککارە یاساییەکان کردووە لە نێوان دوو وڵات کە چۆن مامەڵە لەگەڵ تاوانبارێک دەکرێت و ڕادەستدەکرێت و دادگەی تایبەتمەند کە دادگەی تاوانە بڕیاری لێدەدات کە ئەو کەسە ڕادەستکرێتەوە یان نا، بۆیە تورکیا لەماوەی ڕابردوو چەندین کەسی دیکەی داواکردووە و داواکردنەوەکەی لە ڕێگەی ئەنجوومەنی داوەرییەوە بووە و پارێزەری تۆمەتبارەکەش ئامادەدەبێت و ئەو کاتە کە ئەو وڵاتە داوای دەکات بەتایبەت کە تاوانەکە لە تورکیا ئەنجامدراوە ئەوا ئەو دادگەی تاوانە کە دادگەی تایبەتمەندە یەکلایی دەکاتەوە و هیچ بڕیارێک بۆ تانە لێدان لە بڕیاری ئەو دادگەیە بە ناردنەوە یان نەناردنەوە نییە.

عێراق گەورەترین بنکەی تایبەت بە هێزی دەریایی لە پارێزگای بەسرە بنیات دەنێت

وەزارەتی بەرگریی عێراق ڕایگەیاند کە گەورەترین بنکەی تایبەت بە هێزی دەریایی لە پارێزگای بەسرە بنیات دەنێت. وەزارەتی بەرگریی عێراق ڕاگەیەندراوێکی بڵاوکردەوە و تیایدا ئاماژەی بەوەداوە کە وەزیری بەرگریی، نەجاح شممەری بە یاوەری وەزیری گواستنەوە، عەبدوڵلا لعێبی و سەرۆکی لێژنەی ئاسایش و بەرگریی لە ئەنجومەنی نوێنەران، محەمەد ڕەزا و یاریدەدەری سەرۆک ئەرکانی سوپا، فەریق ڕوکن عەبدولئەمیر ڕەشید یارەڵلا لەگەڵ ژمارەیەک لە گەورە ئەفسەرانی وەزارەتی بەرگریی سەردانی پارێزگای بەسرە کردووە. بەپێی ڕاگەیەندراوە لە میانی سەردانەکەدا شانەکە لەگەڵ فەرماندەی ئۆپەڕاسیۆنەکانی بەسرە، فەریق ڕوکن قاسم نزال و فەرماندەی هێزی دەریاوانیی، فەریق ڕومن ئەحمەد جاسم مەعارج کۆبوونەوە. لە ڕاگەیەندراوەکەدا ئەوە خراوەتەڕوو کە لە کۆبوونەوەکەدا، وەزیری بەرگریی عێراق، نەجاح شممەری گوتی: گرنگی زیاتر بە دامەزراوە سەربازییەکانی سوپا دەدەین و بۆ ئەو مەبەستەش گەورەترین بنکە تایبەت بە هێزی دەریایی لە بەسرە بنیات دەنرێت. وەزیری بەرگریی عێراق، هیچ وردەکاری و زانیارییەکی سەبارەت بە بیناتانی بنکەکە نەخستەڕوو.



ڕێوڕەسمی بەخاکسپاردنی سەرۆکی کۆچکردووی تونس باجی قائد السبسی بەڕێوەچوو

ئامادەکاری بۆ لێسەندنەوەی پارێزبەندی لە 30 پەرلەمانتاری عێراق دەکرێت

لە پەرلەمانی عێراق ئامادەکاری بۆ لێسەندنەوەی پارێزبەندیی یاسایی لە 30 پەرلەمانتار دەکرێت. محەمەد ئەلغزی، جێگری سەرۆکی لیژنەی یاسایی پەرلەمان بە رۆژنامەی ئەلسەباحی فەرمیی عێراقی راگەیاندووە، زیاتر لە 30پەرلەمانتار سکالایان لە دادگا لەسەرە و پێویستە لە دادگا بەرگریی لەخۆیان بکەن. ئەو پەرلەمانتارانە، کە لە کوتلە جیاوازەکانن، تۆمەتی جنێودان، تەشهیر و گەندەڵییان دراوەتە پاڵ و پەرلەمانی عێراقیش ئامادەکاریی دەکا بۆ لێسەندنەوەی پارێزبەندیی یاسایی لێیان بە مەبەستی دادگاییکردنیان. محەمەد ئەلغزی هەروەها رایگەیاندووە، وەزیرەکان پارێزبەندیی یاساییان نییە و هەر کاتێ سکالایان لەسەر تۆمار بکرێ، دەبێ لە دادگا ئامادە بن.

ئەگەری لەسێدارەدانی یاریدەدەری پێشووی سەرکۆماری ئێران لە ئارادایە

دوای ئەوەی لە ماوەکانی پێشوودا دانی نا بە کوشتنی هاوسەرەکەی، لەئێستادا دادگاییکردنی یاریدەدەری پێشووی سەرکۆماری ئێران و سەرۆکی پێشووی شارەوانی تاران، محەمەد عەلی نەجەفی بەردەوامی هەیە و پارێزەرەکەی حەمید گودەرزی رایگەیاند کە ئەگەری ئەوە لە ئارادایە نەجەفی لەسێدارە بدرێت.

حەمید گودەرزی لە لێدوانێکیدا بۆ ئاژانسی هەواڵیی ئیسنا رایگەیاند کە دادگا هێشتا بڕیاری خۆی نەداوە لەسەر چارەنووسی نەجەفی 67 ساڵ کە بەتۆمەتی کوشتنی ئەنقەست دادگایی دەکرێت. حەمید گودەرزی ئاماژەی بەوەداوە کە کەسوکاری هاوسەرە کوژراوەکەی نەجەفی بەناوی میترا ئوستاد داوا لەدادگا حوکمی تۆڵەکردنەوە "خوێن بەخوێن" جێبەجێ بکات و ئاشکرای کرد کە چەند جارێک لەگەڵ کەسوکاری میترا ئوستاد دا چاویان بەیەک کەوتووە تاکو دەستبەرداری ئەو داوایەیان بن و گوتی: ئەوان رازی نەبوون دەستبەرداری ئەو داوایەیان بن، ئەگەرێکی دوور نییە کە دادگا بڕیاری تۆڵەکردنەوە (خوێن بەخوێن) بەسەر ناوبراودا بدات.

نەجەفی کە یەکێکە لە سیاسەتمەدارە ریفۆرمیستەکانی ئێران و ماوەیەکی زۆر پۆستەکانی یاریدەدەری سەرکۆمار و وەزارەتی پەروەردەی بەڕێوەدەبردووە لە 28ی ئایاردا هاوسەرەکەی خۆی بەناوی میترا ئوستاد بە چەک کوشت، دواتر بەتۆمەتی کوشتن خۆی رادەستی پۆلیس کرد و دانی نا بەوەی کە هاوسەرەکەی خۆی کوشتووە.

ناوبراو لە سەردەمی سەرکۆماری پێشووی ئێران، عەلی ئەکبەر هاشمی ڕەفسەنجانی دا لە وەزارەتی پەروەردە ئەرکەکانی ڕادەپەڕاندووە و لە سەردەمی ڕوحانی دا، پۆستی یاریدەدەری وەرگرتبوو، دواتر لە 2017دا وەک سەرۆک شارەوانی تاران هەڵبژێردرا.

نەجەفی بەهۆی ئەوەی لە سااڵنی رابردوودا بەشداریکردبوو لە ئاهەنگێکدا کە خوێندکاران تیایدا سەمایان کردبوو، ڕەخنەی توندی ئاراستە کرابوو و دواتر بەپاساوی کێشەی تەندروستی دەستی لەکارکێشابوویەوە.

پەرلەمانتارێکی ئێرانی: ڕەوشی گرتووخانەکانی ئێران مەترسیدارە



پەرلەمانتارێکی حکوومەتی ئێران دانی بەوەدا ناوە دۆخی گرتووخانەکانی ئەو وڵاتە خراپ و مەترسیدارە بەندکراوان لە ڕەوشێکی خراپدا دەژین. جەلیل ڕەحیمی جەهانئابادی، ئەندامی کۆمیسیۆنی دادوەری و حقوقیی پەرلەمانی ئەو وڵاتە، لە وتوێژێکدا لەگەڵ مالپەڕی پەرلەمان "خانەی میلەت" گوتوویەتی لەڕووی ئەخلاقی و ئەمنیەتی و یاساییەوە، چەندان تاوان لە زیندانەکاندا ڕوو دەدات کە ڕێکخراوی زیندانەکان، توانای کۆنترۆڵکردنیانی نییە.

ئەو پەرلەمانتارە باسی لە زەروورەتی جیاکاری و پۆلێنبەندیی تاوانەکان و تەمەنی زیندانییەکان و پێداچوونەوە بە یاساکانی سزای ئەو وڵاتە کردووە. ئەو پەرلەمانتارە ڕەخنەی لە کەمتەرخەمی و بەڕێوەبەریی خراپی بەرپرسانی زیندانەکان لەمەڕ جیاکردنەوەی بەندکراوان گرتووە و گوتوویەتی: زیندانییەکان لە زیندانداً دەبنە تاونبارگەلی مەترسیدار.

بۆ پاراستنی ئەو کەشتییە بەریتانیانەی کە بە گەڕووی هورمز تێدەپەڕن
تێکشکێنەری HMS Duncanی بەریتانی گەیشتە ئاوەکانی کەنداو



سەرچاوە/Kurdistan CT: دوێنێ یەکشەممە 28ی تەموز، تێکشکێنەری جەنگیی سەر بە هێزی دەریایی شاهانەی بەریتانیا گەیشتە ئاوەکانی کەنداو بۆ پاراستنی ئەو کەشتییە بەریتانیانە کە ئااڵی بەریتانیا هەڵدەکەن و بە گەڕووی هورمز تێدەپەڕن. بەگوێرەی ئاژانسی ئەسۆشیتد پرێس، وەزارەتی بەرگری بەریتانیا ڕایگەیاند، کەشتیی HMS Duncan دەڕواتە پاڵ کەشتیی Montrose لە کەنداو بۆ بەرگریکردن لە جموجوڵی دەریایی.

بن والاس، وەزیری بەرگری بەریتانیا گوتی، ئەم کەشتییەی سەر بە هێزی دەریایی شاهانەی بریتانیا یاوەری کەشتییەکانی شانشینی یەکگرتوو دەکات، تا ئەوکاتەی دەگەینە بڕیارێکی دیپلۆماسی بۆ پاراستنی ئەو ڕێگایە جارێکی دیکە.

بن والاس، ئەوەشی زیاد کرد: جموجوڵی دەریایی لە گەڕووی هورمز زۆر گرنگە نەک تەنیا بۆ شانشینی یەکگرتوو، بەڵکو بۆ هاوبەش و هاوپەیمانە نێودەوڵەتییەکان، پێویستە کەشتییە بازرگانییەکان بەئازادی گەشت و گواستنەوە بکەن بەشێوەیەکی پارێزراو و یاسایی لە هەموو شوێنێکی جیهان.

ئیسرائیل دژە مووشەکێکی بالیستیکی بەسەرکەوتوویی تاقیکردەوە



دوێنێ یەکشەممە 28ی تەموز، وەزارەتی بەرگری ئیسرائیل ڕایگەیاند، بەهەماهەنگی لەگەڵ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا سیستەمی بەرگریی پێشکەوتوو لەجۆری Arrow 3 دژە مووشەکی بالیستیکی بەسەرکەوتوویی لە تاقیکردنەوەیەکی زیندوو دەرچوو، کە لە ویلایەتی ئەلاسکای ئەمەریکا لەنزیک جەمسەری بەستووی باکوور ئەنجامدرا. ئەم سیستەمە دیزاینکراوە بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ مووشەکی بالیستیکی، کە تەل ئەبیب ترسی ئەمجۆرە مووشەکەی هەیە لە ئێران و سووریاوە ئاراستەیان بکرێت.

بەپێی ئاژانسی ڕۆیتەرز سیستەمی جۆری Arrow 3 کۆمپانیای بۆینگی ئەمەریکی بەشداریکردووە لە دروستکردنی و، بەوە پەسن دەکرێت، کە لەتوانای دایە بە بەرزی و لەدەرەوەی بەرگی ئاسمانی گۆی زەوی هەموو کلاوەیەکی جەنگیی و نائاسایی وێرانبکات.

سیستەمی Arrow 3 کاردەکات لەسەر هاوێشتنی چەند مووشەکێکی دژ بەرەو ئاسمان، پاشان کلاوەی ئەو مووشەکە جەنگیانە جیادەبێتەوە و دەبێتە هاوێژەری وێرانکەر و، بەدوای مووشەکانی دیکە دەکەوێت و بەئامانجی دەکات. بەپێی تەل ئەبیب، بەرەنگاربوونەوەی و ڕێگری کردن لە مووشەک لە ئاسمان، واتا وێرانکردنێکی تەل ئەبیب ترسی ئەمجۆرە مووشەکەی هەیە لە ئێران و بایۆلۆجی و، کیمیایی.

سەرکۆماری ئێران:
هۆکاری گرژییەکانی ناوچەکە کشانەوەی تاکلایەنەی ئەمەریکایە لە ڕێککەوتنی ئەتۆمی



سەرکۆماری ئێران، حەسەن ڕوحانی ڕایگەیاند کە هۆکاری گرژییەکانی ناوچەکە و پێشهاتە نەخوازراوەکان، کشانەوەی تاکلایەنەی ئەمەریکەکانە لە ڕێککەوتنی ئەتۆمی. بەپێی ڕاگەیەندراوی سەرۆکایەتی کۆماری ئێران، حەسەن ڕوحانی لەگەڵ وەزیری دەرەوەی سوڵتاننشینی عومان، یوسف بن عەلەوی دا کە بەسەردانێک لە تارانە کۆبۆتەوە و هەردوولا تاوتوێی ڕێگەکانی چارەسەرکردنی گرژییەکانی ناوچەکەیان کردووە.

سەرکۆماری ئێران لە بابێت بۆ ئاسایش و دووپاتیکردۆتەوە کە هۆکاری سەرەکیی بۆ گژرییەکان و گوتی: 'ئێران هیچ کاتێک نەبۆتە دەستپێشخەر بۆ گرژی وڵاتانی تر. هۆکاری بیانی لە ناوچەکەدا پاڵپشت نابێت بۆ ئاسایش و گرژییەکانی ناوچەکە و پێشهاتە نەخوازراوەکان، کشانەوەی تاکلایەنەی ئەمەریکەکانە لە ڕێککەوتنی ئەتۆمی. ڕوحانی ئاماژەی بەوەش داوە کە ئێران و سوڵتانانشینی عومان بەرپرسن لە ئاسایشی گەڕووی هورمز و گوتی: ئێران، هەوڵ دەدات بۆ پاراستنی ئاسایش و ئازادی چالاکییەکانی کەشتیوانی لە دەریای عومان، کەنداو و گەڕووی هورمز هەوڵ دەدات.

سەرکۆماری ئێران ڕاشیگەیاند کە بەریتانیا بە نایاسایی دەستیگرتووە بەسەر کەشتی نەوت هەڵگری ئێرانیدا و گوتی: ئەمە هیچ سوودێکی بۆ لەنەدەن نابێت، بەپێچەوانەوە لێرەدا زیان دەکات. ئێران دژبە هەموو پێشلکارییەکی یاسای نێودەوڵەتییە کە ئاسایشی دەریای عومان، کەنداو و گەڕووی هورمز دەخاتە مەرسییەوە.



کۆریای باکوور کەشتییە ڕووسییە دەستبەسەرکراوەکەی ئازاد کرد

کەشتییەکی ڕاوچیانی ماسی ڕووسیا کە لە لایەن کۆریای باکوورەوە دەستی بەسەرداگیرابوو، ئازاد کرا. باڵێۆزی ڕووسیا لە پیۆنگیانگ لە تۆڕی کۆمەڵایەتی ڕاگەیەندراوێکی بڵاوکردۆتەوە و ئاماژەی بەوەداوە کە کۆریای باکوور ئەو کەشتییە ڕووسییەی کە تایبەت بووە بە ڕاوچیانی ماسی ئازاد کردووە. لە ڕاگەیەندراوەکەدا هاتووە کە کەشتییەکە لە 27ی تەموزدا بەندەری وۆنسانی بەجێهێشتووە. کەشتییەکە 17 سەرنشینی تیادابووە کە 15یان ڕووس و دووبان خەڵکی کۆریای باشوورن و لە سنوورەکانی کۆریای باکوور بە دووری 50 میلی دەریاییەوە بە پاساوی بەزاندنی سنوور لە 17ی تەموزدا، دەستبەسەرکرابوو.

حکوومەتی ئێران:
ڕەوانەکردنی هێزی دەریایی یەکێتیی ئەورووپا بۆ کەنداو بە واتای دژایەتی ئێران دێت

گوتەبێژی حکوومەتی ئێران، عەلی ڕەبیعی ڕایگەیاند کە ڕەوانەکردنی هێزی دەریایی لە لایەن وڵاتانی ئەندام لە یەکێتیی ئەورووپا بۆ کەنداو هەڕەشەئامێزە، بە واتای دژایەتی ئێران دێت و دەبێتە هۆی پەرەسەندنی گرژییەکان. عەلی ڕەبیعی لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانییدا لە تارانی پایتەخت سەبارەت بەو دەنگۆیانەی باس لە ڕەوانەکردنی هێزی دەریای لە لایەن وڵاتانی ئەندام لە یەکێتیی ئەورووپا بۆ کەنداو دەکەن گوتی: ڕەوانەکردنی هێزی دەریایی لە لایەن وڵاتانی ئەندام لە یەکێتیی ئەورووپا بۆ کەنداو هەڕەشەئامێزە، بە واتای دژایەتی ئێران دێت و دەبێتە هۆی پەرەسەندنی گرژییەکان. ئێران داوا لە سەرجەم وڵاتان دەکات خۆیان بەدوور بگرن لەو جۆرە هەنگاوە ئیستیفزازکەرانە.

ناوبراو بە پێویستی زانی ئاسایشی کەنداو لە لایەن وڵاتانی ناوچەکەوە بپارێزرێت و گوتی: لەو پێناوەدا لەگەڵ ئەوەدا بووین پەیوەندییان باش بێت لەگەڵ هاوسێیەکانمان. لەم ڕووەوە بە جیا لە سعوودیە و ئەمەریکا دەڕوانین. هەرچەند سعوودیە دژایەتی ئێرانیش بکات ڕایگەیاندووە کە هەوڵ دەدات گرژییەکانی ناوچەکە بڕەوێنێتەوە. ئێرانیش پێشوازی لەوە کرد. بێگومان هەنگاوانەی سعوودیە دەیانێنێت.

بارزان... لە ئاستی باڵادا یادی ئەنفالکردنی 8 هەزار بارزانی دەکرێتەوە



ڕێبوار ڕەمەزان، بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتیی شەهید و ئەنفالکراوانی بارزان رایگەیاند: ڕۆژی 31/7 کە دەکاتە ڕۆژی چوارشەممە لەسەر گۆڕستانی ئەنفالی بارزانییەکان لە ژێر دروشمی لە جینۆسایدەوە بۆ ئارامی و ژیان، دەست بە کار و چالاکییەکانی خۆمان دەکەین و لەسەر ئاستێکی بەرز یادی ئەو شەهیدانە بەرز ڕادەگیرێت، ڕێورەسمەکە وەکو هەمیشە چەندین چالاکیی هونەری و وتارخوێندنەوە لەخۆ دەگرێت، زیاتر ڕێورەسمی دانانی تاجەگوڵێنەیە لەسەر گۆڕستانی بارزانییەکان، لە هەمان کاتیشدا داوا لە حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەکەین لەو یادەدا داواکاریی کەسوکاری شەهیدان جێبەجێ بکرێت لە تاپۆکردنی زەویپەکانیان، کە پێشتر بەسەر کەسوکاری ئەنفالکراواندا دابەشکراوە و دەست بە دابەشکردنی چەکی خانووی خۆکرد بکرێت، چونکە بەر لە قەیرانی دارایی، بەشێک لە کەسوکاری شەهیدان چەکی پارەیان وەرگرتووە، بەڵام خەرجکردنی پارەکە ڕاگیراوە، داواکاریی کەسوکاری ئەنفالکراوان لە حکوومەتی عێراقیش گنەڕانەوەی ڕووفاتەکانیانە و کار بکرێت بە یاسای ژمارە 132ی دەستوور کە باسی قەرەبووکردنەوەی زیانلێکەوتووانی دەستی ڕژێم دەکات.

بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتیی شەهید و ئەنفالکراوانی بارزان بۆ مالپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستان گوتی گوتیشی: تا ئێستا بە دوو قۆناغ 596 ڕووفات هێنراونەتەوە، لە 2005 و 2014لە قۆناغی یەکەم لە ساڵی 2005، 503 ڕووفات هێنرانەوە، لە 2014ش93 ڕووفاتی دیکە هێنراونەتەوە، هێشتا ڕووفاتی زیاتر لە7 هەزار و 400 کەسی دیکە ماوە کە بیهێنینەوە، پێش چەند ڕۆژێک لە بیابانەکانی سەماوە بووین، گۆڕێکی دیکە هەڵدرایەوە، ڕاستە گۆڕستانی بارزانییەکان نەبوو، بەڵام ئەوانیش کەسوکاری ئێمەن، ئێمە دەمانەوێت هەموو ڕووفاتەکامان بگوازرێنەوە، بۆ ئێمە وەکو بارزانییەکان دایکێکی گەرمیان، دایکێکی ئێزدی، دایکی ئێمەیە، هەموومان تووشی هەمان نەهامەتی و دەردەسەری بووینە، سەددام حوسێن یەک بیرۆکەی هەبوو، ئەویش لەناوبردنی گەلی کورد بوو.

پارێزگاری هەولێر پێشوازی لە بەڕێوەبەری بەرنامەی خۆراکی جیهانی WFP لە عێراق کرد



نەوزاد هادی پارێزگاری هەولێر لە دیوانی پارێزگادا پێشوازی کرد لە عەبدولڕەحمان مێگاگ بەڕێوەبەری بەرنامەی خۆراکی جیهانی WFP لە عێراق و شاندی یاوەری.

بەبۆنەی دەستبەکار بوونیان، پارێزگاری هەولێر پیرۆزبایی لێکردن و هیوای سەرکەوتنی بۆ خواستن لە ئەرکی تازەیان لە عێراق، وێڕای جەختکردنەوە لە هەماهەنگی بەردەوامی نێوانی پارێزگای هەولێر و ڕێکخراوی خۆراکی جیهانی ..

تیشک خرایە سەر ڕەوشی پەنابەران و ئاوارەکان کە بەهۆی هێرشەکانی داعش شوێنی نیشتەجێیان جێهێشتووەو لە هەرێمی کوردستانن و هەموو ئاسانکارییەک و هۆکارێکی ژیانیان بۆ دابین کراوە لە ئاو و کارەبا و خوێندن و تەندروستی لەمبارەو ستایشی پارێزگای هەولێر و حکومەتی هەرێمی کوردستان کرا .

شایانی باسە ڕێکخراوی خۆراکی جیهانی WFP کە ئەرکی نەهێشتنی برسێتی و دابین کردنی خۆراکە لە80 وڵاتی جیهان کە بە هۆی جەنگە نێوخۆییەکان ئاوارەو پەنابەری تێدایە ، ئەو ڕێکخراوە لە دوای جەنگەکانی کەنداو بە فەرمی بوونیان لە عێراق هەیە کە بەهۆی شەرو ئاشووب ئاوارەی ناوخۆیی تێدا بەرجەستەیە ، بە هەماهەنگی پارێزگاکان یارمەتی وهاوکارییەکانیان دەگەیەنن ئەو ئاوارەو پەنابەرانە کە بەهۆی جەنگ و ناکۆکیە سیاسی و تایفییەکان شوێنی خۆیان جێهێشتووە.

لە ڕیزبەندی زانکۆ جیهانییەکاندا
زانکۆی سەلاحەدین لە پێشکەوتنی بەردەوامدایە



زانکۆی هەولێری پزیشکی لە ڕیزبەندی چوارەمی سەر ئاستی هەرێمی کوردستانە کە لەڕیزبەندی جیهانی لە پلەی 3523 دێت. هەروەها ئەم جیاوازییە کەمەی زانکۆی سەلاحەدین لەگەڵ زانکۆی سلێمانی بۆ دوو فاکتەری سەرەکی دەگەڕێتەوە، یەکەمیان پەیوەستە بە بوونی کەمپی زانکۆ، کە ئەگەر زانکۆی سەلاحەدین کەمپێکی شایستەی هەبوایە ئەوا ڕێزبەندی زانکۆی سەلاحەدین زۆر لەپێشتر دەبوو ، چونکە پێگە نێودەوڵەتییەکانی هەڵسەنگاندنی زانکۆ جیهانییەکان بوونی کەمپی زانکۆ بە هەند وەردەگرن و خاڵی زۆری بۆ تەرخان دەکەن. فاکتەری دووەمیش پەیوەستە بەوەی زانکۆی سەلاحەدین بەشە پزیشکییەکانی لێ جیاکراوەتەوە کە ئەمە کاریگەرییەکی زۆری کردۆتە سەر خالەکانی زانکۆی سەلاحەدین. بۆیە ئەگەر کۆلیژەکانی زانکۆی هەولێری پزیشکی لەگەڵ زانکۆی سەلاحەدین بوونایە، ئێستا زانکۆی سەلاحەدین لە ڕیزبەندیە جیهانییەکانی بەشێوەیەک لەپێشەوە دەبوو کە لە سیستەمی ویبۆمەتریک دەچووە دەرەوە و دەچوویە ڕیزبەندی زانکۆ پێشکەوتووەکانی جیهان و لەسەر ئاستی عیراقیش بە پلەی یەکەم دەهات.

زانکۆی سەلاحەدین دوای ئەوەی ئامادەکارییەکی تەواوی کرد بۆ چوونە پێشبڕکێ لەگەل زانکۆ جیهانییەکان بە گشتی و زانکۆکانی عیراق و هەرێمی کوردستان بە تایبەتی، بەشێوەیەکی بەرچاو توانیویەتی لە ئامانجەکانی نزیک بێتەوە. لەم چوارچێوەیەدا لە نوێترین ڕیزبەندیدا کە مالپەڕی ویبۆمیتریکس بڵاوی کردۆتەوە، ئەوە دەبینرێت کە زانکۆی سەلاحەدین پێشکەوتنێکی بەرچاوی بەخۆیەوە بینیوە لەگەڵ ساڵی پار، بەشێوەیەک کە پارسال 2018زانکۆی سەلاحەدین لەڕیزبەندی 4485 بوو لەسەر ئاستی جیهان و لەسەر ئاستی عیراقیش لە ڕیزبەندی 11 بوو ، بەڵام بەپێی هەمان پێگەی ویبۆمەتریکس، زانکۆی سەلاحەدین توانی لە ساڵی 2019 خۆی بگەیێنێتە ڕیزبەندی 2709 لەسەر ئاستی جیهان و ڕیزبەندی 6 لەسەر ئاستی عیراق، هەروەها بە جیاوازی چەند خاڵێکی کەم لەگەڵ زانکۆی سلێمانی لە پلەی دووەم هات لەسەر ئاستی زانکۆکانی هەرێمی کوردستان.

پێویستە ئەوە بگوترێت کە زانکۆی سەلاحەدین دوای ئەوەی ئامادەکارییەکی تەواوی کرد بۆ چوونە پێشبڕکێ لەگەل زانکۆ جیهانییەکان بە گشتی و زانکۆکانی عیراق و هەرێمی کوردستان بە تایبەتی، بەشێوەیەکی بەرچاو توانیویەتی لە ئامانجەکانی نزیک بێتەوە. لەم چوارچێوەیەدا لە نوێترین ڕیزبەندیدا کە مالپەڕی ویبۆمیتریکس بڵاوی کردۆتەوە، ئەوە دەبینرێت کە زانکۆی سەلاحەدین پێشکەوتنێکی بەرچاوی بەخۆیەوە بینیوە لەگەڵ ساڵی پار، بەشێوەیەک کە پارسال 2018زانکۆی سەلاحەدین لەڕیزبەندی 4485 بوو لەسەر ئاستی جیهان و لەسەر ئاستی عیراقیش لە ڕیزبەندی 11 بوو ، بەڵام بەپێی هەمان پێگەی ویبۆمەتریکس، زانکۆی سەلاحەدین توانی لە ساڵی 2019 خۆی بگەیێنێتە ڕیزبەندی 2709 لەسەر ئاستی جیهان و ڕیزبەندی 6 لەسەر ئاستی عیراق، هەروەها بە جیاوازی چەند خاڵێکی کەم لەگەڵ زانکۆی سلێمانی لە پلەی دووەم هات لەسەر ئاستی زانکۆکانی هەرێمی کوردستان.

پێویستە ئەوە بگوترێت کە

وەزارەتی ئەوقاف و یەکێتی زانایان: باشترین خزمەتگوزاری پێشکەشی هاووڵاتیان و مامۆستایانی ئایینی دەکەین



بەڕێوەبەری گشتی کاروباری ئیسلامی و ئیفتا لە هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند: وەزارەتی ئەوقاف و یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی خۆشحاڵن بە هاوکاری و پشتگیری ئەنجامدانی ئەو پڕۆژانەی کە خزمەت بە هاووڵاتیان و مامۆستایانی ئایینی دەکەن.

ئەمە لە کۆبوونەوەیەکدا هاتە ڕوو کە ڕۆژی هەینی ڕێکەوتی 26ی مانگی ڕابردوو لە هۆڵی کۆنفرانسی وەزارەتی ئەوقاف بەڕێوەچوو، بە ئامادەبوونی دواتر د. عەبدوڵڵا گرتکی سەرۆکی یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی خۆشحاڵی خۆی و یەکێتی زانایانی دەربڕی بۆ ئەو کۆبونەوە گرنگە و هیوای خواست ئەمە دەسپێکێکی زۆر باش بێت بۆ گرێدانی پەیوەندییەکی تۆکمە لەنێوان هەردوولا کە ئامانجی سەرەکی پێشکەشکردنی باشترین خزمەتە بە هاووڵاتیانی ئازیزی کوردستان.

دواتر مەبەستی کوردستان پێویستە پەیوەندییەکامان بەهێزتر بکەین بۆ کاری پێکەوەیی ئەگەرچی لەڕووی کارکردنەوە وەزارەتی ئەوقاف و یەکێتی زانایان لە ڕووی ڕێنمایی تایبەتییان هەیە، بەڵام سەرەنجام پێکەوە کار دەکەین بۆ پێشکەشکردنی باشترین خزمەت بە گشتی بۆ هاووڵاتیان و مامۆستایانی ئایینی بەتایبەتی.

دواتر د. عەبدوڵڵا گرتکی سەرۆکی یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی خۆشحاڵی خۆی و یەکێتی زانایانی دەربڕی بۆ ئەو کۆبونەوە گرنگە و هیوای خواست ئەمە دەسپێکێکی زۆر باش بێت بۆ گرێدانی پەیوەندییەکی تۆکمە لەنێوان هەردوولا کە ئامانجی سەرەکی پێشکەشکردنی باشترین خزمەتە بە هاووڵاتیانی ئازیزی کوردستان.

دواتر مەبەستی کوردستان پێویستە پەیوەندییەکامان بەهێزتر بکەین بۆ کاری پێکەوەیی ئەگەرچی لەڕووی کارکردنەوە وەزارەتی ئەوقاف و یەکێتی زانایان لە ڕووی ڕێنمایی تایبەتییان هەیە، بەڵام سەرەنجام پێکەوە کار دەکەین بۆ پێشکەشکردنی باشترین خزمەت بە گشتی بۆ هاووڵاتیان و مامۆستایانی ئایینی بەتایبەتی.

دواتر د. عەبدوڵڵا گرتکی سەرۆکی یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی خۆشحاڵی خۆی و یەکێتی زانایانی دەربڕی بۆ ئەو کۆبونەوە گرنگە و هیوای خواست ئەمە دەسپێکێکی زۆر باش بێت بۆ گرێدانی پەیوەندییەکی تۆکمە لەنێوان هەردوولا کە ئامانجی سەرەکی پێشکەشکردنی باشترین خزمەتە بە هاووڵاتیانی ئازیزی کوردستان.

دواتر مەبەستی کوردستان پێویستە پەیوەندییەکامان بەهێزتر بکەین بۆ کاری پێکەوەیی ئەگەرچی لەڕووی کارکردنەوە وەزارەتی ئەوقاف و یەکێتی زانایان لە ڕووی ڕێنمایی تایبەتییان هەیە، بەڵام سەرەنجام پێکەوە کار دەکەین بۆ پێشکەشکردنی باشترین خزمەت بە گشتی بۆ هاووڵاتیان و مامۆستایانی ئایینی بەتایبەتی.

بەرەوپێشتربردنی کار و پڕۆژە بەرنامەیەکی تۆکمە بۆ کاری پێکەوەیی لە داهاتوودا یەکێتی زانایان بەچەند خاڵێکی جەوهەر و گرنگ پڕۆژەیەکیان دایە وەزیری ئەوقاف تاوەکو لە داهاتوو پێکەوە کاری هاوبەش و پێکەوەیی ئەنجام بدەن و وردەکاری پڕۆژەکەشی خستەڕوو.

هەر لە کۆبوونەوەکەدا وەزیری ئەوقاف تەئکیدی کردەوە کە ڕۆڵی یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان زۆر گرنگە و سەرجەم خالەکانی پڕۆژەی کاری پێکەوەیش بەرز دەنرخێنین و پێکەوەش کاردەکەین بۆ جێبەجێ کردنی هەموو خاڵێک کە خزمەت بێت بۆ مامۆستایانی ئایینی و مزگەوت و ناوەندی ئایینی و بواری پێکەوەژیانی ئایینی لە هەرێمی کوردستاندا.

پرسەو سەرەخۆشی

بەناوی خودای گەورە و میهرەبان

بەڕێز سەباح محەمەد

بەدڵگرانییەوە هەواڵی کۆچی دوایی خاتوو (خانم محەمەدئەمین) دایکی بەڕێزتانمان پێگەیشت. هاوبەشی خەمی ئێوە و خانەوادەکەتانین و سەرەخۆشیمان ئاراستەی بەڕێزتان و خزم و دۆستانتان دەکەین. لە خودای گەورە داواکارین ئارامی و دڵنەوایی بە هەموو لایەک ببەخشێت و خوالێخۆشبوو بە بەهەشتی خۆی شاد بکات.

إنا لله و إنا إليه راجعون

بارەگای بارزانی

تا ساڵی 2023 ڕێگەکانی نێوان شارەکان دووسایەد دەکرێن و هێڵی ئاسنین دادەمەزرێنین



خەبات ـ سەید فاتیح

پەرزەمبی:

دانا عەبدولکەریم وەزیری ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانییدا کە دوێنێ یەکشەمە لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردنی هەولێر بەستی، ئاشکرای کرد کە ئەمڕۆ لەسەر ئاستی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان کۆبوونەوە بۆ دیاریکردنی پلان و پڕۆژە و پێویستییەکانی وەزارەت بەڕێوەدەچێت و گوتی: بەڕێز سەرۆکی حکوومەت لە ڕۆژی سوێندخواردنیدا کارنامەی کاری کابینەکەی خستەڕوو و بەڵێنی جێبەجێکردنی دا، دوو بڕگەی گرنگی کارنامەکە پەیوەستە بە ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن لە هەرێمی کوردستان، ئەمڕۆ ئێمە ئەو دوو بڕگەیەمان لە هەر سێ پارێزگاکە گفتوگۆی لەسەر دەکەین بۆ ئەوەی پلانی پێویستی بۆ دابنرێت و پلانەکە لەسەر چەند ئاستێک دەبێت ئەوانیش بریتین لە پلانەکانی هێڵی ئاسنین بەهێنینە ناو کوردستانەوە و لە پلانەکامانداو بێت و کاری لەسەر بکەین، چونکە بەشێکی زۆری ڕێگاکان بە هۆی نەبوونی هێڵی ئاسنینەوە تێکچوون، ئەو هێڵە بەتەنها بۆ گواستنەوەی کەس بەکارنایەت، بەڵکو بۆ بازرگانی تەنانەت لەگەڵ وڵاتانی دیکە دەتوانین بەکاری بهێنین.

دانا عەبدولکەریم دڕێژی بە پێداچوونەوە بە دیزاین و شێوازی دروستکردنی ڕێگاکان و باڵەخانەکانی نیشتەجێکردن، چونکە لە ساڵانی ڕابردوو چەندین کەموکوڕی دروست بوون کە بەشێکی پەیوەندیی بە دیزاینەوە هەبووە، بۆیە دیزاین و شێوازەکان باشتر دەکەین.

دانا عەبدولکەریم گوتیشی: بەشی دووەمی کارەکانی ئێمە بریتی دەبێت لە دیاریکردنی لە پێشتریتیی پڕۆژەکانمان و بۆ چوار ساڵی داهاتوو، دەمانەوێت دووبارە هەڵسەنگاندنەوە و ڕێکخستنەوە بۆ پڕۆژەکان بکەین و گرنگە بەلامانەوە بۆ ئەوەی ئەو پلانانەی هەن بۆ دروستکردنی دووسایەدکان لە هەرێمی کوردستان تەواوبکەین، هەوڵ دەدەین ڕێژەی تەواوبوونی ئەو ڕێگایانە هیچ نەبێت 90 لەسەد کەمتر نەبێت. وەزیری ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن لە حکوومەتی هەرێم، ئەوەشی ڕاگەیاند لە پلانماندا دایدەنین هێڵی ئاسنین بهێنینە ناو کوردستانەوە و لە پلانەکانماندا بێت و کاری لەسەر بکەین، چونکە بەشێکی زۆری ڕێگاکان بە هۆی نەبوونی هێڵی ئاسنینەوە تێکچوون، ئەو هێڵە بەتەنها بۆ گواستنەوەی کەس بەکارنایەت، بەڵکو بۆ بازرگانی تەنانەت لەگەڵ وڵاتانی دیکە دەتوانین بەکاری بهێنین.

دانا عەبدولکەریم دڕێژی بە قەسەکانی دا و گوتی: بەشێکی دیکە لە پلانەکانی ئێمە ئەوەیە ڕێگەوبانەکانی ئێستامان بپارێزین و چاکیان بکەینەوە، زۆر جار چاککردنەوەکە ئەو کاتە دەکرێت کە ڕێگەکان تەواو خراپ بوون و ئەوەش خەرجیی زیاتر دەخاتە ئەستۆی حکوومەت، بۆیە پلانی ئێمە ئەوەیە ئەو ڕێگایانەی خراپ دەبن نەهێڵین بگاتە ئەو کاتانەی کە تەواو تێکچوون و پێش ئەوەی فریایان بکەوین.



بانکی ناوەندیی عێراق ئەو کەسانەی مامەڵە بە دۆلار دەکەن ئاگادارکاتەوە

بانکی ناوەندیی عێراق وەرگرتنی هەندێک دۆلار و یۆرۆی کاغەز ڕەت دەکاتەوە و هۆکارەکەی دیاری دەکات. بانکەکە دوێنێ یەکشەمە 28-7-2019 ڕایگەیاندووە، بەشێک لە دۆلارە کاغەزەکان وەرناگیرێن و مامەڵەیان پێ ناکرێت. ئەو دۆلارانەی ئیدی مامەڵەیان پێ ناکرێت: ئەگەر پارچەیەکی لێبووبێتەوە. ئەگەر دڕابێ و بە تیپی پارە چاکرابێتەوە. ئەگەر مۆرێکی گەورەی پێوەبێ، بەشێوەیەک وێنە و زانیارییەکانی ناو دۆلارەکەی داپۆشیبێ. ئەگەر زۆر دەستاودەستی پێکرابێ و کاغەزەکە تێکچووبێ، بەشێوەیەک وێنە و زانیارییەکانی ناو دۆلارەکەی داپۆشیبێ. ئەگەر پارچە لەزگە یان سیکۆتینی پێوەبێ یانیش ڕۆنی بەسەردا ڕژابێ. ئەگەر لە شوێنێکی نەگونجاو هەڵگیرابێ و بۆنی پەیدا کردبێ.

www.xebat.net
دووشەممە 2019/7/29 ژمارە (5799)

کامێراکانی هاتوچۆ هیچ کاریگەرییان لەسەر کەمبوونەوەی سەرپێچییەکان نەبووە

گوتەبێژی هاتوچۆی هەرێم: ژمارەی سەرپێچییەکان زیادی کردووەو لە شەش مانگی یەکەمی ئەمساڵدا یەک ملیۆن و 174 هەزار سەرپێچی تۆمار کراوە

تەنها لە ساڵی 2018دا زیاتر لە 120 هەزار ئوتومبێل لە کوردستان تۆمار کراوە

ڕاپۆرت: فاتیح بەرزنجی

لەگەڵ زیاد بوونی ژمارەی ئوتومبێل لەکوردستان ژمارەی ڕووداوەکانی هاتوچۆش زیادی کردووەو بەپێی قسەی بەرپرسانی پۆلیسی هاتوچۆش هۆکاری سەرەکی شوفێران خۆیانن لەبەر ئەوەی پابەندی ڕێنماییەکانی هاتوچۆ نابن. ئەوەی زۆرتر وەک هۆکاری ڕووداوەکانی هاتوچۆ باسی لێوە دەکرێ خراپی ڕێگاوبانەکانە و چەندین هۆکاری دیکەش هەن بۆ زیادبوونی ڕووداوەکانی هاتوچۆ لەگەڵ ئەوەش ژمارەی سەرپێچییەکانی هاتوچۆش زیادی کردووەو لەو ڕاپۆرتەی ڕۆژنامەی خەبات زانیاری ورد و هۆکار و داتاکان خراونەتەڕوو.





عەقید ئەسعەد مەلا کەریم: ژمارەی ڕووداوەکان بە بەراورد لەگەڵ زۆربوونی ژمارەی ئۆتۆمبێل زۆر نییە

ژمارەی تۆمارکردنی ئوتومبێل لە زیادبووندایە

سەبارەت بەتۆمارکردنی ئامارەکانی ڕووداوی هاتوچۆ سەردانی بەڕێوبەرایەتی گشتی هاتوچۆی هەرێممان کردو لەوێدا عەقیدی هاتوچۆ ئەسعەد مەلا کەریم گوتەبێژی هاتوچۆی هەرێم بۆ خەبات ڕوونیکردەوە: ساڵانە ژمارەی هاتنی ئوتومبێل لەلایەن بازرگانانەوە ڕووی لەزیادبوون کردووەو تۆمار دەکرێن بۆ بەرچاوڕوونی هاوواڵتیانیش تەنها ساڵی 2018 زیاتر لە 120 هەزار ئوتومبێل لەکوردستان تۆمار کراوە، دیارە ئەگەر ژمارەی ئوتومبێل زیاد بکات ئەوا ژمارەی ڕووداوەکانی هاتوچۆش زیاد دەکات، بۆیە ئەگەر هاتوو ژمارەی ئەو هەموو ئوتومبێلەی کە دێنە کوردستان و تۆمار دەکرێن بەرانبەری بکەین لەگەڵ ژمارەی ڕووداوەکان، ئەوا بۆمان دەردەکەوێت کە ڕێنماییەکانی هاتوچۆ و ئەرکی کارمەندانی هاتوچۆش وای کردووە، کە تا ڕادەیەک لەگەڵ زیادبوونی ئەو هەموو ئوتومبێلانە هێشتا ژمارەی ڕووداوەکان لەچاو ئەو ژمارە زۆرەی ئوتومبێل زۆرنین، بەڵام ڕادەی هوشیاری شوفێران و ڕێنماییەکانی هاتوچۆ وای کردووە کە شوفێران زیاتر هوشیارین، هاوکات هۆکاری خراپی ڕێگاوبانەکان وای کردووە کە ڕووداوەکان زیاد بکەن، جگە لەوەش ڕێگاوبانەکانی کوردستان وەکو پێویست نین و زیاتر لە85%ی ڕێگاوبانەکانی دەرەوەی شارەکان یەک سایدن، بۆیە لێرەوە جێی خۆیەتی وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە بایەخێکی تەواو ڕێگاوبانەکان بدات، هەرچەندە لە کارنامەی حکوومەتیش ئامارژەی پێداوە، ئەوەیش لە بەرژەوەندی هاوواڵتیانە بەگشتی بۆ ئەوەی چیتر خەڵک نەبنە قوربانی ڕێگاوبانەکان.

ئەو گوتیشی: ئومێدەوارین کە ئەو پارەیەی کە لەشوفێران وەردەگیرێت بۆ ڕێگاوبانەکان خەرج بکرێت و بۆچەندین جار کۆبوونەومان لەگەڵ نوێنەرانی وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەو شارەوانی ئەنجامداوە بۆ گرنگیدان بە شەقام و تۆڕی ڕێگاوبانەکان، هەرەوەها ئێمە لەبەڕێوبەرایەتی گشتی هاتوچۆ هەمیشە ڕێنمایی و کارەکانمان لەبەرژەوەندی گشتی بووە، سەبارەت بە بازرگانانی هێنانی ئوتومبێل چەندین جار کۆبوونەوەمان لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکانی وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی هەرێم کردووە بۆ دانانی ئالیەت و بەرنامەیەک بۆ هاتنی ئەو ژمارە زۆرەی ئوتومبێل، بۆ ئەوەی زیاتر گرنگی بە کەرتی گواستنەوەش بدرێت پێویستە حکومەتی هەرێم زیاتر پەرە بە بواری گواستنەوەی گشتی بدات، ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ ساڵی حەفتاکان گواستنەوەی گشتی لە کوردستان زۆر باشتربووە لە ئێستا، لەبەر ئەوەی ئەوکات ژمارەی ئوتومبێل هێندە زۆر نەبووەو لە ئێستایشدا دەبێ هەوڵ بدرێ گرنگی بە بواری گواستنەوەی گشتی بدرێت، بۆ ئەو مەبەستەش ئێمە لە بەڕێوبەرایەتی گشتی هاتوچۆ لە پلانداینابو بەرلە ساڵی 2014 چەندین شێوازی گواستنەوەی گشتی بهێنرێتە کوردستان وەک میترۆ و ترام و پاسی گەورە، بەڵام شەڕی داعش و قەیرانی دارایی نەیهێشت ئەو پڕۆژەیە ئەنجام بدرێت، هیوادارین لە کابینەی تازەی حکوومەتی هەرێم لەچوارچێوەی کارو بەرنامەی تازەی خۆی ئەو جۆرە پڕۆژە پێشکەوتووانە ئەنجام بدات تا کوردستانیش شان لەشانی وڵاتان بدات لە ڕووی گواستنەوە، وەک لەکارنامەی حکوومەتی تازە ئاماژەی پێ درا تا چەندین کۆمپانیا بێنە کوردستان بۆ ئەنجامدانی ئەو پڕۆژانەو سوودێکی باشی دەبێت بۆ هاوواڵتیان و ژینگەش پاک و خاوێن دەبێت و جەنجاڵی ئوتومبێلیش کەم دەبێتەوە لە شەقام و ڕێگاوبانەکان، بۆیە ئومێدی ئەوە دەخوازین کە حکوومەتی تازەی هەرێم گرنگی بە گواستنەوەی گشتی بدات و ئەو بابەتەش بکرێتە خاڵێکی سەرەکی بەرنامەی کاری حکوومەت.


ژمارەی سەرپێچیەکان ڕوو لە زیادبوونە

دواتر عەقید ئەسعەد مەلا کەریم گوتەبێژی هاتوچۆی هەرێم دەربارەی زیادبوونی ژمارەی سەرپێچیەکان بۆ خەبات گوتی: تەنها لەشەش مانگی یەکەمی ساڵی 2019 زیاتر لەیەک ملیۆن و 174 هەزار سەرپێچی تۆمار کراوە لەلایەن شوفێرانەوە، بەداخەوە بۆ ئەو هەموو سەرپێچیانەی کە کراوە، چونکە ئەوە ژمارەیەکی یەکجار زۆرە، ئەگەر ئەو ژمارەیە لەگەڵ ساڵی پار بەراورد بکەین لەساڵی 2018بەشەش مانگ 850 هەزار سەرپێچی کرابوو، ئەو جیاوازییەش یەکجار زۆرە واتا زیاتر لە 300هەزار سەرپێچی لە ماوەی شەش مانگ زیادی کردووە، هۆکاری سەرەکی ئەو زیادبوونە بۆ خودی شوفێران دەگەڕێتەوە، هیوادارین ژمارەی سەرپێچیەکان کەم بێتەوە بۆ ئەوەی سەرپێچیەکان کەم بێتەوە ئێمە لە کوردستان یاسای عێراقی ساڵی2004 ژمارە 86 جێبەجێ دەکەین کە کاتی خۆی پۆل بریمەر حاکمی مەدەنی عیراق دەریکردووەو دیارە ئەو یاسایە لەکاتی ڕژێمی بەعسیش هەبوو ویستیان ڕەشی بکەنەوەو هەرنەمێنێ، بۆیە یاسایەکی نوێیان دانا بە شێوەی کاتی، بەڵام بەداخەوە دەبووایە تا ئێستا ئەو یاسایە دەوڵەمەند بکرابوایەو هەموار بکرێتەوە، تا ئێستا هیچ نەکراوە و خەریکن لەبەر ئەوەی ئەو یاسایە کەموکوڕی زۆری تێدایە دەستکاری بکەن، ئەگەر هاتوو ئەو یاسایە بە زووترین کات گۆڕانکاری تێدا کراو ڕێکاری زۆرتر گیرایەبەر و بڕگە و مادەی دیکەی بۆ زۆر زیاد کرا و دەسەڵاتی زیاتر درا ئەفسەران و کارمەندانی هاتوچۆ، ئەوکات کارەکان باشتر دەبن و هەندێ شێوازی یاسایی هەیە لەناو ئەو یاسایە کۆنەدا هیچ دیاری نەکراوە و هەندێ سەرپێچی هەیە دیاری نەکراوە، ئومێدەوارین ئەو یاسایە بەزووترین کات لەپەرلەمانی عێراق دەربچێت تا لە پەرلەمانی کوردستانیش موسادەقە بکرێ و ئێمەش وەکو هاتوچۆی گشتی جێبەجێی بکەین.

لە بەرانبەر قسەکانی گوتەبێژی هاتوچۆی هەرێمی کوردستاندا کە باس لە زیادبوونی ژمارەی سەرپێچییەکان دەکات، پرسیاری ئەوەیش دروست دەبێت کە بەردەوام کامێراکانی هاتوچۆ و تیمەکانی پۆلیسی هاتوچۆ کار لەسەر کەمکردنەوەی سەرپێچییەکان دەکەن، بەڵام ئاماژەکان پێچەوانە کەوتوونەوەو ئەوەیش دەردەکەوێت کە بوونی ئەو هەموو کامێرایەی هاتوچۆ لە شەقام و ڕێگاوبانەکان هیچ کاریگەرییەکیان لەسەر کەمبوونەوەی ڕێژە و ژمارەی سەرپێچییەکان نەبووە.

سەبارەت بە ژمارە و داتای ئەو ڕووداوانەی هاتوچۆ کە قوربانییان لێکەوتۆتەوە، گوتەبێژی هاتوچۆی هەرێمی کوردستان گوتی: ژمارەی قوربانیانی هاتوچۆی شەش مانگی ئەمساڵ بریتییە لە 257قوربانی واتا مردوو، ژمارەی بریندارانیش بریتییە لە 2860 بریندارو ژمارەی ڕووداوەکانیش بریتییە لە 2025 ڕووداو ژمارەی شەش مانگی مردووان و بریندارانو و ڕووداوەکانی پارسالی 2018 بەو شێوەیە بوو، ژمارەی قوربانیان بریتییە لە 290 قوربانی و ژمارەی بریندارانیش بریتییە لە 2133 کەس و ژمارەی ڕووداوەکانیش بریتییە لە 1970 ڕووداو و ئەگەریش بەراوردێک لە نێوان ئەو ژمارانەدا بکەین، سەیر دەکەین کە ژمارەی قوربانیەکان کەمی کردووە.

زیاتر لە 85٪ی ڕێگاوبانەکانی دەرەوەی شارەکان یەک سایدن





عومەر فارس

بێ شەپۆل

لەسەروبەندی پێکهێنانی کابینەی نۆیەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستاندا کۆمەڵێک وێنە و بابەتی دەگمەن ئامێزمان بینی کەشایانی ئەوەیە هەڵوێستەیەکیان لەبارەوە بکەین بێ موجامەلەکردن و بێ شەپۆل وەبەرباس بخەین. کە ئەوانیش بریتی بوون لە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان و پاشانیش پێکهێنانی کابینەی حکوومەت و پاشان خوێندنەوەی بەرنامەی حکوومەت و هەروەها چاوەڕوانی لەحکوومەتی هەرێم و سەردانیکردنی شاندی حکوومەت بۆ بەغدا. ئەمانە هەموو ئاماژەیەکی ڕوونن بۆ ڕستەیەک کە لەکاتی هەڵبژاردنەکاندا پارتی دیموکراتی کوردستان بەرزی کردەوە ئەویش (پارتی بەهێز بێت کوردستان بەهێزە) ئالێرەدا جێگەی خۆیەتی بڵێین بەڕاستی واتا کرداری دروشمەکە یەکا گیربوون بەمانای ڕستە چونکە بینیمان لەدوای سوێندخواردنی کابینەی حکوومەت و خوێندنەوەی کارنامەی حکوومەت لەلایەن ڕێزدار مەسروربارزانی تێڕوانینی خەڵک بەگشتی ئومێدی زۆریان هەیە لەسەر هەنگاوەکانی ئەم جارەی حکوومەتی هەرێم.

ئاگادارکردنەوەی بەرپرسان و سنووردانان بۆ قاچاخچییەتی و ڕێگەگرتن لەبەهەدەردانی پارە و کەمکردنەوەی ئیفادی بەرپرسان و لێپرسینەوە لەگەندەڵکاران و ...هتد باشترین هیوای خەڵکە کە لەدەستپێکی کارەکانی سەرۆکی حکوومەتی کوردستان ئەولەوییەتی پێدراون بۆ بنەبڕکردنیان، بەئاماژەیەک بۆ سەرەتای بابەتەکە ئەم کارانە هەموو توانای پارتی نیشان دەدات لە بەڕێوەبردنی کوردستان. دەتوانم ئاماژە بەوبدەم لەسیستەمەکانی بەڕێوەبردنی حکوومەتەکان لەجیهاندا دوو جۆر مامەڵەکردن هەیە بەپێی ژینگەو دۆخی ئەناوچەیەی خەڵکی تێدا دەژین، ئەویش یەکەمیان شێلگیرییە لە بەڕێوەبردندا کە ئەمە ڕاستە زۆرترین گیانی خۆشەویستی و تەبایی و پێکەوەیی دروست دەکات و کارەکان بەسەرکەوتوویی بەڕێوە دەچن. بەڵام لەپاڵ ئەم جۆرەی حکومڕانیدا بەداخەوە هەندێک لەسەرمایەداران و کاربەدەستان هەڵی نەرمی نواندن دەقۆزنەوە بۆ بەهەدەردانی بەرژەوەندی گشتی. نمونەی زۆر لەوڵاتان هەیە بەم دۆخەوە دەناڵێنن هەرچەند ڕێکاریان لەدژ دەگیرێتەبەر بەڵام بەردەوامن لەسەر قۆرخکاری لە کارەکانیاندا بێ گوێدانە ماف و مووڵکی گشتی.

دووەمیان لەسیستەمی بەڕێوەبردندا مامەڵەی تونd و لێپرسینەوەی بەردەوامە کە ئەم جۆرەی مامەڵە بەرژەوەندییەکانی گەندەڵکاران و ئەوانەی کاری نایاسایی لەژێر باری یاسادا دەکەن دەخاتە مەترسییەوە بەجۆرێک دەست هەڵدەگرن لەهەموکارێکی نایاسایی چونکە دەزانن لێپرسراو لێپرسینەوەیان لەگەڵ دەکات، بەمەش وڵات پارێزراوتر دەبێت ئەمە مانای ئەوە نیە کە هەرکەس لەبەڕێوەبردندا توند بوو کاریگەری و مەترسی نەرێنی دەبێت و بەیەک چاو تەماشای تەڕوو وشک دەکات، نەخێر بەپێچەوانەوە هەرکەسێک پاداشت و سزایی کاری خۆی وەردەگرێت جا لە هەر بارێکی کاردا بێت یان دەسەڵات، بێشک مرۆڤی پاک و خاوێن لەموحاسبە و لێپرسینەوە ناترسێت.

دەمەوێت ژینگەی عێراق بەفمونە بێنمەوە کە بەگشتی سروشتی خەڵکەکە وایە یان وا ڕاهاتووە دەبێت زۆر جاران یاساکان تونdبن بۆئەوەی ج بەجێ کردنیان بەرهەمی هەبێت بۆیە وایێویستە لەهەرێمی کوردستانیش کاری دام و دەزگاکان و خزمەتگوزارییە گشتییەکان باشتر بخرێنە خزمەت هاوواڵتیان بۆ ئەوەی ڕۆتینات و کەمتەرخەمی کەم بکرێتەوە لەپێناو سودی گشتیدا، لەکۆڵا ئەوەی لەدنیای وڵاتە پێشکەوتووەکانیشدا دەبینین ئەوەیە هۆیەکی سەرکەوتنی ئاستی ژیانیان لەڕووی داهێنان کۆمەڵایەتی ئابووری و زۆر بابەتی تردا، هاوواڵتیەکانیانە.. واتە هاوواڵتی لەگەڵ حکوومەت هاوکارە لە ژینگەدا لە پاراستنی ئاسایشدا لە پارێزگاری کردن لەسەرمایەی مرۆیی و کانزایی و فەرهەنگیدا، بەڵام ڕەنگە لێرە بەشێک لەوانەی تاڕادەیەک چەواشەکراون پێیان وایە دەبێت حکوومەت هەموو کارێک بخاتە سەرشانی خۆی واتە یەک لایەنە پێویستە خزمەت بکات بەڵام لەهەر شوێن و ئیدارەیەکی دنیادا ئەوەکارێکی مەحاڵە. خەڵک و تاکی کۆمەڵگە دەبێت ڕابهێنرێت لەسەر خۆش ویستنی نەتەوە و پاڵپشتکردنی حکوومەت لەکارەباشەکانیدا وە ڕەخنەش لەکارە خراپەکان بگرێت بە شێوەی مەدەنیانەی هاوچەرخ، چونکە هەتا دۆخی پەیوەندی هاوواڵتی و خەڵک باش نەبێت کێشەکان دروست دەبن بەپێچەوانەشەوە باش کردنی ئەوپەیوەندییە لەڕێگەی تێگەشتن لەدۆخی حکوومەت لە گوزەرانی خەڵک واتە کاتێک تێگەیشتن لەنێوان هاوواڵتی و دەسەڵاتدا هەبوو کێشەکان باشتر چارەسەر دەبن. بۆیە لەم کابینەدا ئومێد ئەوەیە هەڵپەرستان ستۆک بکرێن و هاوواڵتیان مافەکانیان لەچوارچێوەی یاسا ڕەچاوکراوەکاندا پاریزراوبێت.

کێ شێخە؟



فارس قادر فەتێ عەبدوڵڵا*

تێگەیشتن لە هەندێ دەستەواژە ئاسان نیە و بەکارهێنانیشی ئاسان نیە و زۆرجار مرۆڤ تووشی هەڵە دەکات یان هەندێجار توشی شۆک دەبێ لەبەر ئەوەی هەرچەند لێکی دەدەیتەوە ناگەیت بە دەرئەنجامێکی ڕاست و دروست. بۆ نموونە من خۆم لە سەرەتای ژیانم وا پەروەردە بووم و تێگەیشتوم کە شێخ پلە و پایەیێکی ئایینی و کۆمەڵایەتی بەرزە و مرۆڤ وا بە ئاسانی پێی ناگات و نابێت بە شێخ، شێخایەتیش کۆمەڵێک مەرج و بەند و پەیرەوی خۆی هەیە کە مەحاڵە کەسێک ببێت بە شێخ و ئەم مەرجانەی تێدا نەبێ و پێی بگوترێ شێخ.

ئەمە لە لایێک و لە لایەکی تر شێخ بەو کەسە دەگووترێ کە خاوەن تەکیە و دیوەخان و تەریقەت بێت و دەبێت مرۆڤێک بێت بە مانای وشە خواپەرست و خۆنەویست و ئەهلی تەقوا بێت، بەهەرحال ئەمە ڕاستیەکی حاشا هەڵنەگرە ، کەچی لە واقعدا دەکرێ بگووترێ بە گشتی لەو سەدەی ڕابردوو وشەی شێخ دوولایەنی جیاوازی وەرگرت، دوو پێناسەی جیاوازی وەرگرت، ئەویشیان شێخی ڕاستەقینە و ئەهلی تەقوا و خواپەرستی، دووەم شێخی پۆست و پلە و توانای مادی و باڵا دەستی و دونیایی ئەمە لە لایەک لە لایەکی تر لە زمانی عەرەبی وشەی شێخ بۆ تەمەندارەکان بە کارهاتووە، ئەویش لە (شیخوخە) وەرگیراوە، کەواتە لە پیری و دەکرێ بڵێین لێرەدا وەک (هەرەم) دێت و شێخ دەگاتە لوتکەی بەرز لە ڕێز و گەورەیی لە بەر تەمەنەکەی. بەهەرحاڵ ئەوەی مەبەستمە لەو بابەتە پیشانی بدەین شێخ لەو سەردەمە بە دووجۆر مرۆڤ دەگووترێ (دونیایی و دینی).

لە لایەنی دونیایی ئەوەی بەرچاو دەکەوێ هەندێ کەس لە نێوان شەو و ڕۆژێک دەبن بە شێخ بەهۆی دەستکەوتنی سەروەت و سامانێکی زۆر لە نێوان ماوەیەکی کورت، بۆیە لە ناکاوڕا دەبینین شێخێک دروست دەبێت ئەمە مانای ئەوە نیە کە هەرکەس لەبەڕێوەبردندا توند بوو کاریگەری و مەترسی نەرێنی دەبێت و بەیەک چاو تەماشای تەڕوو وشک دەکات، نەخێر بەپێچەوانەوە هەرکەسێک پاداشت و سزایی کاری خۆی وەردەگرێت جا لە هەر بارێکی کاردا بێت یان دەسەڵات، بێشک مرۆڤی پاک و خاوێن لەموحاسبە و لێپرسینەوە ناترسێت.

دەمەوێت ژینگەی عێراق بەفمونە بێنمەوە کە بەگشتی سروشتی خەڵکەکە وایە یان وا ڕاهاتووە دەبێت زۆر جاران یاساکان تونdبن بۆئەوەی ج بەجێ کردنیان بەرهەمی هەبێت بۆیە واپێویستە لەهەرێمی کوردستانیش کاری دام و دەزگاکان و خزمەتگوزارییە گشتییەکان باشتر بخرێنە خزمەت هاوواڵتیان بۆ ئەوەی ڕۆتینات و کەمتەرخەمی کەم بکرێتەوە لەپێناو سودی گشتیدا، لەکۆڵا ئەوەی لەدنیای وڵاتە پێشکەوتووەکانیشدا دەبینین ئەوەیە هۆیەکی سەرکەوتنی ئاستی ژیانیان لەڕووی داهێنان کۆمەڵایەتی ئابووری و زۆر بابەتی تردا، هاوواڵتیەکانیانە.. واتە هاوواڵتی لەگەڵ حکوومەت هاوکارە لە ژینگەدا لە پاراستنی ئاسایشدا لە پارێزگاری کردن لەسەرمایەی مرۆیی و کانزایی و فەرهەنگیدا، بەڵام ڕەنگە لێرە بەشێک لەوانەی تاڕادەیەک چەواشەکراون پێیان وایە دەبێت حکوومەت هەموو کارێک بخاتە سەرشانی خۆی واتە یەک لایەنە پێویستە خزمەت بکات بەڵام لەهەر شوێن و ئیدارەیەکی دنیادا ئەوەکارێکی مەحاڵە. خەڵک و تاکی کۆمەڵگە دەبێت ڕابهێنرێت لەسەر خۆش ویستنی نەتەوە و پاڵپشتکردنی حکوومەت لەکارەباشەکانیدا وە ڕەخنەش لەکارە خراپەکان بگرێت بە شێوەی مەدەنیانەی هاوچەرخ، چونکە هەتا دۆخی پەیوەندی هاوواڵتی و خەڵک باش نەبێت کێشەکان دروست دەبن بەپێچەوانەشەوە باش کردنی ئەوپەیوەندییە لەڕێگەی تێگەشتن لەدۆخی حکوومەت لە گوزەرانی خەڵک واتە کاتێک تێگەیشتن لەنێوان هاوواڵتی و دەسەڵاتدا هەبوو کێشەکان باشتر چارەسەر دەبن. بۆیە لەم کابینەدا ئومێد ئەوەیە هەڵپەرستان ستۆک بکرێن و هاوواڵتیان مافەکانیان لەچوارچێوەی یاسا ڕەچاوکراوەکاندا پاریزراوبێت.

خەڵک وابزانێ کەهی منە! دەڵێ من دونیام دەوێ و قیامەت بۆ تۆ! دیارە هارون ڕەشید قبوڵ ناکات دەڵێ نابێ.. زوو بیسرەوە. (بالولیش) بە ناچاری ناوی خۆی دەسڕێتەوە دەڵێ ئەی چی بنووسم هارون ڕەشید دەڵێ ناوی من بنووسە و بنوسە (جامع هارون ڕەشید) دیارە پاش ئەوەی دەینوسن بالول بە هارون ڕەشید دەڵێ کاکە تۆش فەرقت نیە لەگەڵ من!! من بۆ دونیام بوو دەرکەوت تۆش بۆ دونیاتە!. بەڵێ ئەو سەردەمە وای لێهاتووە وەک بالول فەرموویەتی زۆربەیان وان و نموویەکی تر بەر لە (5) سال پێش ئێستا لە میواندارییەک بووم لە کاتی میواندارییەکەم یەکێک هاتە ئەو ماڵە کە پێی دەگووترا (شێخ فلان) و منیش لە بەری هەڵسامەوە ڕێزم گرت و پاش ماوەیەک لە گەڵ خاوەن ماڵ کەوتە گفتوگۆ لە ناو قسەکانی هەندێ تیر و توانجی هاویشت و گووتی خەڵکی ئەو سەردەمە و پارەداری ئەو سەردەمە و مەسئولی ئەو سەردەمە وەک پێشوونین! خاوەن ماڵ پیاوێکی دیندارە گووتی بۆچی یا شێخ؟ لە وەڵام شێخ گووتی من خەریکی دروستکردنی مزگەوتم و کەس نایەت هاوکاریم بکات کەس یارمەتی بۆ مزگەوت نانێری و بەشداری ناکات لە گەڵم. منیش وەڵامم داوە گووتم یا شێخ حەق نیە مزگەوت و تەکیە بە تەما و هاوکاری خەڵک بکەیت واجبیش نیە لە سەرت کە دەبێ مزگەوت بکەی گەر نەدەتوانی بە تەمای خەڵک حەق نەبوو ئەو کارە بکەیت.

وە گووتم ئەوە لە لایەک لە لایەکی تر ڕاستە جەنابتان شێخن بەڵام شێخ ئەو شێخەیە کە لە لای خوا شێخ بێت چونکە ئێمەش ئەو حەقیقەتە دەزانین هەرچەندە لە لایەنی ئەدەب و ئەخلاق بە هەموو شێخێک دەڵێن شێخ و ڕێزمان هەیە بۆیان و بۆت، بەڵام لە ناو دڵەوە شەرت نیە هەموو کەسێک بە شێخ دابنێین وە من قەناعەتی خۆم هەیە کە کێ شێخە!! ئەم قسانەم بۆیە کرد چونکە دەمزانی کاکی شێخ ئەو زەویەی بۆ مزگەوتەکەی لە (شێخی شێخ و شێخی بازرگانی و نان) بۆیە من وای دەبینم شێخی ڕاستەقینە و ئەهلی تەقوا خەریکە لە ناو شێخەکانی بازرگان و دونیایی بزر بن، دەکرێ بگووترێ هەرئەوانەن بوونە بە هۆکاری گومان دروست کردن و تێکدانی بیروباوەڕی ئایینی هەندێ کەس لە کەم تەجروبە و گەنجەکان و بوونە بە هۆکاری دروست بوونی بێ بڕوایی لای کەسانێک , لەو سەردەمە خەڵک بە ئاگایە لێیان و هەم دەبیستێ هەم دەبینێ ئاسانیش نیە قەناعەت بە نامەعقولی و بابەتی دوور لە حەقیقەت و خەیاڵ بینێ، کەچی کەسانی سادە و ساکار بەم منافقانە بە ئاسانی فریو دەخۆن و تووشی بێ بڕوایی دەبن، سەریان لێدەشێوێ، هۆکاری سەر لێشێواویش منافقە بە ناو ئیماندار و تەقواداڕەکانن، بۆیە دەبێ تێبگەین لە وشەی شێخ لە نیەتی مزگەوت دروستکردن چونکە ئەوەی بە ئاشکرا هەڵەیە دەبینرێ گرنگ نیە لە چ شوێنێک دەبێ و چ ناوێکی دەبێ هەڵە هەر هەڵەیە لە هەرکەس بێت وەک هەر گەندەڵێک و نابێت بە شێخ، هەرچەند واش بگووترێ شێخایەتیش هەر ئەوەیە کە بۆ خوا دەکرێ، بۆیە پێناسەی تر هەڵناگرێ، چونکە ئەوەی بۆ خوایە لە خزمەت ئادەمیزادیش دەبێ و فڕوفێڵی تێدا ناکرێ، لە کۆتاییدا دەڵێین ئەوەی تەنها مەبەستی خوا و ئاخیرەت نەبێ شێخ نییە و نابێت بە شێخ و ئەوەی موزایەدە و تجارەتیش بەو ناوە بکات لە پەنای مالی خوا خۆی حەشاردا ئەوانەش منافق و گەندەڵن، لەوانی دونیایی خراپترن چونکە جارێک ڕووپۆش و مزەدەرن و جارێک گەندەڵ و منافقن.

* ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی پارتیزگای هەولێر (پ.د.ک).



سالار حیسامی

ڕامانێکی کورت لەسەر چەمکی دەوڵەتی باش و خراپ

چەمکی دەوڵەتی خۆشگوزەران (Welfare State) بۆ یەکەمجار لەلایەن دەوڵەتمەداری ئەڵمانی ئۆتۆ ئیدوارد لیۆپۆلد ڤۆن بیسمارک -Otto Eduard Leopold von Bismarck) بەکارهێناوە. بیسمارک لە ساڵانی 1815تا 1898ژیاوە و لە(1ی ژووەنی ساڵی 1867تا 21ی مارسی 1871) وەک یەکەم ڕاوێژکاری باڵای ئەڵمان(سەدری ئەعزەم) ئیدارەی وڵاتی لە ئەستۆ گرتووە و لەو ماوە کورتەدا بە هۆی کارنامەی درەوشاوەی نازناوی – سەرۆکی ئاسنین ژیان پێ بەخشیوە. بیسمارک جەختی لەسەر ئەوە کردووەتەوە کە دەبێ دارشتنی سیاسەت لە سەر بنەمای پاراستنی بەرژەوەندیی نەتەوەیی و خۆشگوزەرانیی هاوواڵتی بونیاد بنرێ، هەنگاوەکانیشی لە پێناوی چەسپاندنی سەروەریی نەتەوەیی بووە، بۆیە بە باوکی نەتەوەیی ئەڵمان ناسراوە.

ئەگەرچی جیا لە کاریگەریی هەزاران ساڵەی ئایینی، لەسەدەی کۆتایی هەزارەی دووەمی زایینیش و بەتایبەتی دوای شۆڕشەکانی فیبریگەری و نۆکتۆبەری یەکێتیی سۆڤییەتی پێشوو لەساڵی 1917ی زایینی و سەرکەوتنی حزبی بلشویک بە ڕێبەرایەتی ڤێلادیمیر لنین و دامەزرانی حزبی کۆمۆنیستی یەکێتیی سۆڤیەت، تەوژمێکی جیهانگەرایی و سۆسیالیستی ڕووبەڕووی ناسیۆنالیزم و نەتەوەگەرایی بوویەوە، بەڵام لە پاش لێکترازانی یەکێتیی سۆڤیەت لە ساڵی 1991ی زایینی و جیابوونەوە و سەربەخۆیی پتر لە 15 وڵاتی سەربەو یەکێتییە، جارێکی دی پێناسەی دەوڵەتی خۆشگوزەران بە بەهاکانی نەتەوەییەوە گرێ درایەوە، گۆڕەپانە هزرییەکەش تا هەنووکە گیرۆدەی مێتۆدی جیاواز و تەفسیری جۆراوجۆر بۆ سیستەم سیاسییەکانی سۆسیالیستی، سەرمایەداری، لیبراڵی، دیموکراسی، ئیتنی و ئایینی و هەروەها شۆڕشە پیشەسازییەکانە، بێگومان جیابیرانیش لە ئێستا و داهاتووشدا لە ململانێی بۆچوونی یەکدیدا دەبن.

ئەوەی کە گرینگ و جێی بایەخپێدانە، ئەوەیە کە ناوەندەکانی تۆڕێنەوە و لێکۆڵینەوەی فکری و سیاسەتسازان لەمێژە تاوتوێ و شرۆڤەی سیستەمە سیاسییەکان دەکەن، بۆ ئەوەی جێگە بە سیستەمە شکستخواردووەکان لێڕ بکەن و جێگرەوە(بدیل)ی باشی بۆ بدۆزنەوە، لە ئێستاشدا لایەنگرانی چەمکی دەوڵەتی خۆشگوزەران(Welfare State)، حوکمڕانیی باش (Good Governance)و دەوڵەتی باش (Good Government) کە هەر کامیان پێناسەی خۆیان هەیە، لە سەر ئەوە کۆکن: دەوڵەت دەبێ ئابووری و سوپای بەهێزی هەبێ، توانای پاراستنی ئاسایش و سەقامگیریی وڵاتی هەبێ، یاسامەندی بچەسپێنێ، دەرفەتی یەکسان بخولقێنێ، داڕپەروەری جێگیر بکا، خزمەتگوزاری و خۆشگوزەرانی بۆ هاوواڵتیانی مسۆگەر بکا.. هەر حوکمڕانی و دەوڵەتێکیش یەکێ لەو فاکتانەی نەبێ، بە دەوڵەتی خراپ یان شکستخواردوو لە قەڵەم دەدرێ.. ئەو دەوڵەتانەش کە دوورن لە داڕپەروەری و حوکمڕانەکانی میللەتی خۆیان سەرکوت دەکەن، سامانیان بە تاڵان دەبەن و لە خۆشگوزەرانی و خزمەتگوزاری بێبەشیان دەکەن، جگە لە وەی دەوڵەتی شکستخواردوون، حوکمڕانییەکەشیان بەرەو هەلدێر دەڕوا، گومانیش هەڵناگرێ، درەنگ و زوو خۆیان لە دۆڵی فەوتاندا دەبینەوە.

کاریگەریی پابەندبوونی کارمەندان لە بەڕێوەبردنی کابینەی نوێەمدا



د. حەکیم خۆشەڤی

لە نێوان بەهاکانی ئەخلاقیی گرنگ بۆ بەڕێوەبردن، پابەندبوون، بە پێکهاتەیەکی سەرەکی دادەنرێت کە بە هۆیەوە حکوومەتەکان بە شێوەیەکی ڕەوان چالاکییەکانیان ڕادەپەڕێنن. بیرمەند و زانایانی بواری بەڕێوەبردنی جۆریی تێبینی بایەخ و کاریگەری پابەندبوونیان کردووە. ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زیاتر سەبارەت بە پابەندبوون (تێوەگلانی ئەرێنی) قسە دەکرێت، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە زانیاری سەبارەت بەم بابەتە و کێشە و گرفتەکانی، ڕوو لە زیادبوونداین و پابەندبوون بە کلیل و بنچینەی نوێبوونەوە، چاکسازی لە پرۆسەکان و کوالیتی یاخود ڕکەبەرایەتی دادەنرێت.

هەر لەم سۆنگەیەوە لە چوارچێوەی یەکەم دانیشتنی کابینەی نوێەمدا، پێنج بڕیار دەرچوون کە پابەندبوونی کاربەدەستان و کارمەندەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پشکی شێری بەرکەوتووە و بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ لە سێ بڕیاری یەکەم بەرچاو دەکەوێت و ناڕاستەوخۆ پەیوەندی بە دوو بڕیارەکەی ترەوە هەیە و بە بناغەی جێبەجێکردنیان هەژمار دەکرێت. بۆیە لەم بابەتەدا شەن و کەوی ڕەهەندە جیاوازەکانی ئەم بەها ئەخلاقییە لە پرۆسەی بەڕێوەبردندا دەکەین.

پابەندبوونی کارمەندان بە هەلومەرجێکی تایبەت دادەنرێت کە بە هۆیەوە ئاستیکی بەرزی کوالیتی و بەرهەمی حکوومەت دەستەبەر دەبێت. پابەندی و تێوەگلان دوو ڕەهەندی ناوەکی و دەرەکیی هەیە. دەتوانین ئیشێک چاودێری بکەین و بە بەرزی هەڵیبسەنگێنین کە دەبینین کەسێک باشتر لە کەسێکی تر ئیش دەکات و بە حەزەوە بەرپرسیارێتی لە ئەستۆ دەگرێت و زیاتر چالاکی دەنوێنێت. باس لەوە دەکەین کە کەسێک پابەندە بە ئیشەکەیەوە و کەسێکی تر بە دڵ و گیان ئیش ناکات.

لەناو بابەتە زانستییەکاندا، باسی چەندین جۆری پابەندبوون و تێوەگلان دەکەن و لێکی شیدەکەنەوە کە بە هەڵسووکەوت و بنەماکانی کارمەند لە بەرامبەر حکوومەتەوە پەیوەستن. بۆیە دەتوانین باسی ئەم جۆرانەی خوارەوە بکەین:

پابەندبوون و تێوەگلانی ناوەکی و دەرەکی کە پەیوەندیی بە هەڵسەنگاندنی ئیش و کاری کارەمەندەکانەوە هەیە و ئیشەکان چاودێری دەکرێن و هەڵسەنگاندنیان بۆ دەکرێت.

پابەندبوون و تێوەگلانی سست و بەردەوام کە تیایدا بە شێوەی بەردەوام ئیش و کارەکان بە باشی ئەنجام دەدرێن، بەڵام بەهایەکی نوێ نابەخشێت.

پابەندبوون و تێوەگلانی کارا کە تیایدا بەهایەکی زیاتر دەبەخشێت و چالاکییەکانی کارمەند لە سنووری ئامانجەکان زیاتر دەبێت.

تێوەگلان بە مەبەستی مانەوە لە شوێنێک، ئەم جۆرە پابەندبوونە پەیوەندی بە ڕەزامەندی لە جێبەجێ کردنی ئیش و کار و بڕوا و متمانە بە کارەبەدەستان و سەرکەوتنەکانی ئایندەوە هەیە.

تێوەگلانی ڕێکخراوەیی، لێرە کارمەندەکان خۆیان لەگەڵ ئامانجەکان و ئەرک و کارەکانی ئەو شوێنەی کە تیایدا ئیش دەکەن دەبینەوە و ئامادەی هەر جانبەخشینێکن بۆ سەرکەوتنی ئیشوکارەکانیان، تێوەگلانی پیشەیی، واتا دەستنیشانکردن و ناسینی ئامانجەکانی تایبەتی و پابەندبوون بۆ بەدەستهێنانی ئەم ئامانجانە، بەهەری بەکارهێنانی کەسانی تر کە ئەم پیشەیان هەیە و بریتییە لە حەز و ویستی هەڵسوکەوتی پیشەیی ئۆتۆنۆمی.

پابەندبوون لەسەر بنەمای حەز و ئارەزوو، کە تیایدا کارمەند بە نیازە لە داموودەزگایەک ئیش بکات و ویستی هەیە ئامانجەکانی خۆی بەدەست بهێنێت، بەرپرسیارە لە ئیش و ئەرکەکانی و هەست بە پێویستی دەکات. پابەندبوون بە ناچاری، ئەمە لەلایەن ئەو کارمەندانەوە بەدی دەکرێت کە لە شوێنێک ئیش دەکەن و ناتوانن ئیشەکەیان بگۆڕن، ئەمەش بۆ نەبوونی شوێنێکی تر دەگەڕێتەوە یاخود کە کارمەند لە تەمەنێکی وایە کە ناتوانێت ئیشەکەی بگۆڕێت. نەبوونی پابەندبوون و تێوەگلان، کارمەندەکان هەوڵدەدەن ئیشێکی نوێی تر بدۆزنەوە.

پابەندبوون بە هەست و سۆزەوە کە تیایدا کارمەندان خۆیان لە بەهاکان و ئامانجەکان دەبینەوە و بە هی خۆیانی دەزانن و ئیش و ئەرکەکانی بە هەست و سۆزێکی ئەرێنی ئەنجام دەدەن، پابەندبوونی بەردەوامبوون، کە ئەمەش وەکو تێوەگلانی ناچاریی کە تیایدا کارمەند باش دەزانێت کە ئەو کارەی کە هەیەتی باشترین ئیشە لەو کاتەدا، پابەندبوونی ستاندەری کە لەناو کارمەندەکاندا بەدەردەکەوێت و بە شێوەیەکی بەهێز گرێدراوی ڕێکخراو دەبێت و وەکو پێویستی ئەخلاقی و ئاکاری دەستنیشان دەکرێت. پابەندبوون و تێوەگلان وەکو بەهایەکی ڕێکخراوەیی و ئەخلاقی بە کارمەندانی هەر ڕێکخراوێکەوە بەستراوەتەوە. ئەوان هەیکەلێکی گونجاو بۆ ئەنجامدانی ئیش و کارەکان و گەشەکردنیان دروست دەکەن. بۆیە پابەندبوون و ئاستی تێوەگلانی ئەوان بە یەکێک لە داینامۆ سەرەکییەکانی هەر سیستەمی ستافی و مرۆیی کاریگەربیان لەسەر ئاستی پابەندبوونەوە هەیە. سەرەڕای ئەمەش هەڵسوکەوتی دەستەی هەڵسوڕاندن و پابەندبوونیان بە کار و چالاکییەکانیان و شێوازی بەڕێوەبردنیان کاریگەرییەکی زۆری هەیە.

لە نێوان فاکتەرەکانی کاریگەر لەسەر پابەندبوون دەتوانین باسی هۆکارەکانی ناوەکی کە پەیوەستن بە پێگەی تایبەتی کارمەند و دەرەکی واتا هۆکارەکانی دەوروبەری کارمەند بکەین. بۆ فاکتەرەکانی ناوەکی دەتوانین: هاندەری سەربەخۆیی، بەهرەکان، بنیاتنانی پەیوەندیی نێوان تاکەکان، شێوازی ڕێکخستنی ئیش وکارەکان، حەز و ویستی تایبەتی، دڵنیا بون لە بەهاکانی ئەنجامدانی ئیش و کارەکان، ناو ببەین. بۆیە هۆکارەکانی دەرەکی بریتین لە: شێواز و ستایلی بەڕێوەبردن، سیستەمی هاندان، شێوازی پەیوەندی لەناو ڕێکخراودا، پاڵنەر و گوشارەکانی دەرەکی، باروودۆخی ئێستای ئابووری، سیستەمی بەهایی، سیاسەت و ستراتیژیەتی ڕێکخراو، هەست بە دڵنیایی ئەرکەکانیان بکەن. هەروەها باس لە مەشق و ڕاهێنان پێکردنی کارمەندان و پاڵپشتی و کردنەوەی سیستەمێکی باشی پاداش و مووچە دەکرێت کە دەکەوێتە سەر ئەستۆیان. ئەمەش ڕێگا بۆ سیستەمێکی گفتوگۆ و پەیوەندی نێوان کارگێڕ و کارمەندان خۆش دەکات.

پابەندبوونی دەستەی کارگێڕی پێویستە لەگەڵ کردنەوە و بەشداری پێکردن لە کەلتوری کوالیتی گرێبەرێتەوە. ئەم شێوازە پەیوەستە بە: کرداری دەستنیشانکردنی ڕوانگە، داهاتوو یاخود ئامانجی کەلتووریی کوالیتی، دەستنیشانکردنی بەهای گشتی بۆ هەموو کارمەندان، باشترکردنی ئەنجامی دارایی و پەیوەندیی لەگەڵ هاوڵاتی، سەرمایەگوزاری لە مەشق و ڕاهێنان و پەروەردەکردنی کارمەندەکان لە بواری بەڕێوەبردندا.

تێروانینەکان ئاماژە بەوە دەدەن کە دادپەروەری یەکێکە لەو فاکتەرانەی کە هەڵومەرجی پابەندبوون و وەفەستۆگریی کارمەندان دەستەبەر دەکات. پێشتر باسی ئەوەمان کرد کە دادپەرستی و متمانە ڕاگرتنی ئاستێکی باشی پابەندبوون و تێوەگلانی کارمەندان بە شێوەیەکی ئەرێنی کار لە ئەنجامی ئیشەکان دەکات.

بەرووڕای وا هەیە کە ڕەفتارکردنی هەقپەرستانە پابەندبوونی کارمەندانی لێدەکەوێتەوە و ئەو کەسانەی هەست بە نادادپەروەری دەکەن ئاستی وەفەستۆگرییان نزمترە. گشت جۆرەکانی دادپەرستی ڕەنگدانەوەیان لە سەر پابەندبوون و تێوەگلانەوە هەیە.

ئەوەی جێگای ئاماژە پێکردنە ئەوەیە کە کارمەندەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، بە هۆی قەیرانی دارایی و هۆکارەکانی تر، قۆناغێکی سەخت و دۆژواریان تێپەڕاندووە و بەرگەی وەرنەگرتنی 33 مووچەیان گرتووە و پابەندبوونی خۆیان پێشاندواوە و پشتی حکوومەتیان بەرنەداوە و ئەمەش جێگای تەقدیرە.

بۆیە ئەرکی کابینەی نوێەمە کە بۆ ئەوەی ئاستی پابەندبوونی کارمەندەکانی بەهێزتر بکات، بە زووترین کات ئەم ڕێکارانەی خوارەوە بگرێتە بەر:

چیتر بە کارمەندەکانی حکوومەت نەوترێت فەرمانبەر، ئەمە بەو واتایەی دێت کە کارمەندەکان ئەمرازێکن بۆ پێکانی ئامانجەکانی حکوومەت، ڕاستە کارمەند ئەرکێکی لە سەر شانە، بەڵام لە هەمان کاتیشدا خاوەنی مافیشە، بۆیە کارمەندەکان دەبێ شەریک و هاوبەشی کابینەی نوێەم بن و خۆیان لەگەڵ ئامانجەکانی ئەم کابینەیە ببینەوە،


بە زووترین کات کێشەی مووچە چارەسەر بکرێت و نەبێتە هەواڵی بە پەلەی میدیاکان و سیستەمی مووچە و پاداش لە سەر بنەمای دادپەروەری ڕێک بخرێتەوە و ببێتە هاندەری کارمەندەکان،

زیاتر جەخت لە پابەندبوونی وەزیر و بەڕێوەبەرە گشتییەکان بکرێتەوە و دەستنیشانی ئەرک و ڕۆڵ و بەرپرسیارێتییان بکرێت و خزمەتکاری هاوڵاتی و کارمەندەکانیان بن،

زیاتری پێ بدرێت و هەر لە سەرەتای دامەزراندنەوە تاکو خانەنشینی کارمەندەکان، پێداچوونەوە بە یاسا و ڕێساکان بکرێت و لەگەڵ ستاندەرە نێودەوڵەتییەکان نزیک بکرێنەوە، لایەنگری و واستەکاری و هەڵاواردن بە یەکێک لە نیشانەکانی لاوازبوونی ئاستی پابەندبوونی کارمەندەکان هەژمار دەکرێت، بۆیە پێویستە ئاسەوارەکانیان لە کابینەی نوێەم کەم بکرێنەوە، زیاتر گرنگی بدرێتە مەشق و ڕاهێنانی کارمەندەکانی حکوومەت و بوودجەیەکی تایبەتی بۆ تەرخان بکرێت و وەزیر و بەڕێوەبەرەکانیش لەم مەشق و ڕاهێنانەدا بەشدار بن.

لە کۆتاییدا هیوای سەرکەوتن بۆ ئەم کابینەیە دەخوازین کە بێبەش نەبێت لە ئاوڵاتی و کارمەندەکانی خۆی.





سازان وەهاب

نیازپاکی لەگەڵ عادل عەبدولەهدی

شاندی کابینەی نۆیەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە هەنگاوی یەکەمیدا بە دروشمی(نیازپاکی) ڕوویان لە بەغدا کرد، وەک دەگوترێ ئامانج لێی کردنەوەی تەواوی دەرگاکانی چارەسەری کێشە و ناکۆکییەکانی نێوان هەولێر و بەغدایە، لەسەر پرسە گرنگەکانی وەک نەوت و مووچە و پێشمەرگە و ناوچەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان. .هتد.

ئەمە لەسەر ئاستی ناوخۆیی و نێودەوڵەتی و هەرێمایەتیش جۆرێک لە پشتیوانی بۆ دروست بوو، چونکە چوونە پێشەوەی حکومەتی هەرێم بە نیازی چارەسەر لەگەڵ بەغدا بابەتێکی نوێ نییە، ئەوەی نوێیە بوونی سەرۆک وەزیرانێکی وەک عادل عەبدولەهدییە، کە تائێستا توانیویەتی جۆرێک لە ئەو نیازپاکییە نیشان بدات کە ئامانجی هەرێمی کوردستانیشە بۆ ئەوەی لە چەند پرسێکدا بەهەردوولا بگەن بە ڕێککەوتن.

بەڵام پرسیاری گرنگ ئەوەیە، ئەم نیازپاکییە لەلایەن حکوومەتی هەرێم و ئەو جۆرە مامەڵە دروستەی عادل عەبدولەهدی هیچ ئاستەنگێکی لەپێشە؟

ئەم پرسیارە دەبێت میژووی هەموو ڕێککەوتنەکانی عێراق لەگەڵ هەرێمی کوردستان و شۆڕشەکانی پێش ڕاپەڕینیش بخرێتەڕوو کە تێدا هەمیشە عێراق لە دۆخێکی لاوازیی خۆیدا پەنای بۆ ڕێککەوتن و نیازپاکی بردووە تا ئەو کاتەی بەهێز بووەتەوە و ژینگەیەکی بۆ ڕەخساوە بۆ چەوسانەوەی کورد، بەردەوامیش عێراق لایەنی یەکەم و پشکی زۆری بەرکەوتووە لە جێبەجێ نەکردنی ئەو ڕێککەوتنانە، لە دوای 2003کە قۆناغی دەسەڵاتی شیعە دەستپێدەکات کە کۆتایی بە دەسەڵاتی بەعسییەکان هات، ژمارەیەکی زۆر ڕێککەوتن لە ئاستی حکوومەت و ئەحزاب کران، لەسەر ئاستی نەتەوەیی و مەزهەبیش ئەم ڕێککەوتنانە بنەمایەکیان هەبووە، بەڵام لە ئاستی جێبەجێکردنی ئاستەنگی زۆری بۆ دروستدەکرا.

کورد سەردەمێکی تاڵی لەگەڵ ئەو ڕێککەوتنانە هەیە، لە ئیبراهیم جەعفەریەوە تا مالیکی و تا عەبادی، دەرگایەک کە بەم ئومێدە کەمەوە کراوە بێت عادل عەبدولەهدییە، ئەگەر لایەنە شۆڤێنییەکان نەبنە کۆسپ و ولاتانی ئیقلیمیش نەبن بە ئاگرخۆشکەری فیتنەی نەتەوەیی و مەزهەبی، ئەوا تاڕادەیەک بەو نیازپاکییەی کابینەی نۆی حکوومەتی هەرێم و بەو تێگەیشتنەی مەهدی دەتوانێ 4 ساڵی پێکەوەیی لە چارەسەرکردنی کێشەکان تێپەڕێنێ.

ناشکرێ و بڕوا ناکرێت بوونی ئەو هەموو کێشانە بەیەکجارەکی بێتە چارەسەرکردن لەماوەی ئەم 4ساڵەدا، بەڵام ئەوەی زۆر گرنگە لەسەر ئاستی ناوخۆیی کۆدەنگیەک بۆ ڕێگەکانی چارەسەری کێشەکان لەگەڵ بەغدا دروست بێت و هەموو هێزە کوردستانییەکان ببنە بەشێک لەو هەوڵە و لەسەر ئاستی عێراقیش بتوانن هەموو پەیوەندییەکان بخەنە خزمەتی ئەوەی چارەسەرنەکردنی کێشەکان و دروستکردنی گرفت لەبەردەم ئەو هەنگاوانە لە قازانجی هیچ لایەنێک نییە. چونکە ئەوەتا هەندێک هێزی شۆڤینی بەم دۆخەی هاتۆتە ئاراوە نیگەرانە و دەیەوێ بە جۆرێک وا شەقامی عێراقی هان بدەن کە عادل عەبدولەهدی نەرمی دەنوێنێ و نابێت ئەو ڕێگەیەی بۆ خۆشبکرێت.

کەواتە لە ئێستادا نیازپاکییەی نێوان حکوومەتی هەرێم و عادل عەبدولەهدی باشترین دەرفەتە بۆ چارەسەرکردنی بەشێک لەو کێشانە.

وون بوون

پسوولەی شارەوانی ٢ هەولێر ژمارەی پسوولەی ٠١٠٢٩٣٠ بەروار ٢٠١٨/١٠/٢٨ بەڕی ٣٠٠٠٠٠ بەناوی حسن محمد صالح وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

وون بوون

ناسنامەی مامۆستای زانکۆ کۆلیژی ئەندازیاری سەر بە زانکۆی صلاح الدین بەناوی د. دلشاد خضر حمدامین وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

وون بوون

پسوولەی شارەوانی عەنکاوە ژمارەی پسوولە ٠٦٩٠٥٠٥ رێکەوت: ٢٠١٨/١٢/٢٠ بەبری ١٠١٥٠٠٠ بەناوی ابتسام دنحا هرمز وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

مديرية الجنسية و الاحوال المدنية لمحافظة اربيل
الواقعات

الرقم: ٥٠٧٣
التاريخ: ٢٠١٩/٤/١٤
اعلان

قدم المواطن (عبدالرحيم اسماعيل رحيم) دعوى فى هذه مديريه تسجيل اللقب (مەحالی) فمن لدية اعتراض مراجعه هذه مديرية خلال ١٠ ايام من تاريخ نشره فى الجريده و بعكسه فسوف تنظر هذه المديريه فى المدعوى وفق احكام المادة ٢٤ من قانون البطاقه الوطنيه رقم ٣ لسنه ٢٠١٦.

عبدالرحمن عزيز شوانى
مدير شؤون الاحوال المدنية اربيل

***

مديرية تنفيذ سميل
العدد/٦٩١/ت/٢٠١٩
التاريخ/٢٠١٩/٧/٢٨
م/الاخبار بقرار الحجز التنفيذي للاموال الغير المنقولة
اسم المدين (فاطمة علي خلف)

نخبرك بانه قررت مديريتنا بوضع الحجز التنفيذي على العقار المرقم (١٣٨/١) مقاطعة ٣٩ كرى كورى) والعائدة اليك لقاء الدين المحكوم به البالغ مجموعها (١٠٠٠٠٠٠٠) عشرة ملايين دينار عراقي فيجب عليك اداء المبلغ المترتب بذمتك خلال مدة (عشرة) ايام من اليوم التالي من تاريخ النشر لهذا الاخبار والا فان العقار المحجوز ستباع وفقا للقانون وذلك استنادا للمادة (٨٧) من قانون التنفيذ

المنفذ العدل / ريبر سلمان خالد

***

ئاگاداری

وەزارەتی دارایی و ئابووری هەڵدەستێت بە بەکرێ دانی رووبەری (٢٠٠٠)م٢ لە پارچە زەوی ژمارە (٢/٣) ك (١٠) سوێرێ پشت ریگای هەولێر- گوێر بەمەبەستی دروست کردنی کۆگا بۆ ماوەی (٢٠) ساڵ بە زیاد کردنی ئاشکرا بە پێی یاسایی ٣٢ ساڵی ١٩٨٦ هەموارکراو رێنمایی دارایی ژمارە (٥) ی ساڵی ١٩٨٦ جا هەر کەسێك ئارەزووی بەشداری کردنی هەیە لە زیادکردنەکە سەر لە بەرێوەبەرایەتی خانووبەرەی میری لە هەولێر بدات لە ماوەی (٣٠) رۆژ کە دەست پێ دەکات لە رۆژی دوای بڵاوکردنەوەی سەعات (١٠) ی سەر لە بەیانی بە مەرجێك بارمتەی یاسایی (٢٠٪) یەدەگی پێی بێت لەبری پارەی خەملێنراو گشت خەرجیەکانی بەکرێ دانیش لە ئەستۆی کرێچیە.

نزار حسین عبدالله
ی. بەرێوەبەری گشتی بۆ کاروباری خانووبەرەی میری

***

سەرۆکایەتی لیژنەی دووەمی زەوی دەست بەسەراگرتن لە هەولێر
ژمارە: ٤٧
بەروار: ٢٠١٩/٧/٢٨
ئاگاداری

سەرۆکایەتی لیژنەکەمان هەڵساوە بە راستکردنەوەی ناو:-

لەسەر داوای (غزعل سرتيپ اسماعيل) کە لە داواکاریەکەی دهاتووە لە بەرواری ٢٠١٩/٤/١ داوا دەکات راستکردنەوەی ناوی باپیری بۆ بکرێت لە (اسماعيل روستم بيرەکە) بۆ (اسماعيل روستم پيرداود) لە بڕیاری تەسویەی پارچە زەویەکانی ژمارە (٤٨) (٢٦٠) (٢٢٠) (٣٢٢) (٣٥٨) (١٥٢) (٢١٦) (٢٢٨) (٢٠٥) (٢٨٦) کەرتی ٢٥/صفيه, کە لەسالانی تەسویە بەهەلە تۆمارکراون, جا هەر کەس و لایەنێك بەهەلستکاری هەیە لەسەر راستکردنەوەی ناوەکان ئاگادارمان بکاتەوە لەماوەی (١٥) رۆژ لە بڵاوکردنەوەی ئاگادارییەکە بەپێچەوانەوە لیژنەکەمان کارەکەی ئەنجام دەدات بەپێی یاسا.

سەرۆکی لیژنە / کاوە جعفر محمود

***

سەرۆکایەتی دادگای تێهەڵچونەوەی ناوچەی هەولێر
دادگای باری کەسیەتی کۆیە
ژمارە/ ١٨٨/ش/٢٠١٩
رێکەوت ٢٠١٩/٧/٢٨
ئاگانامە

بۆ/ داوالێکراو (کایلی نیکاو فلیپس) دانیشتوی شاری کۆیە- نازادی بەڵام نیستا شوێنی نیشتەجێ بوونی نادیارە داواکار(ریدار شکر قادر) داوای ژمارە(١٨٨/ش/٢٠١٩)ی لەسەرت تۆمار کراوە لەم دادگایە تیایدا داوای کردووە لەبەردەم ئەم دادگایە تەلاقت بدات وەلەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێ بوونت نادیارە بەگوێرەی رووبەری (٢٠٠٠)م٢ لە پارچە زەوی ژمارە (٢/٣) ك (١٠) سوێرێ پشت ریگای هەولێر- گوێر بەمەبەستی دروست کردنی کۆگا بۆ ماوەی (٢٠) ساڵ بە زیاد کردنی ئاشکرا بە پێی یاسایی ٣٢ ساڵی ١٩٨٦ هەموارکراو رێنمایی دارایی ژمارە (٥) ی ساڵی ١٩٨٦ جا هەر کەسێك ئارەزووی بەشداری کردنی هەیە لە زیادکردنەکە سەر لە بەرێوەبەرایەتی خانووبەرەی میری لە هەولێر بدات لە ماوەی (٣٠) رۆژ کە دەست پێ دەکات لە رۆژی دوای بڵاوکردنەوەی سەعات (١٠) ی سەر لە بەیانی بە مەرجێك بارمتەی یاسایی (٢٠٪) یەدەگی پێی بێت لەبری پارەی خەملێنراو گشت خەرجیەکانی بەکرێ دانیش لە ئەستۆی کرێچیە.

نزار حسین عبدالله
ی. بەرێوەبەری گشتی بۆ کاروباری خانووبەرەی میری

***

سەرۆکایەتی لیژنەی دووەمی زەوی دەست بەسەراگرتن لە هەولێر
ژمارە: ٤٧
بەروار: ٢٠١٩/٧/٢٨
ئاگاداری

سەرۆکایەتی لیژنەکەمان هەڵساوە بە راستکردنەوەی ناو:-

لەسەر داوای (غزعل سرتيپ اسماعيل) کە لە داواکاریەکەی دهاتووە لە بەرواری ٢٠١٩/٤/١ داوا دەکات راستکردنەوەی ناوی باپیری بۆ بکرێت لە (اسماعيل روستم بيرەکە) بۆ (اسماعيل روستم پيرداود) لە بڕیاری تەسویەی پارچە زەویەکانی ژمارە (٤٨) (٢٦٠) (٢٢٠) (٣٢٢) (٣٥٨) (١٥٢) (٢١٦) (٢٢٨) (٢٠٥) (٢٨٦) کەرتی ٢٥/صفيه, کە لەسالانی تەسویە بەهەلە تۆمارکراون, جا هەر کەس و لایەنێك بەهەلستکاری هەیە لەسەر راستکردنەوەی ناوەکان ئاگادارمان بکاتەوە لەماوەی (١٥) رۆژ لە بڵاوکردنەوەی ئاگادارییەکە بەپێچەوانەوە لیژنەکەمان کارەکەی ئەنجام دەدات بەپێی یاسا.

سەرۆکی لیژنە / کاوە جعفر محمود

***

سەرۆکایەتی دادگای تێهەڵچونەوەی ناوچەی هەولێر
دادگای باری کەسیەتی کۆیە
ژمارە/ ١٨٨/ش/٢٠١٩
رێکەوت ٢٠١٩/٧/٢٨
ئاگانامە

بۆ/ داوالێکراو (کایلی نیکاو فلیپس) دانیشتوی شاری کۆیە- نازادی بەڵام نیستا شوێنی نیشتەجێ بوونی نادیارە داواکار(ریدار شکر قادر) داوای ژمارە(١٨٨/ش/٢٠١٩)ی لەسەرت تۆمار کراوە لەم دادگایە تیایدا داوای کردووە لەبەردەم ئەم دادگایە تەلاقت بدات وەلەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێ بوونت نادیارە بەگوێرەی خوزگەی ژیانی هاوبەشی نێوانتان و بڵاوکردنەوەی ئاگادارییەکە لە (٣) رۆژنامەی ناوخۆیی بڵاوکراوە بۆ ئەوەی لە ماوەی (٣٠) رۆژ لە رۆژی

سەرۆکاتیا باژێرڤانیا زاخو
ژمێریاری/بوودجە
ژمارە: ٢/٣٠١/٢/ ٢٩٧٢
ڕێکەفت: ٢٠١٩/٧/٢
ئاگەهداری
لپەی بەندێن مادا نەهێ برگە (٣) ژیاسا کرین و فروتنا مولکێن دەولەتێ ژمارە ٣٢ سالا ١٩٨٦ سەرۆکاتیا باژێرڤانیا زاخو رادگەهینت ژبو هوبونا سەرئیک زێدەکرنەکا ئاشکرا ژبو کرێکرنا (گولخانەکی) پشکەک ژ پارچە زەڤیا یا ژمارە (١/٥) کەرتێ ١٢ رکاوە ب روویەرێ (١٤٠٠م٢) بو ماوێ (٣) سالا ئەڤجا کەسێ بڤێت بەشداریێ د سەرئیک زێدەکرنا ئاشکرا دا بکەت پێتڤێ یە داخوازێن خو پشکێشی سەرۆکاتیا باژێرڤانیا زاخو بکەت لگەل بارمتێن دەستپێکی (تامینات اولیە) ب بڕێ (٢٠٪) ژ بەرامبەریا پێشکێش کری (البدل المقدر) د ماوێ (١٥) روژا دا هەر ژ بەروارا بەلاڤکرنا ئاگەهداریێ د روژنامە فەرمی دا و سەرئیک زێدەکرن دێ ل دیوانا سەرۆکاتیا باژێرڤانیا زاخو هێتە کرن پشتی بداوی هاتنا ماوێ بەلاڤکرنێ و هەرکەسێ سەرئیک زێدەکرن بگەهەتێ دێ کرییّن بەلاڤکرنێ و ئاگەهداریێ و گشت خەرجا سەردەرکت.
ئەندازیار/ بشار منیب محمود
سەرۆکی باژێرڤانیا زاخو
* * *
دادگای باری کەسایەتی لە دهوك
ژمارە/ ٨٣٠/ش/٢٠١٩
ڕێکەفت: ٢٠١٩/٧/٢١
راگەهاندن
بو/ داوالێکری: ناصر صديق صالح
ل دیف داخازیا داواکار (یسری امین خالد) و کێشا ژمارا وێ ل سەری دیار کری تێدا داخازا
سەلماندنا مارەبرینێ ژتە کری و ژبەر نەدیار بوونا جهێ ئاکنجی بوونا تە بو دادگەهێ ل دیف نڤیسارا بەربژارێ (تاخی شورش/ کری باصی) ل ڕێکەفتی ٢٠١٩/٧/٨ ئەڤجا بریار هاتەدان کو ئاگەهداریا تە بێتە کرن ب ڕێکا دوو روژنامێت روژانە دا ئامادەبی ل روژا (٢٠١٩/٨/٤) یان بریکارەکێ پێش خوڤە ئامادەبکە و بەروڤاژیا ڤێ چەندێ دێ دادگەهـا تە پاشملی هێتە کرن.
دادوەر/ زیرڤان احمد حسین
* * *
دادگای کەتنی هەولێر/٢
ژمارە: ٣٨٨/پاسپۆرت/٢٠١٦
ڕێکەوت: ٢٠١٩/٧/٢٢
بۆ تۆمەتباری هەلاتوو: محمد جهاد صالح
ئاگادارکردنەوەی (سزا)
ئەم دادگایە بریاری حوکمی دەرکردووە بە ژمارە ٣٨٨/ك/٢٠١٦ لە ٢٠١٩/١/٢٧ لەسەرت بە پێژاردن (الغرامە) بەبری (٢٥٠,٠٠٠) دوو سەدو پەنجا هەزار دینار بەپێی ماددەی ١٠/ یەکەم لەیاسای (پاسپۆرت) بەشێوەیەکی پاشملە غیابی لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێت ناداریە بریاردرا بەهۆی دوو ڕۆژنامەی ناوخویی ڕۆژانە پێت رابگەینرێت مافی تانوو لێدانت هەیە (الطعن) لە بریارەکە بەرێگای نارازیبوون (الاعتراض) لە ماوەی یاسایدا ٣ سێ مانگ لەڕۆژی بلاوبوونەوەی ئەم ئاگادارییە بەپێچەوانەوە (التمییز) لە ماوەی (١) یەك مانگ بە پێچەوانەوە بریارەکە پلەی بنبروەدەگرێت.
دادوەر/ حسن علی مراد امین
* * *
دادگای تاوانی هەولێر/١
ژمارە: ٢١٤/ج/٢٠١٤
ڕێکەوت: ٢٠١٩/٧/٢٢
بۆ تۆمەتباری هەلاتوو/ اردلان فرهاد صابر
ئاگادارکردنەوە سزا
دادگای تاوانی هەولێر/١ لە داوای ژمارە ٢١٤/ج/٢٠١٤ وە پاش دادگاییکردنت بەپاشملە غیابی لەڕۆژی ٢٠١٩/٦/١١ دادگا بریاریدا بەبەندکردنت بۆ ماوەی ٦ شەش سالّ بەپێی ماددەی ١/٤١٢ لەیاسای سزا بۆیە بەگوێرەی یاسا پێت رادەگەیەنین کە لەماوەی شەش مانگ لەڕۆژی بلّاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە بەپێی ماددەی ٢٤٣ لەیاسای بنەماکانی دادگاییکردنی سزایی مافی تانە لێدانت لاعتراض و پێداچوونەوەت هەیە بەپێچەوانەوە بریارەکە پلەی بنبروەدەگرێت.
سەرۆك/ عبدالباسط عبدالله فرهادی
* * *
دادگای باری کەسی هەولێر/٣
ژمارە: ٣٤٣٢/ش/٢٠١٩
بەروار: ٢٠١٩/٧/٢٨
جارِدان
بۆ/داوالێکراو (حازم حسام الدين نجم الدين) شوێنی دانیشتنت نادیارە
داواکار : (هودا خلیل سلیم) لەم دادگایە داوایەکی لەسەرت تۆمارکردووە بەژمارە ٣٤٣٢/ش/٢٠١٩ تیایدا داوای (التفریق للهجر) دەکات وەلەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی نووسراوی ئیشعاری موختاری گەرەکی (مەلایان) بۆیە دادگا بریاریدا بە پێراگەیاندنت بەهۆی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆو ڕۆژانە بە ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە بۆ ڕۆژی دادبینی ٢٠١٩/٩/١٠ کاتژمێر ٩ی بەیانی.
دادوەر/صباح قادر كاملا
* * *
دادگای باری کەسی هەولێر
ژمارە: ٤٠/ت/٢٠١٩
بەروار: ٢٠١٩/٧/٢٨
جارِدان
ئەم دادگایە هەڵدەستێ بە فرۆشتنی ئۆتۆمبێلی ژمارە (٧٨٣٥٠/هەولێر) جۆری (پیکب دیر دبل قەارە) مودیل (٢٠١٠) ڕەنگی (سپی) کەبەناوی خوالێخۆشبوو (قهار محمد احمد) لەڕۆژی ٢٠١٩/٨/٢١ کاتژمێر ١٢ی نیوەڕۆ جاهەرکەسێك دەیەوێ بەشداری بکات با ئامادەبێت لەم دادگایە لەکات و شوێنی دیاریکراو، وە پارەی یاسایی ١٠٪ لەگەڵ خۆی بهێنێت وە ئۆتۆمبێلەکە خەمڵێندراوە بەنرخی (٦,٩٠٠,٠٠٠) دینار.
دادوەری یەکەم/ دیار محمد علی
* * *

Crescent Petroleum

Job Details	
Position Title	Seismic Supply Chain Technical Assistant.
Direct Supervisor	Drilling Supply Chain Supervisor.
Department	Drilling Supply Chain
Job Location	Sulaimaniyah - KRG
Document Ref: SSCTA/SC/July/19	

Job Summary and Scope of Responsibilities

MAJOR FUNCTIONS
Ensures Procurement functional compliance for all internal and external requirements, Procurement of materials, issues, track consumptions records, be able to execute functional compliance requirements. Coordinate with local vendors for delivery of services. Reports to the Drilling Supply Chain Supervisor.

Primary Duties and Responsibilities

ESSENTIAL FUNCTIONS
1. Ensures all Operating Safety environment and security procedures are followed as per the company's HSE rules and regulations in order to maintain highest standards of Procurement operations achieved.
2. Maintains procurement documentation and approved Supplier list.
3. Gathers all required documentation to add, change or obsolete suppliers to the Approved Supplier List and distribute.
4. Reviews vendor list including prequalification of new vendors.
5. Works closely with Vendors to ensure the key process are running efficiently and cost effective.
6. Adheres to the company's policies with particular regards to Accounting procedures.
7. Reviews Bidders recommendation and bid comparisons.
8. Works closely with suppliers to ensure that key processes are running efficiently and cost-effectively.
9. Builds strong working relationships both internally and with key suppliers.
10. Reviews material requisition status reports.
11. Prepares Purchase orders for goods and services.
12. Identifies new suppliers/vendors and update database accordingly.
13. Contacts vendors or agency representatives to obtain availability and product information to solicit bids.
14. Develops RFQ and confer with Vendors.
15. Coordinates spare parts procurement.
16. Updates Tracking Sheet and send reports to end users.
17. Carries out Budget Tracking for MR's with Accounts and prepare monthly report.
18. Updates MR's using E-buyer assists system and adhere to minimum queries.
19. Tracking of all procurement invoices and checking all documentation prior processing of invoices.
20. Follow up with Account Dept for processing of invoices.
21. Maintain records of tools, equipment consumed in the operation and verify Inventory stocks

Reporting and Communication
22. Reports to the Drilling Supply Chain Supervisor on all issues relating to Logistics and Procurement.
23. Exhibits and maintains professional relationships with vendors and suppliers.
24. Exhibits and maintains excellent working relationships with all CreDan's staff.

1

Crescent Petroleum

Continuous Improvement of Position
25. Attends periodic meetings, seminars and trainings to keep abreast of Supply Chain trends and market developments.
26. Regular interaction with Seismic team to be aware of objectives, materials & resource requirement & develop an appropriate work plan.

Working and Other Reporting Relationships	
Drilling Supply Chain Supervisor – CreDan	Frequent/daily
Head of Business Services – CreDan	Frequent
Work over team CreDan	Frequent/daily.

Supervisory Responsibility
Have to guide roustabouts in ware house on proper handling & storage of Completion tools.

Minimum Educational, Technical Qualifications/Certifications Required
Bachelor's Degree in engineering preferable from Petroleum, Mechanical.

Minimum Professional Experience Required
Three years minimum professional experience in Procurement, Knowledge of Completion tools & accessories.

Special Requirements and Conditions
Will have to transit between Suli Drilling Office and field based on operational requirements.

Competencies/Knowledge, Skills and Abilities

Core Competencies	Behavioral Competencies	Functional Competencies
• Excellent organizational and planning skills • Excellent communication skills • Commitment to continuous learning • Knowledge sharing • Time management • Ability to meet deadlines • Ability to work under stress	•Tact and good judgment in dealing with sensitive issues • Team player • Well-rounded interpersonal skills • Ability to demonstrate honesty and confidentiality • Proactive approach • Flexibility • Alertness and attention to details	• Knowledge of Work over operations and tools function & requirement • Knowledge of Computerized Inventory and Tracking Systems • Knowledge of HSE aspects and requirements as applied to industrial projects • Excellent knowledge of MS Office Suite

Crescent Petroleum

Please submit your application or CV to our office addresses as below no later than 8 August 2019

1- Erbil, Gulan Park Tower, Floor 5th
2- Sulaymaniyah, Qaiwan Tower, Floor 16th


OR

Email to us at: jobs_cpdg@crescent.ae (Kindly mention in the Subject of your E-mail the Job title and Job reference which is Seismic Supply Chain Technical Assistant: Ref: (SSCTA/SC/July/19).

ئەمڕۆ لە مێژوودا



ساڵی 1899:
جارنامەی لاهای تایبەت بە بەکارنەهێنانی گازە ژەهراویەکان لە کاتی جەنگ مۆر کرا.



ساڵی 1921:
ئەدۆلف هیتلەر بووە سەرۆکی پارتی کرێکارانی نەتەوەیی سۆسیالیستی ئەڵمانی.



ساڵی 1965:
4 هەزار سەربازی سەر بە یەکەی 101ی پەرەشوتی ئەمەریکی گەیشتنە ڤێتنام.



ساڵی 1991:
سەبارەت بە دانان بە سەروەری و سەربەخۆیی یەکتر، ڕووسیا و لاتڤیا ڕێککەوتنێکیان مۆر کرد.



ساڵی 1996:
ئۆپۆزسیۆنی عێراق هەوڵی شکستهێنانی هەوڵێکی بۆ تیرۆرکردنی سەددام حوسێن ڕاگەیاند.



ساڵی 2018:
لە دوورگەی لۆمبۆکی ئەندەنوسیا بومەلەرزەیەک بە گورِی 6.4 پلە ڕوویدا و لە ئەنجامدا 16 کەس گیانیان لەدەست دا.

گرنگترین کاردانەوە نێوخۆ و دەرەکییەکان
لەبارەی دەستبەکاربوونی بۆریس جۆنسۆنی سەرۆک وەزیرانی نوێی بەریتانیا



ئا: خالید گەردی

وەک پێشتر پێشبینی بۆ دەکرا، ڕۆژی سێشەممەی ڕابردوو بۆریس جۆنسۆن وەزیری دەرەوەی بەریتانیا لە هەڵبژاردنەکانی پارتی پارێزگاران لە شوێنی تیریزا مای پۆستی سەرۆکی ئەو حزبەی بەدەست هێنا ، ئەمەش ڕێگای لەبەردەم خۆش کرد وەک سەرۆکی حزب، پۆستی سەرۆک وەزیرانیش بەدەستەوە بگرێت.بۆریس جۆنسۆن کە پێشتر سەرۆکی شارەوانی شاری لەندەنی پایتەخت بوو دواتر پۆستی وەزیری دەرەوەی بەریتانیای گرتە دەست، لە هەڵبژاردنی سەرۆکێک لە شوێنی تیریازا مای کە پێشتر بەهۆی کێشەی بریکزیت دەستی لە پۆستی سەرۆک وەزیران و سەرۆکایەتی کردنی پارتی پارێزگاران کێشابۆوە، توانی (92153) دەنگ بەدەست بێنێت، لەبەرامبەردا جیرمی هنتی ڕکابەرەکەی تەنیا (16656) دەنگی بەدەست هێنا ، دوای سەرکەوتنەکەشی، شاژن ئەلیزابیسی دووەم بۆ پێکهێنانی حکوومەت ڕایسپارد.هەردوای ڕاگەیاندنی سەرکەوتنی لەپەکەم وتەیدا جونسون پەیمانی یەکخستنەوەو بەرەو پێشبردنی بەریتانیا، هەروەها تەواوکردنی بریکسیت، واتا دەرچوون لە یەکێتی ئەورووپای، دا. ناوبراو بەڵێنی بە گەلی بەریتانیا دا لە 31ی مانگی تشرینی داهاتوو وەک دوا واده ئەم کاره بە کۆتا بهێنێت.

کاردانەوەکان لەسەر ئاستی ناوخۆی بەریتانیا

ئەگەر چی دوای ڕاگەیاندنی سەرکەوتنی بۆریس جۆنسۆن، لە نێوخۆی بەریتانیا بەسەدەها خەڵکی چەپڕەو گردبوونەوەیەکی ناڕەزاییەتیان لەبەردەم بارەگای حکومەتی بەریتانیا لە دژی دەستنیشان کردنی جۆنسۆن وەک سەرۆک وەزیران ئەنجامدا، ژمارەیەک لە ئەندامانی ئەنجومەنی گەل و ڕۆژنامەنووس و کەسایەتییە سیاسییە چەپڕەوەکانیش بەشداربیان تیا کرد، یەکێ لە بەشداربووانی گردبوونەوەکە گوتی هەڵوێست و وتەکانی جۆنسۆن دژ بەنەژادەکان لە بەریتانیا ، ئەو وڵاتە چەند دەیەیەک بەرەو دوا دەگەڕێنێتەوە.

جیرمی کوربنی سەرکردەی پارتی کرێکارانی بەرهەڵستکاری بەریتانیاش گوتی: جۆنسۆن بە پاڵپشتی کەمتر لە (100) هەزار ئەندامی پارتی پارێزگاران سەرکەوتنی بەدەست هێنا ، ئەویش دوای ئەوەی جۆنسۆن بەڵێنی کەمکردنەوەی باجی بەسەر دەوڵەمەندەکان دا و خۆی وانیشان دا هاوڕێی بانکەکانەو هەوڵی دەرچوون لە یەکێتی ئەورووپا بە بێ ڕێککەوتن دەدا. ناوبراو لەسەر تویتەرەکەی نووسیویەتی بیرۆکەی جۆنسۆن دەربارەی دەرچوون لە یەکێتی ئەورووپا بێ ڕێککەوتن بەواتای بێ کار کردنی فەرمانبەرو کرێکاران و بەرزبونەوەی کەلوپەل دێت، بەدوور نازانرێت لە پێناو ئاشتبونەوەی لەگەڵ دۆنالد ترەمب ئامێرە تەندروستییە نیشتیمانییەکانیش بە کۆمپانیا ئەمریکییەکان بفرۆشێت. پێویستە ڕۆڵەکانی وڵات لە هەڵبژاردنێکی گشتیدا بڕیار لەسەر ئەوە بدەن کێ دەکەنە سەرۆک وەزیران نەک ئەندامانی پارتێک.لەبەرامبەر ئەم بەرەیەشدا، چەندین کەسایەتی سیاسی بەریتانی پیرۆزبایی سەرکەوتنیان لە سەرۆک وەزیرانی نوێ کرد، لە نێوشیاندا نایجل فاراجی سەرۆکی حزبی بریکسیت ناوبراو لە تویتەرەکەی نووسیویەتی: هیوای سەرۆکەوتن بۆ جۆنسۆن وەک سەرۆک وەزیران دەخوازم هیواخوازم بە جەرائەتەوە بەڵێنی جێبەجێ کردنی بریکسیت لە 31ی مانگی تشرینی داهاتوو بباتە سەر.

کاردانەوە دەرەکییەکان

بەڵام لەسەر ئاستی دەرەوە چەندین سەرۆک و بەرپرسی بالآی دامەزراوە جیهانییەکان پیرۆزبایان ئاراستەی جۆنسۆن کرد،دۆنالد ترەمپی سەرۆکی ئەمەریکا یەکەم سەرۆک وڵات بوو هەر دوای سەرکەوتنی یەکسەر پیرۆزبایی لە جۆنسۆنی سەرۆک وەزیرانی بەریتانیا کردو بەکەسێکی مەزنی ناوبرد. ئیمانویل ماکرۆنی سەرۆکی فەرەنساش پیرۆزبایی خۆی بە بۆریس جۆنسۆن ڕاگەیاندو گوتی بەپەرۆشەوە دەمەوێت لەگەڵیدا کار لەسەر کێشە هاوبەشە ئەورووپییەکانمان بەتایبەتی دانوستاندن لەبارەی بریکست و هەروەهالەسەر ئاستی کێشە نێودەوڵەتییەکانیش فەرەنساو بەریتانیا هەماهەنگ بن. لە پەیوەندییەکی تەلەفۆنیشدا وێڕای پیرۆزبایی داوای لە سەرۆک وەزیرانی نوێی بەریتانیا کرد سەردانی پاریس بکات،ماتیو سالفینی جێگری سەرۆک وەزیرانی بەریتانیاش هیوای سەرکەوتنی بۆ جۆنسۆن وەک سەرۆک وەزیرانی نوێی بەریتانیا خواست و گوتی چەپڕەوەکان وا پێناسەی دەکەن لە حزبی ڕابیتەی ڕاستڕەوی تووندڕو مەترسیدارترە، ئەم پێناسەی چەپڕەوەکان وا دەکات زیاتر خۆشم بوێت.محەمەد جەواد زەریفی وەزیری دەرەوەی ئێرانیش نووسیویەتی، پیرۆزبایی سەرکەوتن لە هاوتاکەی پێشووم (بۆریس جۆنسۆن) کە ئێستا بۆتە سەرۆک وەزیرانی بەریتانیا دەکەم، لەدرێژەی نووسینەکەشیدا گوتوویەتی ئێمە ئارەزووی ڕووبەڕووبوونەوە ناکەین، بەڵام بە درێژایی 1500میل کەناری ئاوێمان لەسەر کەنداوی فارسیدا هەیە ، ئەو ئاوی ئێمەیە پارێزگاریشی لێدەکەین. ئەمەش دوا بەدوای ئەو کێشانە هات کە بەهۆی گلدانەوەی کەشتی یەکتر سەری لە نێوان هەردوو وڵات سەری هەڵدا.لەلای خۆشیەوە ئەنگیلا میرکی ڕاوێژکاری ئەڵمانیا ، پیرۆزبایی لە جۆنسۆن کردو داوای بەردەوامبوونی هاوکاری و پەیوەندییە بەتینەکەی نێوانیانی کرد.جاستن ترودوی سەرۆک وەزیرانی کەنەداش لە وتەیەکیدا کە ئاراستەی جۆنسۆنی کردبوو پیرۆزبایی لێ کردو گوتوویەتی لەپێناو پاراستنی پەیوەندییە بەهێزەکەی نێوان هەردوو وڵات هەروەها بەرفراوانترکردنی بازرگانی و ڕەخساندنی هەڵی کاری زیاتر بۆ هاوواڵتیەکانمان هیواخوازم پێکەوە کار بکەین.شایانی باسە ، بۆریس جۆنسۆن کە بەتوندی دژی مانەوەی بەریتانیایە لە یەکێتی ئەورووپایە و هەوڵ دەدات بە هەر نرخێک بێت لێی دەربچێت، ناوبراو بەڵێنی بە گەلی بەریتانیا دا کێشەی بریکست وەک دوا واده لە 31ی مانگی تشرینی بەکۆتا بهێنێت، بەڵام ڕۆژی پێنج شەممەی ڕابردوو جان کلود یونکری سەرۆکی کۆمسیۆنی ئەورووپا سەر لەنوێ جەختی کردەوە، ئەو دەق و ڕێککەوتنەی کە پێشتر لەگەڵ بەریتانیا بۆ دەرچوونی ئەو وڵاتە لە یەکێتی ئەورووپا لەسەری ڕێککەوتووین، تاکە دەقی یەکێتی ئەورووپایە لەو بارەوە کاری لەسەر بکات، بەڵام جۆنسۆن ئەمەی ڕەتکردەوە. چاوەڕێنیش دۆسیەی بریکست و سەرهەڵدانی گرژیی و ئاڵۆزییەکانی ئەم دواییەی نێوان بەریتانیاو ئێران بەگەورەترین تەحەدای بەردەم بۆریس جۆنسۆن ناو دەبەن.

سەرچاوە:
فرانس AFP/24 / ڕویترز

کاریکاتێر



www.xebat.net
دوو شەممە 2019/7/29 ژمارە (5799) | خەبات

تیرێزا مای...

چی دوای سێ ساڵ مانەوە لە 10 داونینگ ستریت؟

ئا: هەندرین شێرزاد

تەنیا لە شەو و رۆژێکدا ، خاتو تیرێزا مای سەرۆکوەزیران بوو بە سەرۆکوەزیرانی پێشوو و لە شوێنی ئەو بڕیس جۆنسۆن دەست بەکار بوو ، دوای سەرکەوتنی لە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی پارتی پارێزگاران . لەو چەند ساڵەی دواییدا مای زۆر سەرقاڵ بوو و زۆربەی کاتەکانی بە سازکردنی کۆبوونەوە و وازۆکردن و بەڕێوەبردنی کاروباری وڵات بەسەر برد . چی دەبێ کاتێک لە پرێکدا ئەو هەموو سەرقاڵی و ژاوەژاوە زۆرە بگۆڕێت بۆ بێدەنگی؟



رۆژی رادەستکردنی دەسەڵات

دواییـن رۆژی دەسـەڵات بۆ تیرێزا مای بریتی بوو لە خولی کۆتـایی پـرسـیـنـەوە لـە سەرۆکوەزیران لە پەرلەمان، مـای بۆ مـاوەی سێ سـاڵ لـە داونـیـنـگ سـتـریت ژیـا و پێـشـوازی لـە گـەورە سیـاسـەتـمـەدار و سەرۆکی وڵاتانی زلهێزی جیهان کرد و سـەرۆکـوەزیـرانی پێـشـوودا نامێنن و پێویستە کەلوپەلی تایبەت بەخۆی بگوازێتەوە بۆ مـاڵـە کۆنـەکـەی لە کـەرتی مایدنهید.









ئینجا کۆبوونەوە لەگەڵ شاژنی وڵات. ئـەگـەرچی مـای لـە ئـایـاری رابـردوو دەستلەکارکێشانەوەی خۆی پێشکەش کرد ، بەڵام ئەو داواکاریە فەرمی نییە تا ئەو کاتەی لە کۆشکی باکینگهام ئاراستەی شاژنی دەکات . لە کاتێکدا ئەگەر مای چانسی هەبێ، دوور نـیـیـە شـاژن دیـاریـەکی پێشکەش بکات، چـونـکـە گۆردن بـراونی سـەرۆکـوەزیـرانی پێـشـووتـر وێـنـەیـەکی بـە واژۆی خـودی شاژن پێ برا.

گەڕانەوە بۆ ژیانی رابردوو

هـەمـیـشـە دەبـیـنـرێ کـە چـواردەوری سەرۆکوەزیران بە پۆلیس دەور دراوە ، چی دەبێ کاتێک سەرۆکوەزیران پایەکەی لە تواناشیدا هەبوو سەردانی ناوچەی چیکەرز بکات کە بۆ حەسانەوەی سەرۆکوەزیران تەرخان کراوە ، بەڵام ئێستا ئـەمـانـە لـەژێـر فـەرمـانی مایش دەبێتە خاوەنی هەمان ئیمتیاز ، بەڵام لەوانەیە ئەمە درێژە نەکێشێ . لەو بارەوە لۆرد دۆگلاس هێـردی وەزیری ناوخۆی بـەریـتـانـیـا دەڵێ : پێویستە پێشوەخت گرووپی کاریان کردووە و کاریان بۆ ئەو کردووە ، بەڵام ئێستا هەمان ئـەو گـرووپـە کـار بۆ سەرۆکوەزیرانی تازە دەکەن ، کەواتە لێرە بەولاوە دەبێ مای جـارێـکی دیـکـە بـە خۆی وەک جـاران رۆژانـە زبـڵی مـاڵـەوە فرێ بـداتـە شـوێـنی خۆی.

خۆشگوزەرانی

بـە مـەبـەسـتی هـاتـوچۆی سەرۆکوەزیـران ، حکـوومـەت ئۆتۆمبیلێکی تازە و شوفێری تایبەت تەرخان دەکات ، ئەوە ئیمتیازێکە و تەنانەت دوای نەمان لە داونینگ ستریت بۆ سـەرۆکـوەزیـرانی پێـشـوو دەمێنێتەوە، بۆیە لە داهاتوودا دوور نـیـیـە خـاتـو تـیـرێـزا مای بـبـینـن کـە بـە ئۆتۆمبـیـلێکی جۆری جاگوار هاتوچۆ بکات.

گەشتی دەرەوە

بە مـەبـەسـتی گەشـتـکـردن بۆ دەرەوەی وڵات و بـەشـداربـوون لـە کۆبـوونـەوە گـرنـگـەکـان ، حکـوومـەت فرۆکەیەکی تـایـبـەت و گـەورە و پێـشـکـەوتـووی بۆ سەرۆکوەزیران ئامادە کردووە ، بـەڵام لێـرە بـەمـلاوە خـاتـو مـای نـاتـوانێ ئـەم فرۆکەیـە بـەکـار بێـنێ و پێـویـسـتـە وەک هـەر تاکێکی ئاسایی نیو کۆمەڵگا پـەنـا بـبـاتـە بـەر رێـوشـوێـنی ئاسایی.

ئینجا چی؟

تـیـرێـزا مـای وەک نـوێـنـەری کەرتی مایدنهید ،بەرامبەر بە داهـاتـی سـاڵانـەی 79.468 جـونـەیـهی ئـسـتـەرلـیـنی لـە پایەکەی خۆی بەردەوام دەبێ ، هـەروەهـا بـواری ئـەوەی هـەیـە وەک تۆنی بـلێـر گۆردن بـراون کـتـێـبـێـک بـنـووسێ، هـەروەهـا بۆی هەیە بە تەواوەتی لە کاری سـیـاسـی دوور بـکـەوێـتـەوە و تـەنـیـا سـەیـری یـاری کـرێـکـت بکات.

سەرچاوە: بی بی سی.

زمانی ژمارە

تەنگەبەری هورمز

یەکێکە لە گرنگترین ڕێڕەوە نەوتیەکانی جیهان.
بەرتەسکترین بەشی 33 کیلۆمەتر بەرینە.
بە شێوەیەکی گشتی قوڵایی 60 مەترە.
رۆژانە 20 تا 30 کەشتی نەوتهەڵگری پێدا تێپەڕ دەبێ ، واتە لە هەر شەش خولەک کەشتیەک.
لەسەر ئاستی جیهان نزیکەی 4%ی کۆی نەوتی گوازراوەی جیهان لە ڕێی دەریاوە بەم تەگەبەرەدا دەڕوات.
زیاتر لەلایەن عێراق و کوێت و سعودیە و ئیمارات و قەتەرەوە بەکار دەهێنرێ.
ساڵی 2016 رۆژانە زیاتر لە 18.5 ملیۆن بەرمیل نەوت بەم تەنگەبەرەدا گوازراوەتەوە.
ساڵی 2017 رۆژانە زیاتر لە 17.2 ملیۆن بەرمیل نەوت بە تەنگەبەری هورمزدا گوێزراوەتەوە.
ساڵی 2018 رۆژانە زیاتر لە 17.4 ملیۆن بەرمیل نەوت بەم تەنگەبەرەدا گوێزراوەتەوە.



مانشێت



سکای نیوز:
جێگری سەرۆکی پارتی سۆسیالیستی ڤەنزویلی دەسەڵاتدار رایگەیاند کە دوور نیە ئەمەریکا هێزی مارینز ڕەوانەی وڵاتەکەی بکات.



ئاژانسی یونهاب:
بەڵەمێکی سەر بە کۆریای باکوور بە سێ کەسەوە سنووری دەریایی کۆریای باشووری بەزاند و لەلایەن هێزی دەریایی ئەو وڵاتە دەستبەسەر کرا.



رۆژنامەی ئەلحەیات:
پۆلیسی مۆسکۆ 211 کەسی لەو خۆپیشاندەرانە دەستگیر کرد کە داوای ئەنجامدانی هەڵبژاردنێکی ئازاد و دوور لە ساختەکاریان دەکرد.



رۆژنامەی ئەلشەرقولئەوسەت:
هێزەکانی تاڵیبان بەردەوامن لە کۆنترۆڵکردنی شار و شارۆچکەکانی ئەفغانستان.



ئەی ئێف پی:
بە مەبەستی ژیاندنەوەی برگەکانی ڕێککەوتنەکە، بڕیار وایە وڵاتانی واژۆکار لەسەر ڕێککەوتنی ئەتۆمی نێوان ئێران و ئەمەریکا لە ڤیەننا کۆبوونەوەیەک ساز بکەن.



کەنالی ئار تی:
لە باخێکی بڕۆکلینی نیویۆرکی ئەمەریکا و لە ئەنجامی تەقەکردن، 11 کەس بوونە قوربانی.



لە یادی 50 ساڵەی دابەزینی ئادەمیزاد لەسەر مانگدا

ئەو گوتارە خەمبارییەی کە هەرگیز نەخوێندرایەوە


لە 2019.7.20دا 50 ساڵ تێپەڕی بەسەر یادی یەکەمین نیشتنەوەی ئادەمیزاد لەسەر رووی مانگدا، کە ئەویش کەشتیوانی ئاسمانیی کۆچکردوو (نیل ئارمسترۆنگ) بوو لە ڕێگەی پرۆژەی (ئەپۆلۆ) و گەشتی ژمارە 11ی ئەپۆلۆدا، ئەوکاتەو لە نێو شاشەکانی تەلەفزیۆن و لە پەخشێکی ڕاستەوخۆ لەسەر ڕووی مانگەوە (ئارمسترۆنگ) جیهانی سەرسامکرد کاتێک دەرکەوت پێیەکانی خۆی بۆ یەکەمجار دەخاتە سەر خاکی تەنێکی دیکەی ئاسمانی لە دەرەوەی زەویدا، پاشان هاوەڵەکەی دیکەی کە تا ئێستا لە ژیاندا ماوە (ئیدوین ئالدرن) بووە دووەم کەس کە شۆڵی پێیەکانی لەسەر خاکی فشەڵ و پاوەدر ئاسای مانگدا دەنەخشێنێ..

ئەو پەخشە ڕاستەوخۆیەی کە 500 ملیۆن کەس لە جیهاندا بە یەکەوە بینیان.

بەڵام ئایا دەزانی کەوا لەگەڵ ئامادەکردنی (گوتاری پێشوازی لە سەرکەوتن و گەڕانەوەی کەشتیوانان بەسەلامەتی) بۆ سەر زەوی کە تایبەت بوو بە (ڕیچارد نیکسن) ی سەرۆکی ئەوکاتەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، هاوکات گوتارێکی دیکەش نووسرابۆوە کە خوانەخواستە ئامادەکرابوو بۆ (مالئاوایی کردن لە کەشتیوانامان) تا (ڕیچارد نیکسن) بیخوێنێتەوە ئەگەر هاتوو کەشتوانەکان و گەشتەکە دووچاری نشوست و لەناوچوون بوونەوە، جا چ لەکاتی پێش نیشتنەوە یان لەکاتی نیشتنەوەدا و پاشان پلان وابوو سەرۆک (نیکسۆن) بە تەلەفۆن پەیوەندی بە هەردوو خێزانەکانی ئەو دوو کەشتیوانە بکات و سەرەخۆشیان لێبکات.... کە ئەوەش دەقەکەیەتی:

"قەدەر وایکرد ئێمە ئەو دوو کەڵە پیاوە لەدەست بدەین لەوکاتەی ئەوان دەیانویست بە ئاشتیانە مانگ بدۆزنەوە ئا لەوێدا تا هەتایە بە هێمنی سەریان نایەوە... ئا ئەو پیاوە نەبەردانە (نیل ئارمسترۆنگ و ئیدوین ئالدرن) چاک دەزانن کەوا هیوای دووبارە گەڕاندنەوەیان بۆ خاکی نیشتماندا نییە، بەڵام زۆر چاکیش دەزانن کەوا لەو قوربانیدانەیان هیوایەک هەیە بۆ مرۆڤایەتی) ... بەڵام سوپاس بۆ خوا سەرۆکی ئەمریکی (نیکسن) هەرگیز ئەو ڕستە سەختانەی نەخوێندەوە چووە ناو ئەرشیفی ئاژانسی ناسا و بەرنامەی دۆزینەوەی مانگدا.

ناسا نەخشەی شۆڕنگەی 4 هەزار هەسارەی دەرەکی بڵاودەکاتەوە



ئیدارەی فڕین و بۆشاییگەڕی ئەمریکی (ناسا) نەخشەیەکی بڵاوکردەوەو تیایدا شۆڕنگەی 4هەزار هەسارەی دەرەکیی تازە دۆزراوەی دەستنیشانکردووە، واتە ئەو هەسارانەی دەکەونە دەرەوەی سیستەمی خۆرمان.

لەنێو نەخشەکەدا شۆڕنگەی ئەو هەسارانەی تیادایە کە لە ساڵی 1991وە دۆزراونەوە، بەڵام بەشی هەرە زۆری ئەو هەسارانە لەلایەن تلسکۆپی ئاسمانیی (کیبلەر) دا دۆزراونەتەوە کە بە (ڕاوکەری هەسارە دەرەکییەکان) ناسراو بوو و لە ساڵی 2018دا کۆتایی بە خزمەتی هێنراو لە پاشان تلسکۆپی ئاسمانی دیکەی بچووکتر شۆڕنی گرتەوە، وەک مانگی دەستکردی T.E.S.S کە بەم دواییە بچووکترین هەسارەی لە دەرەوەی سیستەمی خۆری دۆزییەوە، هەروەها چاوەڕوان دکرێت پێش کۆتایی ئەمساڵدا تلسکۆپی ئاسمانیی (یورۆپیان کاریترایزینگ ئێکزۆپلانیتس) هەڵداتە ئاسمان لە پێناو گەڕان بەداوی هەسارە دەرەکییەکان.

هەر مرۆڤێک بە دریژایی ژیانیدا 5 جار بە دەوری زەویدا دەخولێتەوە!



ئایا دەزانی کەوا لە ماوەی ژیانتدا - بێگومان لێرەدا بە شێوەیەکی گشتیی قسەدەکەین - 5 جار بە دەوری زەویدا خولایتەوە بێ ئەوەی هەستی پێبکەی؟

واتە، ئەو مەودایەی کە مرۆڤێکی ئاسایی بە دریژایی تەمەنیدا لە کاتی ڕۆیشتنیدا دەیبڕێت یەکسانە بە نزیکەی 5جار خولانەوەی بە دەوری گۆی زەویدا!

بە شێوەیەکی گشتی، مرۆڤ لەماوەی ژیانیدا نزیکەی 177 هەزار کیلۆمەتر دەبڕێت و ئەگەر کەسێک لە ڕووی جەستەییەوە چوست و چالاک بێت ئەوا لە ڕۆژێکدا 7 هەزارو 500 هەنگاو دەبڕێت، جا ئەگەر توانی لەو ئاستەدا بمێنێتەوە تا دەگاتە تەمەنی 80 ساڵیی ئەوا ئەوکاتە 216 ملیۆن هەنگاوی هاویشتووە!

ڕێکخراوی لێکۆڵینەوەی بۆشاییگەڕیی هیندیی ISRO بەرەو مانگ ڕۆیشتەوە



لە پرۆسەیەکی سەرکەوتووانەدا، ڕۆژی دووشەممەی ڕابردوو 2019.7.22 ڕێکخراوی لێکۆڵینەوەی بۆشاییگەڕیی هیندیی ISRO دووەم کەشتی ئاسمانیی تایبەت بە خۆی بەرەو مانگ هەڵداو ناوی ناوە (شاندرایان -2) دوای پرۆسەی سەرکەوتووانەی ڕەوانەکردنی یەکەم کەشتی هیندیی بۆ خولگەی تایبەتی خۆی لە دەوری مانگدا لە تشرینی یەکەمی 2018 کە ناسراو بوو بە (شاندرایان -1) .

(شاندرایان -2) لە هی یەکەم پێشکەووتوترو ئالۆزترەو کە لە قۆناغی یەکەمدا بریتییە لە نیشتاندنەوەی کەشتییەکی بچووک کە گەڕۆکێکی بچووکی شەش ویلی تیادایەو پاشان دابەزاندنی ئەو گەڕۆکە بچووکە بۆ سەر خاکی مانگ و مانەوەی بۆماوەی 14 ڕۆژ بۆ ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەی چڕوپڕ لەسەر سروشتی پێکهاتەیی کیمیایی و فیزیایی و تۆپۆگڕافی ئەو ناوچەیەی کە لێی دەنیشێتەوە.

ئەم نیشتنەوەیە لە ناوچەیەکی دەستنیشانکراوی پێشوەختە دەبێ لە (جەمسەری باشووری مانگ) دا کە بۆ یەکەمجارە (هیند) وەک وڵاتێک و خاوەن ئاژانس و دەزگایەکی فەلەکیی ژ بۆشاییگەڕیی کەشتییەکی ئاسمانی بۆ ئەو ناوچەیە ڕەوانە دەکات.

پێشتر بڕیار وابوو لە 15 تەمووز هەڵبدرێت بەڵام بەهۆی سەرهەڵدانی گرفتێکی تەکنیکی لە مووشەکی هەڵدانەوە پرۆسەکە دواخرا.


ساڵی 2026 لە گەنجینەیەکی فڕیودا نزیک دەکەوینەوە

ئاژانسی ناسا ڕایگەیاند کەوا پلانی داناوە بۆ نادرنی کەشتییەکی ئاسمانیی بۆ یەکێک لە ناوازەترین تەنی ئاسمانی نێو سیستەمی خۆر کە خاوەن قەبارەیەکی گەورەیەو بە پێی لێکۆڵینەوەو شیکردنەوە سەرەتاییەکان ئەو تەنە ئاسمانییە کە ناسراوە بە (سایکی- Psyche 16) یەگجار زۆر دەوڵەمەندە بەهەردوو کانزای زۆر گرانبەهای (زێڕو پلاتینیۆم).


بە پێی ڕۆژنامەی (ئێکسپرێس) و لە لێدوانێکی سەیردا، پسپۆڕانی فەلەکناسی ڕوونیان کردۆتەوە کەوا بڕی ئەو تونمە گرانبەهایانەی لەنێو هەسارۆکەی (سایکی 16) دا هەیە بەسییەتی بۆ تەفروتونا کردنی ئابووری گشت جیهان!

لەلای خۆیەوە ئاژانسی ناسا ڕایگەیاندووە کەوا لە هاوینی ساڵی 2022 یەکەم کەشتی ئاسمانی خۆی ڕەوانەی هەسارۆکەی (سایکی 16) دەکات و لە ساڵی 2026 دەگاتە نزیکترین خاڵ لەو گەنجینە فڕیوە مەزنەدا!تیرەی سایکی 16نزیکەی 200 کیلۆمەترەو بۆ یەکەمجار لە ساڵی 1852.3.17لەلایەن فەلەکناسی ئیتالی (ئانیبێل دی گاسپارس) لەنێوان خولەی هەردوو هەسارەی (مەریخ) و (موشتەری) دا دۆزرایەوە، خێرایییەکەی لە خولگەکەی دەگاتە 17.34 کیلۆمەتر لەیەک چرکەدا بە ماوەی 4.99ساڵ خولێک بە دەوری خۆردا تەواودەکات و بە ماوەی 4 کاتژمێر خولێک بە دەوری خۆیدا تەواو دەکات.

بەپێی ڕۆژنامەی THE SUNی بەریتانی، پسپۆڕان ئاشکرایان کردووە کەوا پێکهاتەی سەرەکیی ئەو هەسارۆکەیە بریتییە لە (زێڕو پلاتینیۆم و ئاسن و نیکل) و لە ڕووی بازرگانییەوە بەهای ئەو تونمانەی تیادایە بە دۆلار دەگاتە سنووری 10 لەگەڵ 18سفر، واتە 10کوانتیلیۆن دۆلار یان ساناتر بڵێین 10ملیار ملیار دۆلار.



تاتیشڤیلی قوربانیەکەی ڕەگەزپەرستی خەڵاتە داراییەکانیان بۆ گێڕایەوە



ئەنجوومەنی کارگێڕی پاڵەوانێتی گراند سلام ئەو سزایەی لەسەر ئانا تاتیشڤیلی خانمە تینسزانی ئەمریکی هەڵگرت کە پێشتر سەپاندبووی بەسەریدا و لە بەشداریکردنی سەرجەم پاڵەوانێتییەکانیاندا بێبەشیان کردبوو، ئەویش بەهۆی ئەوەی کە تۆمەتی خرابووە سەر لەوەی کە بەپێی پێوەرە پیشەگەرییەکان یاری نەکردووە.

ئانا تاتیشڤیلی تەمەن 29 ساڵ لە واڵی خۆی لە ئینستاگرام بڵاوی‌کردۆتەوە و نووسیویەتی: ئەنجوومەنی کارگێڕی پاڵەوانێتی گراند سلام بڕیاریدا کە من پێشتر بەپێی پێوەرە پیشەگەرییەکان یاریم کردووە و دواتریش هەموو ئەو پارەییان بۆ گێڕاندمەوە کە پێشتر بەدەستم هێنابوو کە بڕیتی بوو لە 46 هەزار یورۆ.

بەبێ دی یۆنگ و دی لیخت
ئەیاکس دەستی بەوەرزەکی کرد هەروەکو کۆتایی پێهێنابوو



یانەی ئەیاکس ئەمستردامی هۆڵەندی بەشێوازێکی نمونەیی وەرزی تازەی دەستپێکرد کاتێک بە دوو گۆڵی بێ بەرامبەر بە یاری جامی سوپەری هۆڵەندی لە یانەی ئایندهۆڤنی بردەوە.

بۆ جاری نۆیەم لە مێژوویدا یانەی ئەیاکس توانی نازناوی جامی سوپەری هۆڵەندی بەدەست بهێنێت و بۆیەکەمین جار دوای شەش ساڵ بەم نازناوە ئاشت بۆوە، ئەم دەستپێکەی ئەیاکس بەبێ دی یۆنگ و دی لیخت بوو، کە زۆرێک پێیان وابوو بەرۆیشتنی ئەم دوو یاریزانە، ئەو یانەیە لە رکابەری پێشەوە دوور دەکەوێتەوە، بەڵام لە ناو یاریگا پێچەوانە کەوتەوە و بەبێ ئەو دوو ئەستێرەیەش نازناوێکی بەدەستهێنا.

کارلۆ دەبێتە جێی متمانەی ڤالڤێردی

کارلۆس پیرێز لە یارییەکەی یانەی بەرشلۆنە لەگەڵ یانەی ڤیسێل کوبی ژاپۆنی بە ئاستێکی بەرز دەرکەوت و لەویارییەدا توانی 2 گۆڵ تۆمار بکات و ویستی بیسەلمێنی کە ئەو شایستەی ئەوەیە لە پێکهاتەی تیپی یەکەمی کەتالۆنی یاری بکات.


کارلۆس سپێرز کە بە کارلۆ نای دەرکردووە نۆیەم یاریزانە لەسەر دەستی ڤالڤێردی راهێنەر لە ریزی بەرشلۆنە دەردەکەوێت، لەوکاتەوەی لە ساڵی 2017ەوە ئەرکی راهێنەرایەتی وەرگرتووە، یاریزانە لاوە دەرکەوتووەکانیش بریتین لە ریکی بویچ، میراندا، چۆمی، کوینکا، کۆکۆریلا، ئۆریول بۆسکیچ، واجی و رویز، چاوەڕوان دەکرێت یاریزانی دیکەی لاو لە بەرشلۆنە دەرکەوێت.

ئیکاردی لە ژنەکەی دەترسێت

چەند ڕۆژێک بوو ماورۆ ئیکاردی لێکنەگەیشتنی لەگەڵ یانەی ئینتەر میلان هەبوو، کە میدیاکان پییان وابوو چیتر ئەو یاریزانە ئەرژەنتینیە لە یانەی ئینتەر میلان یاری ناکات، بەتایبەتیش لەوەی کە ئەم یاریزانە لەوادەی خۆی پەیوەندی بە مەشقەکانی یانەکەی نەکردەوە.

دوینێش ماورۆ لەیەکەی مەشقی یانەکەیدا بینرا و جۆرە بێدەنگییەک بالی بەسەردا کێشاوە زۆرێک لەمیدیاکان بەدوای ئەو نهینییەوە دەگەڕان، تا دواجار بۆیان دەرکەوت کە وانەی هاوسەری داوای لە ماورۆ کردووە هەر لە ئیتالیا بمێنێتەوە و هەروەها وەک هەرەشەیەک ئەوەشی پێگوتووە کە رازی نابێت لە یانەیەکی دەرەوەی ئیتالیادا یاری بکات.

وانەی هاوسەری ماورۆ رایگەیاندووە کە ئەو دوارۆژی منداڵەکانی ناکاتە قوربانی مێردەکەی و پێی گوتووە کە منداڵەکانی جگە لە ئیتالیا ئامادە نییە لە ولاتێکی تر دریژە بەخوێندنیاندا بدرێت.





بێل بە دۆڕانەکەی ریال پێدەکەنی و هەرایەکی دیکە دەنێتەوە

دۆرانە قورسەکەی ریال مەدرید بەرامبەر ئەتلەتیکۆ مەدرید بۆ هەمووان جێی نیگەرانی بوو، یاریزانانی ریال مەدرید جۆرێک بێزاریان بەرووخساریەوە دیاربوو، بەڵام تاکە یاریزان پێچەوانەی ئەوان دەم بەخەندەوە بوو، گاریس بێل بوو.

ریال مەدرید ئەویارییە دۆڕاند بە ئەنجامێکی گەورە 7-3 گۆڵ، لە خولەکی 62 گاریس بێل چووە ناو یارییەوە ئەوکات 6-1 گۆڵ بوو، ئەو یاریزانە هیچ خۆی بە ئەنجامەکە نەشلەژاند و جارە جارەش پیدەکەنی وەک ئەوەی خۆی نیشان دەدا کە ئەنجامەکە بەلای ئەوەوە هیچ گرنگ نییە و بگرە دڵخۆشیشە.

میدیاکانی ئیسپانی زوومی کامیراکانیان خستبووە سەر بێل و چەندی دیمەنی ئەو یاریزانەیان بڵاو کردەوە کە لەناو یاریگا زەردەخەنەی لەسەر لێوان بوو، میدیاکان ئەمەیان وەک سوکایەتی بە ریال مەدرید و زێدان لێکدایەوە و پییان وابوو کە ئەنجامەکە بەدڵی بێل بووە.

هاوکار کەلهوری





بۆ ڕێکلام کردن پەیوەندی بکەن بە:
0750 906 9595
یان ئیمەیڵی:
reklam@xebat.net
بەشی ئاگادارییەکان:
0750 588 1616

سەرنووسەر
سەلام عەبدوڵڵا
tel: 0750 445 9940 selam@xebat.net
0770 2969696
بەڕێوەبەری هونەری
شکار عفان نەقشبەندی
shkaraffan@gmail.com

خاوەنی ئیمتیاز
عەلی عەبدوڵڵا
سکرتێری نووسین
دڵشاد مستەفا وەسانی
dilshadmstafa@yahoo.com

KHABAT info@xebat.net
www.xebat.net
Daily Newspaper Kurdistan - Iraq
Organ of KDP
Concessioner: Ali Abdulla
Editor-in-chief: Salam Abdulla

خەبات XEBAT
Mon, 29. Jul. 2019 No: (5799)
ناونیشان: هەولێر- شەقامی سەرەکی مەسیف سەلاحەدین - بەرامبەر وەزارەتی پێشمەرگە . میدیا سەنتەر



هەولێر و مەهاباد و قامشلو و دیاربەکر بۆمن جیاوازییان نییە

هونەرمەند هێز و توانا و قورسایی لەوڵاتی خۆیدا هەیە

عەدنان کەریم: پێویستە هونەر بۆ کۆمەڵگا ببێتە مایەی فێربوون و پەروەردە

گۆرانییەکی 42 خولەکیم لە ئامادەکردندایە



ئامادەکردنی: هێمن ئاری

هونەرمەند عەدنان کەریم کە لە دوانزەی ئەم مانگە کۆنسێرتێکی لەشاری هەولێر ئەنجامدا بەهاوکاری گروپی میوزیکی مەحوی،کۆمەڵێک بەرهەمی جوانی پێشکەش بەهەوادارانی کرد. ئەم کۆنسێرتە لەلایەن کۆمپانیای ئیمپڕیا ریکخرابوو و جەماوەرێکی زۆر ئامادەی کۆنسێرتەکەبوون. هونەرمەند عەدنان کەریم، سەبارەت بەئەنجامدانی ئەم کۆنسێرتە بۆ ڕۆژنامەی خەبات گووتی: ئەم کۆنسێرتە لەچوارچێوەی ئەم زنجیرە کۆنسێرتە دێت کە بەنیازین لەچەند شارێکی دیکەی کوردستان ئەنجامی بدەین. لەدوای شاری هەولێر بەنیازین لەشاری سلێمانی و دهۆکیش ئەنجامی بدەین. ئەو کۆنسێرتەی شاری هەولێریشی بەیەکێک لەکۆنسێرتە سەرکەوتووەکان هەژمارکرد لەڕیانی هونەری خۆیدا و گوتی: جۆش و خرۆش و ئامادەبوونی جەماوەر بەوشێوەیە دڵخۆشیکردم.



پەیامی من بۆ زیاد ئەسعەد ئەوەیە بێتەوە کوردستان و وەک بولبوولەکەی جاران بچریکێنێ

ناسنامە و ئەو هونەرەی کە بۆ بەیانی هەموو ئەو نەتەوانەی ئێمە لەگەڵیان دەژین و بەسەربیاندا دابەشکراوین ، هونەرێکی تایبەت بەخۆمان و جیاواز لەگەڵ ئەوانداما هەبێت. بۆیە گرینگە بتوانین خاوەن هونەری خۆمان بین.

کۆنسێرت و گۆێگرتن لە شیعری جوان

سەبارەت بە ئەنجامدان و سازدانی کۆنسێرتی هونەرمەند عەدنان کریم گوتی: لەوڵاتاندا شێوازی کۆنسێرت شێوازێکی زۆر شارستانییە، هیوادارم لەکوردستانیش مانگانەیە یان هەفتانە بتوانرێت کۆنسێرت ئەنجام بدرێت و لەڕێگەی کۆنسێرێتەوە گوێگر بتوانێت بۆ ساتێکی کەمیش بێت گوێ لە شیعر و ئاوازی جوان بگرێت. هیوادارم ئەم بابەتانە پەرەی پێبدرێت و حکوومەتیش پاڵپشت بێت بۆ ئەم جۆرە کارانەبێت ، لەبەرئەوە بەر لەهەموو شتێک پێویستە بزانین هونەری کوروویی هونەری نەتەوەیەکە. هونەرمەند عەدنان کەریم گوتیشی : لەبەئەوە من هەمیشە هەوڵمداوە ئەمساڵ لەگەڵ گروپی مەحوی زنجیرە کۆنسێرتێک ئەنجام بدەم ، بۆ ئەوەی بەیەکەوە بتوانین بەگۆرانی و مۆسیقای کوردییەوە لەخزمەت هونەری کوردیدابین. (میژووەکی جوان و ڕەسەن) هونەرمەند عەدنان کەریم گوتی : لەهونەرەکەمدا ئەوەی بەلای منەوە گرینگە هەمیشە شیعر و هەڵبژاردنی شیعر بنەمایەک بووە بۆ گۆرانییەکانم، بنەمای میلۆدی بووە ، هەر بۆیە هەوڵمداوە سوود لە شیعری زۆربەی گەورە شاعیران وەک (نالی، مەحوی، گۆران، ئەحمەد بەگی جاف و...) چەندین گەورە شاعیری دیکە وەربگرم. ئەم شاعیرانە لەگۆرانییەکانمدا هەمیشە درەوشاوەبن و ببنە میژوویەکی جوان و ڕەسەنی کوردی.

شیعری کلاسیک و گەنج

هونەرمەند عەدنان کەریم لەوڵامی پرسیارێکی دیکە سەبارەت بەهەڵبژاردنی شیعری کلاسیک بۆ گۆرانییەکان و کەمتر تێگەیشتنی گەنج لەناوەڕۆکی شیعری کلاسیک گوتی: من جگە لەشیعری شاعیرانی کلاسیک شیعری شاعیرە هاوچەرخەکانیشم بەکارهێناوەو کردوومن بەگۆرانی، شیعری فۆلکۆر و مۆدێرنیشم بەهەمان شێوە بەکارهێناوە، هەموو ئەمانە بوونەتە هۆی ئەوەی بەپێچوونی من گەنج خۆی بتوانێ بەدوای بخات، دونیای هەنگاوانە بۆ پێشەوە، پێویستە هەموو گەنجێکی ئێمە بچێتە ناو کتێبخانە و بەدوای نالی و مەحوی و بابە تاهیر و گەورە شاعیراندا بگەڕێت و بخوێنێتەوە. لەڕێگای گۆرانییەکی منەوە کە وشەیەک تێناگات بگەڕێت بەدوای کتێبێکدا ئەو شتە بدۆزێتەوەو فێری بێت،واتە پێویستە هونەر بۆ کۆمەڵگا ببێتە مایەی فێربوون و پەروەردە. لەهەڵبژاردنی شیعری کلاسیکدا ئەوە ئامانجی منە ، بۆیە ناممەوێت هەموو ڕوونکردنەوەیەک بدەم.


کوردستان بۆ من جیاوازی نییە هەروەها سەبارەت بەو کۆنسێرتەی کە لەماوەی ڕابردوو لەشاری مەهاباد لەگەڵ گروپێکی ئەوێ ئەنجامیدا و لەسەر ئەو گرووپەی لەوێدا دروستبووە، عەدنان کەریم گوتی:

ڕاستە دوو مانگ پێش ئێستا کۆنسێرتێکم لەوێ ئەنجامدا ، ئەوەی بۆ من لەکوردستان دوورن، هونەرمەند عەدنان کەریم گوتی: هەرچی هونەرمەندی کورد هەیە کە لە دەرەوەی وڵاتن و دوورکەوتونەتەوە ،حەزدەکەم بێنەوە کوردستان و وڵاتی خۆیان، هونەرمەند قاچ و هێز و توانا و قورسایی خۆی لەوڵاتی خۆیدا هەیە.گەنجان پێویستیان بەوان هەیە. سەبارەت بەدوورکەوتنەوەی هونەرمەند زیاد ئەسعەدیش عەدنان کەریم گوتی : پەیامی من ئەوەیە هونەرمەند زیاد ئەسعەدیش بێتەوە کوردستان و وەک بوولبوولەکەی جاران بچریکێنێ.

دواین کاری هونەری

لەبارەی دواین کاری هونەریشیەوە وەک ئەلبووم گوتی: کاریکی تازەم بەدەستەوەیە یەک گۆرانییە، لە (42) خولەک پێک دێت ئێستاکە لەژێر کاری مۆنتاژدایە.

یەک هەناسە



ئیسماعیل بەرزنجی

هەمور دووشەمەیەک دەینووسێت

هەلەو ، ئەرێ بۆ ای موشەغیلی موەلیدە ، سرکێتەکەمان هەر دێتە خوارەوە ، عیلاجێکمان لێ بکە . ـ خوا خێرت بنوسێت کە بیرت خستمەوە ، برا ئەمن موشەغیلی موەلیدە نیم ، حەسەن تەقاویتم ، سرکێتی من هەر سووتاوە . ..... هەلەو ، سکرتێری دکتۆر(.....)ە . ـ بەڵی فەرموو . نەخۆشێکمان هەیە ، ئێوارە دەیهێنم ، زەحمەت نەبێت بیتاقەیەکمان بۆ ببڕە . ـ کاکە لێرە بە سڕەیە ، تا دوو مانگی دیکە بەرت ناکەوێت . ئاخر تا دوو مانگی دیکە ژنەکەم دەمرێت . ـ ئێ برا مردن کاری خوایە . ..... هەلەو ، سەلامون عەلەیکوم ، ئەرێ ئەتوو کورپەکەی ڕەشیدی؟ ـ عەلەیکوم و سەلام ، بەڵێ هەوم . ئەرێ بابت بۆ تەلەفۆنی داخراوە؟ ـ وەڵا قوربان لە عومرەیە ، خێرە چ ئیشێکت هەبوو . تخوا ئەوە ئیشە ، چوار مانگە سێ ملیۆن دیناری بە قەرز لێ وەرگرتووم . ـ ئێ ، با بەخێربێتەوە ، قەردار قەرداری نەخواردیە . ..... هەلەو ، ئەرێ تەلەفزیۆنی(.....)ە . ـ بەڵێ فەرموو : ئەرێ دوو کارتی نیشتیمانیم بزرکردووە ، بۆمان ئیعلان دەکەن . ـ بەڵی بەڵام دەبێت بێیتە ئێرە ، وەسڵی ببڕی . بەچەندی بۆم ئیعلان دەکەن ـ بیست هەزار دینار . ..... هەلەو ، ئەری سوپەرمارکێتی(.....)ە . ـ بەڵی فەرموو . کاکە ئەو مریشک و پەنیرەی دوێنێ بردم ، ماوەیان بەسەرچووە . ـ وەڵا برا ئەمن کارمەندم . ئەدی ژمارەی خاوەنەکەیم نادەیتێ . وەڵا لێرە نیە ، چووەتە تورکیا مریشک و پەنیری بێنی.

هۆڵندا... دوورگەی مارکن لە نێو دەریای خاووزەی دا شوێنێکی جیاواز



ئاشتی گەرمیانی.. هۆڵندا

مارکن ناسراوە بە (مارکیرس) تاکە ناوێکە کە بە گوندە دوورگەیەکی بچوکی وڵاتی هۆڵەندا ناسراوە، لە ساڵی ئەم دوورگەیە بەستراوەتەوە بە وڵاتەوە، دواتر یەکێک بوە لە شارەوانی وڵاتی ئاو لە نێو هەرێمی باکووری هۆڵەندا، تاوەکو ساڵی ١٩٩١ شارەوانییەکی سەربەخۆ بووە، بەڵام دواتر تێکەڵ کراوەتەوە بە هەرێمی باکووری هۆڵەندا، ئەم گوندە بە جێگەیەکی گەشتیاری و گوندی ماسییەکان ناسراوە وە نمونەی خانووەکانی هەمووی لە دار و پانێلی دار دروست کراوون ، بێگومان سالانە بە سەدان گەشتیار ڕووی تێ دەکەن و ئەم گوندە جوانیەکی تایبەتی داوە بە ووڵاتی هۆڵەندا بەتایبەتی وەکو دوورگەیەک دەبینرێت وە لە نێو ئەو دەریایەدا زۆر شوێنەواری کەلتووری و مێژووی و کەرەستە کۆنەکان دەبینرێن ، هەر لەو دوورگەدا بێجگە لە کلێسا کۆنەکەی چەندی جێگە کاری ماسی گرتن و کۆ کردنەوەی ماسی وەستاندنی کەشتی و بەلەمە بچووکەکان دەبینرێت ، بەڵام لە ئێستادا گرانترین جێگایە بۆ کڕینی خانوو و ئەوەندەی سەرقاڵی پێشوازین لە گەشتیارەکان کەمتر گرنگی بە ماسی گرتن دەدەن ، زۆربەی هێما کەلتووریەکانی لەم گوندە نمایش کراوە و گەشتیارەکان لەپاش سەردانیان پارچەیەک لەو کەلتووە دەکڕن و لەگەڵ خۆیاندا دەیبەنەوە ، مارکن سیماو وێنەیەکی هاوچەرخ و مۆدرن دەداتە ئەمڕۆی گەشتیاران چ لە دیزاین و چ لە سیمای ماڵەکان و پانکەهەوایە کارەبایەکان و مۆزەخانە مێژووی یەکەی و لەنگەری پاپۆڕو بەلەمەکان و هۆتێل و نمونەی پێلاوە جووتیارەکان ئەو هێمایەیە کەلە زۆر گوندی هۆڵەندادا ناسراوە وە بۆتە پەیکەر و لە باخچەکاندا دانراوە و پڕە لەگوڵ و گوڵزاری جوان

بۆ سەرەنج ڕاکێشانی گەشتیاران، ئەم دوورگەیە نمونەی کەمە بۆ وڵاتی گوڵ و بەهاریکی پڕ لە شێ چونکە لەهەرچوار لاوە دەورەی دراوە بە ئاو،و کەوتۆتە نێو دەریای خاووزەی یەوە.. مارکن لە مێژووی ماسی گرتنەوە بۆ مێژووی گەشتیاریەکی بەردەوام لەهەر چوار وەرزەکەدا.

کۆنفرانسی بارزان و جینۆساید

ئەمڕۆ کاتژمێر 9ی بەیانی لەپارکی سامی عەبدولڕەحمان هۆڵی کتێبخانە زەیتون، لەساڵیادی ئەنفالی بارزانییەکان و لەپێناو هەمیشە لەهزردا مانەوەی ئەو کارەساتەو تیشک خستنەسەر لایەنێک لەمێژووی پڕ قوربانیدانی بارزانی بۆ دۆزی ڕەوای نەتەوەی کورد، یەکێتی ئافرەتانی کوردستان- ئەنجوومەنی هەولێر بەهەماهەنگی لەگەڵ زانکۆی سترانفۆری ئەمەریکی هەولێر کۆنفرانسی (بارزان و جینۆساید) ساز دەکات.



دڵەڕاوکێ زیان بە دڵی خانمان دەگەێنێت

لە ڕاپۆرتێکی مالپەری فۆکس نیوز بابەتێکی زانستی بە ناونیشانی" ئیستریس یا دڵەڕاوکێ زیان بە دڵی خانمان دەگەێنێت "، بڵاو کراوەتەوە کە لە چەند بەشێکیدا هاتووە ،توێژەران رایانگەیاند کە ئیستریسی کار یانیش لە ئەنجام کارەکانی نێو ماڵ دەتوانێت خانمان توشی مەترسی جەڵتە یا نەخۆشی شەکرە، دڵ و باقی نەخۆشییە بۆ ماوەییەکانی بکاتەوە . لەو بارەیەوە دکتۆر ، جینا لاندبرگ، سەرپەرشتیاری ئەو تیمە توێژەرە لە زانکۆی ئیمووری وپسپۆری دڵی خانمان گووتی: ژنان پێوستە ئاگاداری تەندروستی خۆیان وخانەوادەکەیان بن . بە پێی ئەنجامی توێژینەوەکان ، ئەو ژنانەی کە لە شوێنی کارکردنیان ئیستریس یا دڵەڕاوکێیان هەیە ، بەڕێژەی 38لەسەدا تووشی نەخۆشییەکانی دڵ و خوێنبەرەکان دەبنەوە .لەهەمانکاتدا دڵەڕاوکێ لەکاتی ئەنجامدانی کاری مالەوە ڕووبەڕووی تووشبوون بە نەخۆشی شەکرەی جۆری دوویان دەکاتەوە . بەووتەی توێژەران، هۆکارگەلەکان بۆ تووشبوون بە دڵەڕاوکێ دەبنە هۆی هاندانی هۆرمونەکان لە نێو لەش زیادبوونی کێشی لەش و تووشبوون بە نەخۆشییەکانی دڵ.